# دەربار

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# دەربار

خوسرەو جاف

بەرگی یەکەم

ناوی کتێب: دەربار – بەرگی یەکەم
نووسینی: خوسرەو جاف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٥٣
نووسیاری – تحریر: فەخرەدین ئامێدیان
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# ١

ناوباویی تەموورەلێدانی سەی سەڵمان لە تەواوی ناوچەکانی داڵەهۆ و گاوارە و کرند و شائەباد و هەتاوەکو کرماشانیشدا دەنگی دابوویەوە. کە حاڵی لێ دەهات، بەدەنگە زەلاڵەکەی ویردی ئایینیی دەچڕی و سەروپرچی لێ ڕووت دەکرد و هاوڕای تەمووره لێدان سرنجی هەر بینەرێکی ڕادەکێشا.. چەندین جار لێپرسراوانی ڕادیۆی کرماشان ناردوویانە دوایدا تا دەنگ و تەمووره لێدانەکەی تۆمارکەن نەچووبووە ژێر و دەیوت: نەشیاوە کاری وا.. مەگەر من گۆرانی بێژم؟

با وەک دەستی دوعا و جادۆ دەوا و دەرمانیشی هەبوو، ژیانی سەخت و دژوار دەگوزەرا. ئەگەر نەزر و نزا و یارمەتیی خەڵک نەبوایە، نیازمەندی نانی شەو دەبوو. هەرکات بیزانیبا ئەمیر ئینتیزام لە کرماشانەوە گەڕاوەتەوە "کرند". خۆی دەگەیاندە کرند و یەک دوو ڕۆژێک بەلای ئەمیرەوە دەمایەوە تەموورەی بۆ فیردەوس خانمی ئەمیر لێدەدا و پول و پارە و زەخیرەی چەند مانگێکی پێ دەبەخشی. هەرکە پوول و پارەیەکی وەچەنگ کەوتبا خوری و ڕۆنی دەکڕی و دەیبرد بۆ شائاباد و کرماشان جگەرە و تووتن و بەرماخ و پێویستەکانی ناومالّی دەهێنا. سەید لە ئاڵووبلا بەختێکی وای نەبوو، جارەوبار دەستمایەکەشی وەدەست نەدەکەوتەوە، کە سابەتەکەی زۆرتر هەر بۆ ناوبانگ بوو تا سوود وەدەست هێنان. وەنەبێت تەقالای سوود وەرگرتنی نەکردبا، دەیکرد؛ بۆ خۆی دەیوت: چارەنووسە. من دەبێت وابم.

سەکۆی بەردەم دوکانەکەی ئێواران سمێڵ ناسمێڵ لێی دادەنیشتن و جگەرەی قامیشی موفت و خۆڕایی سەی سەڵمانیان دەکێشا. خواهەڵناگرێت ئەوی جگەرەکێشیش نەبوایە بەزۆر جگەرەیەکی بۆ فڕێ دەدا بەوە دەگەشایەوە جگەرەکێشەکان بکەوتنایەتە کۆکە و قفە کردن. مژێکی لە جگەرەکەی دەدا و نەرمە بزەیەک دەکەوتە سەر زاری و دەیوت: تەوەسە.. تەوەس! مەگەر گاڵتەس!

دێی کانی توو بەلاپاڵی یەکێک لە لووتکە بەرزەکانی چیای داڵەهۆوە بوو، لە چلەی هاوینیشدا شەوان هەردەبوا خۆیان داپۆشیبا. ئاشگێڕێکی ئاو لە کانی سەربنی دێوە دەردەچوو بەدوو لایدا خانووبەرەی کانی توو، قوت بووبوونەوە. سەرالێژی ئاوەکە و بەردەلانی ڕێڕەوەکەی چەندین تاڤگەی یەک دوو مەتریی پێک هێنابوو. خوڕەی ئاو مۆسیقایەکی هەمیشەگی دانیشتوانی کانی توو بوو. بەچوار دەوری دێدا درەختی گوێز و بەڕوو و سماق و هەناری سروشتی ڕوابوون. لە ئاوی کانییەکەی کانی توو چەندین جۆگەلەیان بەرەو باخەکان ڕاکێشا بوو، دوای ئاودانی باخەکان، دووبارە تێکەڵ دەبوونەوە و هەر بەو توند و تیژییە سەرەوخوار دەبوویەوە و دەڕژایە نێو ڕووباری ئەڵوەنەوە.

تەواوی ئەو باخانە قەدەغەی مەزاری "باوە یادگار" بوو. لەلایەن چەند دەروێشێکەوە سەرپەرشتی دەکرا ئەگەر نیاز بەکاری وشکە کەڵەک و بژار و ئاودێری بایە، خەڵکەکەی کانی توو مەردانە قۆڵیان لێ هەڵدەماڵی و تێکڕا دەست بەکار دەبوون.

دانیشتوانی دێی کانی توو لە سایەی گومەت و مەزاری باوەیادگاردا دەژیان. لە سەرتاسەری کوردستانەوە پەیڕەوانی ئەهلی

حــەق خــۆیان دەگــەیاندە مــەرقــەد و مــەزاری بـاوەیادگــار و یەک دوو هەفتەیەک دەمانەوە.

بێ ئەوەی لابەلای سەیدەوە بکا دەیوت:

– ها سەید! یەشتا مەنیتە؟ خۆ مەنیتە؟

هەرچی بوتایە بۆنی هەڕەشــەی لێ دەهات، درۆ و ڕاست شــتـێکی دەوت:

– دوێکە توولە سەگەکەت چیەسە ناو باخ لای مەرقەو میوە ڕنیەسەو ئەی گلە لەوەر خاتر تۆ دەنگ نیەکەم، وەباوە یادگار گلەی تر هەرچی سوقان دیرت شکنمەی.

ئیتر چاوەڕوانی وەڵامی سەید نەدەبوو یەخەی یەکێکی دی دەگرت.

سەید لە ترسا لە دوکان دەهاتە دەرەوە. باوەک دەیزانی زەینەددین دەستی لێ ناوەشێنێت هەر دەترسا و لە دڵا دەیوت:

– سەگی هارە. هارە و جێی متمانە نییە.

خــەڵکی دێ هوکــارەی جــەبر و زۆر و ڕەفــتــاری زەینەددین بوون، دەیانزانی بێ بەڵگە هەرئانو سات وەک فیشەکە شێتە ڕەنگە بتەقێتە کەسێکا و ئەوی خراپە بیکا. فێری خوو و خسڵەتی دڕندانەی بووبوون. لە ڕۆژێکدا سێ چوار جار ئەو بەزمەی پێ دەگێڕان؛ سا لەبەر ڕازیکردنی دەروونی نەخــۆش و بیـــمــاری خــۆی بێت یا بۆ مەبەستی جەبر و زۆر و چاو شکاندن. بەئەندازەی قامچی هێنانەوەی جنێویشی دەدا. ئەوی ڕەوشتی جوان و بوونی مرۆڤایەتی لێ بهاتبا لە زەینەددینا نەدەبینرا، تەنها دەمارگرژی بەرانبەر ئایین و بیر و ڕای تایفەگەری نەبووایە سفت و سەخت دژ بەهەر ناحەزێکی تایفە و

پەیڕەوانی ئەهلی حەق دەوەستا خەڵکە زۆرەکەشی هەر بەوە دڵخۆش بوون دەیانوت:

– لێی گەڕێ، بەس نییە لە خۆمانە.. گۆشتمان بخوات ئێسکمان ناشکێنێت. بڕێک لە خەڵکەکە وا تێ نەدەفکران. دەست بەداوێنی سەی سەڵمان بووبوون تا دوعا و نوشتەی بێزیانیی بکا تا زەینەددین لەبەرچاو ئەمیر ئینتیزام کەوێت و دووری خاتەوە. سەید زۆر لەو نوشتانەی نووسی و هیچی بەهیچ نەکرد.

دەروێش و پەیڕەوان، لە هاوینا لە ژێر دارتووەکەی بەردەمی مەزارا لێی پاڵ دەکەوتن.. سێوەری ئەو دارە زۆربەی زۆری حەوشی مەرقەد و دەوروبەری گرتوەتە خۆ، جگە لە نووکی تیژی مەزارەکە نەبێت لاسارانە لە تویەی چڵ و پەل و پۆی درەختەکە هاتووەتە دەرەوە، تەواوی گومەتەکەی داپۆشیوە و بەو بوڵەندییەوە دەنوارێتە دۆڵی ڕێژاودا. ئەستووریی قەدی ئەو دارتووە سێ باوشە زەلام دەبێت. دەڵێن کاتێک نادر شای ئەفشار لە لەشکرکێشییەکەیدا بۆ سەر عیراق کە لەگەڵ ڕۆمەکاندا بەشەڕهات، هاتووەتە زیارەتی باوەیادگار و لەژێر ئەو دارەدا حەساوەتەوە. خەڵکەکە بەرەکەی وەک دەوا و دەرمان و میوەیەکی پیرۆز وشک دەکەنەوە و دەست بەدەست دەکرێت.

ماڵەکانی دێی کانی توو، دەر و کەلەبەریان بۆ میوانان ئاواڵە کردووەتەوە، ئەوی لە دەستیان بێت بۆ حەسانەوەی زیارەتکەران درێغی ناکەن لە خزمەت و خواردن و خەوتن و پێویستەکان بێت بەگوێرەی توانا دەیخەنە بەردەست، بەتایبەت لە هاوینا ژمارەی زیارەتکەر و هاتوچۆکەرانی مەزاری باوەیادگار بەگوێرەی دێی کانی توو و جێگە و شوێنەکە لە ئەندازە بەدەرە، ئەگەرچی زۆربەی

زیارەتکەران بەبنە و بارگەوە ڕوو لە مەزار دەکەن، خەڵکی کانی توو لە مێژەوە دەیانزانی چۆن چۆنی سوود لەو کۆمەڵ و عەشاماتە وەرگرن. جگە لە دەروێشــە ڕووتەکــان نەبێت، زیارەتکەران دوای چەند ڕۆژێک دەگەڕانەوە. خەڵکی دێ لە یارمەتیی دەروێشەکانا درێخییان نەدەکرد. لە زستانا زۆریان لێ دەمرد ئاسمان لێفەیان بوو زەوییش دۆشەک. دەروێشەکان کە لە زستانا گلیان دەخواردەوە، دەیانزانی پەنجە لەگەڵ دێوی برســیــیــەتی و ســەرمــادا نەرم دەکــەن ئەو دەرد و ئازارەیان بەســتــایش و عــیــبــادەت دەزانی. زەینەددین هەمــوو ڕۆژێک بەخــۆی و قامچییە ڕەشەکەی دەستیەوە یەک دووجار سەر و خواری دێی دەکرد، یەک دوو زەلامــیــشی دەخــســتــە دوای خــۆی.. ڕۆســەم زاغــیــشی بەهێسترەکەیەوە هات و چووی دەکرد، هەم زەینەددین و هەم ڕۆسەم بۆ خــۆپیــشــاندان دەهاتن و دەچوون. زەینەددین بۆ چاوشکان و تۆقیانی خــەڵک، ڕۆسەمیش بۆ نواندنی هیسترەکەی و کورتان و زەنگوڵە و ڕەشمە و گوڵەنگی دوولای کورتان و بەرەکی هێسترەکەی.

ڕۆسەم جۆرێک هێسترەکەی ڕازاندبووەوە بووبوو بەتەماشای دێ و دەوروبەریش باسی زەنگوڵە و قــایش و قــروش و بەرملەی فــازفــازی شۆڕەوە بووی سەردەستی هێسترەکە و مورگە کەرانەی بەرملەکەی ناوی دابووەوە. کاتێک لەناو دێدا سواری دەبوو پیرە هێستریش پەی بەپلە و پایەی خۆی بردبوو بەفیزەوە پەلی دەکوتا و چالاک و سەرحاڵ ســەروملی ڕادەوەشــاند. هەر جــووڵانەوەیەکی کــردبا ڕۆســەم تێی دەگەیشت و جارەوبار قسەی لەگەڵ دەکرد و دەیوت: کوڕە ئێوە زۆر گەوجن من و هێسترەکەم بەچاکی لە قسەی یەکتری دەگەین، هەم ئەو خوو و خسڵەتی من دەناسێت هەم من هی ئەو: باوەڕ بکەن حەیفە.. پێی دەڵێن هێستر.. ڕەخشە! ڕەخش!

خەڵکی دێ ئەگەر بیانویستایە ڕۆسەم تووڕە و ئاڵوزکەن دەکەوتنە پلار و ناتۆر و جنێودان بەهێسترەکەی. لە وەڵامیاندا دەیوت: بڕۆن دەمتان بشۆرن.. ئەمە هێستری منە، لە باو باپیرتان پیاوترە.

لە شێنەییدا کەم و زۆر خەڵکی دێ هێسترەکەیان بەڕەخش ناو دەبرد.

زەینەددین بۆ چاوشکاندنی خەڵکی دێ جارەوبار ڕۆسەمی لەسەر هێسترەکە دادەگرت و هەم هێستر و هەم ڕۆسەمی دەدایە بەر قامچی و دەیوت:

– ڕیامە گۆڕ باوک خۆت و ڕەخشتا ناسکەم ڕەخش..!

خەڵکی دێ دەکۆشان لە کاتی پیاسەی زەینەددینا وەبەرچاو نەکەون ئەگەر لە پڕ تووشیان بەتووشی کەوتبا لاتەرازکەیان دەبەست و خۆیان بەکۆلانێکدا دەکرد، جارجارێک بەلای دوکانەکەی سەی سەلمانا ڕادەوەستا و قامچییەکەی چەندین جار دەیماڵییە سەر ڕانیدا و بەرێزلێگرتن لە قەڵەم و تەماحگیری لێ بوون لە تاوان و گوناحەکانیان دەیوت:

باخەکانی دەوروبەری مەرقەد لە پاییزدا دەرزی هەڵدەی بەزەوی ناکەوێ لەهەر چوار لاوە بۆی دێن. خەڵک و خوای غەیرە تایفەشی بۆ دەڕوا بەتایبەت لە ڕۆژانی هەینیدا دەنگی دەف و تەمووره و تار و ویردخوێن و گۆرانی بێژان تێکەڵاو دەبێت. شاڵ پۆشەکانی دەوروبەری مەزار بەکەشکۆڵ و تەورزینەوە خۆیان دەگەیاندە باخە چڕەکانی ڕێژاو و "جامە سروود"یان لە ناو سەیرانکەرانا دەخوێندەوە.

لەو ڕۆژانەدا سەی سەڵمان دەستی لە دوکانداری هەڵدەگرت و لە بن سێوەری دیواری مەزارا لەبادەیەکی ڕادەخست و ڕەحمانی کوڕیشی

لە بندەستدا تەمورەی لێدەدا و جامە سروودی دەخوێندەوە و خەڵکەکەش بەدەوریا کۆڕیان دەبەست.

سەی سەلمان تا گەرم نەبوایە تەموورەی لە ئامێز نەدەگرد. هەرکە بیزانیبا خەڵکێکی زۆری لێ کۆبووەتەوە لەسەر خۆ و ژمێراو چەند شیعرێکی بەپلە و پایە و توانای "سوڵتان ئیسحاق"دا دەخوێندەوە، ئەو حەلە سەری لێ ڕووت دەکرد و پرچی لێ بەردەدایەوە و نەوای تەموورە و دەنگی سەید ئاسمانی پڕ دەکرد. دەنگخۆشی لە بنەماڵەکەیاندا بەڕەگەز لە باو باپیرەیەوە بۆی مابوویەوە، مستەفای برازاشی چاک تەموورەی لێدەدا و لە ڕەحمانی کوڕی دەنگ خۆشتر بوو..

سەی مەجیدی برای نیشتەجێی شاری سەحنە بوو. وەستاکاری سەختمان بوو. هاوین و زستان دەستی لە گەچ و قوڕ و بەرد بوو و کەرپووچی لەسەر یەک دادەنا، لەپ و دەست و پەنجەکانی شەقاڕ شەقاڕ بوو بوو، بەتەمەن چەند ساڵێک لە سەی سەلمان بچووکتر بوو، ئەو ئەوەندە پابەندی ڕەسم و ڕەواڵی ئایین و تایفەگەری نەدەبوو. جار جار دەیخواردەوە. گەلێک تاسووی عەرەقی خورمای عێراقی دەکرد. پەیوەستە لە کەس و کار و خزمانی دەلاڵکایەوە لە ڕێگەی قاچاخچییەکانەوە چەند قاپێک عەرەقی لە خانەقینەوە بۆ بهێنن. هەرکە وەچنگی کەوتبا ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی خوێ دەگەیاندە باخەکانی تاقەوسانی کرماشان. بەفیز و ئەداوە قاپەکەی لە نێوان هاواڵەکانیدا دادەنا و دەیوت:

– شیری شێرە.. دێو دوێنە.. پیاو بەزێنە..

بەو چەشنە دەستیان پێ دەکرد. ئەگەر لێیان نەبوایەتە مشت و مڕ و بیگرە و بەردە، دواشەو خۆیان دەگەیاندە "چاڵەمەیدان" نێو شار،

دوابەشی شەویان بەلای پەری بوڵەندە و حورمەت خانمەوە دەبردە سەر..

سەی مەجید زەحمەتکێش بوو. پوول و پارەی بەعەرەقی ناوچەوان وەدەر دەهێنا هەرچیشی وەدەست کەوتابا بەخانم بازی و عەرەق خۆری و ئەڵواتییەوە سەرف دەکرد. ئەوەندە نوقمی ڕابواردن و خۆش گوزەرانی خۆی بوو مستەفای کوڕی تووشی نەخۆشیی گرانەتا هات نەیپرژایە سەر بردنی لای پزیشک و دەوا و دەرمان. لە لێوی گۆڕ گەڕایەوە و بەزەرد و زەعیفییەوە دەخەزار ژیانی دەبردە سەر، کاتێک بەگلەییەوە باسی باوکی دەکرد و دەیوت:

– بەڕەحمەتی ئێزەدان بێت دەخەزاری من، هی بێ بەند و باری باوکمە.

سەی مەجید سەری مەزار و دێی کانی تووی دەدا بەچاوساقانی تایفە لە مێژەوە کەوتبوونە کەڵەکەڵە و جم و جۆڵ و تەقالای نوێ سازی مەزاری باوە یادگار، دەیانەویست چەند ژوورێک بۆ دەروێشەکانی دەوروبەری مەزار دروست بکەن. لێژنەیەکیان پێکهێنابوو، کوێخا ئەڵماس و سەی یاقوو و سەی سەڵمان و سەی ڕوکنەددین و ڕۆسەم زاغی تیا بەشداربوون. لێژنەکە لەلایەن سەرکار و مواشیری زەویوزارەکانی ئەمیر ئینتیزامدا دەچوو بەڕێوە. زەینەددین نەک هەر ئەو لێژنەیە بەڵکو تەواوی دۆڵ و دەربەندی ڕێژاوی بەدەستەوە بوو، هیچ کاروکردەویەک نەدەکرا بێ پرس و سەرپەرشتی ئەو. خەڵکەکە دەیانزانی ئەمیر دوو سێ کوڕی هەیە و سبەی نا دووسبەی یەکێک لەو کوڕانەی فەرمان و جڵەوی کاروباری باوکی بەدەستەوە دەگرێت و زەینەددینیش بێکار و ترۆ دەکرێت؛ بەو هیواوە ئەمرۆیان دەدایە دەم سبەینێوە.

ئەمیر بیتوانیبا تەواوی کات و ساتی لە "کرند"دا دەبردە سەر، لە هەر هەل و مەرجێکدا دەکەوتە باسی پاکی و خاوێنیی ئاو و هەوای کرند، دۆڵ و دەربەندەکانی چیای داڵەهۆ، جارەوبار ڕوو بەکوڕەکانی دەیوت:

– گەوجینە! کرند و داڵەهۆ مەزاری ڕوح و ڕەوانە، حەیفە لەگەڵ نەکو تارانا بەڵکو سویسرایشدا بەرئاورد کرێت.. ئێوە نەفامن، مەگەر نا؟

کەس لە کوڕەکانی وەڵامی نەدەدایەوە تەنها عالەمتاجی کچی نەبێت دەیوت: ئەوی جەنابت دەیفەرمووی وایە.

– ئێوە گەوجن.. گەوجن.. دوایی بۆتان دەردەکەوێ.

جاروبار فەلامەرزی کوڕی ناوەندی دەهاتە قسە و دەیوت:

– قوربان! جەنابت لەو ناوچەدا هاتیتەتە دونیاوە و پەروەردە بوویت، چون تێفکریەی بەرانبەری مافی ڕەوای خۆتە.

– یانی دەتەوێ بڵێی جەنابی ناموبارەکت تافتەی زەربافتەی توو ئەو دۆڵ و دەربەندە شیاوی جەنابتانی نییە، ها؟

– نەخێر قوربان! حاشا مەبەستم لەوەی نییە، ئێمە هەریەکەمان لە بیمارستانی شارێکدا لەدایک بووینە و تەواوی ژیانمان لە شار و شەقامی شار و شەو و ڕۆژی شارا بردووەتە سەر، ڕەنگە وەک جەنابت چێژ لەو دێ و ئەو بنارانە وەرنەگرین.

– کوڕم ئێوە لە وردەکارییەوە دوورن.. ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ دەبێت، لە بیرتان نەچێت ئێمە کوردین و ئیلاتی. بۆ و پەیوەندمان لەگەڵ ئەو جێگە و شوێنەدایە.. ناکرێت وا لێی بێگانە بن.. خۆ ناڵێم هەستن و بڕۆن نیشتەجێی بن.. بەڵام هەر نەبێت ساڵی

جارێک دووان خۆ دەبێت چەن ڕۆژێک تیادا بمێننەوە تا بزانن باو و باپیرانتان چۆن ژیاون و خاوەنی چین؟ گیرم سبەی مردم کە دەمرم، پێم وا نییە دایکتان دەرەقەتی ئەو هەموو کاروبار و گرفتارییە بێت. مواشیرەکانم دز و دەخەڵ و نابابن و جێگەی هیچ جۆرە متمانەیەک نین و مەمکی دایکیان دەگەزن و حەرامزادەن، ئێوەش بەم شێوە.. ئنجا ئەمیر لەپی بەیەکدا دەکوتا و سوور دەبوویەوە و دەیقیڕاند:

– وەچاخم کوێرە.. زۆر نییە؟ سەیرکەن، خوا ئەم هەموو دارایییەی پێداوم، کوڕ نەبێت. خەڵکینە! هەی هاوار! ئەمیر ئینتیزامی وەجاخی کوێرە سەد خۆزگە ئاڵەمتاج کوڕ بوایە.. ئاخ چی بکەم لەدەست ئەم خوێڕییانە.

ئالەمتاج دەنگی نەدەکرد تا باوکی دادەمردەوە، ئەو حەلە لەسەر خۆ دەیوت:

– باوەگیان! یەکجار واش نییە.. خوا تۆمان بۆ بهێڵێت ئینشاڵڵا سەد ساڵ عومر دەکەی... بەگیانە شرینەکەت قەسەم! من بەم کچێنیی خۆم تەواوی دارونەدارت دەبەم بەڕێگەوە.. چییە مەگەر؟

– ئەشهەدو تۆ لە کوڕەکانم پیاوتری.. بەغیرەتتری.. بەڵام تۆ میوانی، سبەی شوو دەکەیت دەڕۆی بەڕێگەتەوە..

– نەخێر باوەگیان! ڕێگەی من کرند و ڕێژاو و داڵەهۆیە.

– کچم ئەمانەی دەیڵێی قسەیە و قسەش ناڕواتە گیرفانەوە. فەلامەرز مات و بێدەنگ دەینواڕییە پەل و پۆی درەختەکانا لەودیوی پەنجەرەکەوە دەلەرزینەوە.. بێ ئەوەی ڕوو بەلای باوکییەوە بکا لە ژێر لێوەوە وتی:

– ئەشهەدو نە ڕێگەی ئالەمتاج کرند و ڕێژاو و داڵەهۆیە نە قسەش

دەڕواتە گیرفانەوە. بۆچی من دووسێ هەفتە لەو بنارەدا نەبووم؟

ئەمیر هەستایە سەرپا و بەدەست ڕاوەشانەوە ڕوو بەفەلامەرزی کوڕی:

هەتیوی خوێڕی گاڵتەمان پێ دەکەی؟

– حاشا! قوربان! حاشا! بتەوێ سبەی دەگەڕێمەوە کرند و ڕێژاو؟ بەڵام دونیاکە جورێکی تر دەخوێنێت، ئەوسا شا بەو ملهوڕی و پشت قایمییەوە. خەریکی ئەنجامدانی یاسای دابەشکردنی زەویوزارە لە سەرتاسەری ئێرانا، بەتەمایە یاسای ئاغا و ڕەعیەتی لابا و ڕیشەکەن بکا...

– ترحێو لە تۆ و ترحێویش لە شا. ئەوەی ئەو دەیەوێت بیکا مەحاڵە.. خەیاڵە.. مەگەر هەرکەس بۆ خۆیەتی؟ یاسایەکی وای هەزار ساڵە بەفەرمانێکی ترن و درۆیینە بەم ئاسانییە لەناو ناچێت.. بۆ خۆیشی دەزانێت هەم درۆ لەگەڵ خەڵکدا دەکا هەم خۆی. مەگەر ئەکرێت هەروا دارایی خەڵکی هەڵلووشن؟ نە ئایین و نەشەریعەت و نە یاسا و نە وژدانیش بەوە ڕەزامەند نابێت.

کوڕم! ئەمانە قسەیە، ئەوسا برێک لە پیاوە ئایینییەکان لەو ڕووەوە تۆماریان بڵاو کردووەتەوە، ئاغای بەختیار نامەیەکی دوور و درێژی بۆ نووسیوم.

– قوربان! دەتوانم بپرسم ئەو بەختیارەی دەیفەرموویت کێیە و کوێنەرییە؟

– هەمان بەختیار پوورزای سورەیا کۆنە شاژن و دامەزرێنەری ساواک و ئێستاش لە عێراقدایە و خەریکی ڕێکوپێک کردنی خەڵکی ئێرانە. هاکات زانی لە قۆڵێکەوە دەستی پێ کرد.

– جـا قـوربان کـێ دەڵێت ئەو نـامـەیـەی پێش ئەوەی بگاتە دەسـتـی جەنابت نیشانی ساواک نەدراوە.

– مەگەر ساواک جادووگەرە هەموو شت بزانێت. ئەم بەردە یەکجار قورسە بەشا و تاقمەکەی نە دەجوڵێت و نە تووڕیش دەدرێت.

– خوا بکا وا بێت!

– تۆیش قـسـەی دەم ڕووتەکـانی ناو زانکۆ دووبارە دەکـەیتـەوە هەتیو.. بزانە ئەوانەی لە زانکۆدان کۆمەنیستن، کۆمەنیست.

– قـوربان گـیـان! ئەوانەی دەیفـەرمـووی سـەرسـەرم؛ بەڵام هەنگاوەکانی شا گەوجانە نییە و جوان فێر کراوە و دەزانێت چۆن سەما دەکا. پێیان سەلماندووە یاسای دەربەگایەتی نیشانەی زۆر و زەوتە، ئەمـڕۆ بێت یا سـبـەی هەر دەبێت ڕیشـەکـەن کـرێت، جـا بۆ نەیکاتە دەستەگوڵی خۆی.

– دە سەیر.. دەڵێم مێشکێان شەڵەقاندووە. ئەم قسانە هی ئەو بێ باوک و داکیانەیە وا زانکۆیان کردووەتە دوکان.

– ئاغا گیان! من باسی بێ باری حەرامزادەگی شا دەکەم.

– هەستە.. تا سەر و گوێلاکتم نەشکاندووە بڕۆ دەرەوە.

فەلامەرز بێ ورتە و بێ دەنگ بەرەو دەرگا ملی نا.. لە دڵەوە دەیوت:

– باوکم کە لە سەرماڵی دەڕوات.. ئەوە چەندی بەچەندە..

فەلامەرز لە ساڵی پایانی کولێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تارانا بوو؛ وەک ڕۆشنبیرێکی ئەو دەمە تێدەفکرا. دوور بوو لە کش و فشی ئرستوگراتی و فیشاڵ و خۆ بەزلزانی چینایەتی، هەستی بەژان و گریانی خەڵکە زۆرەکە دەکرد و لە کۆڕ و کۆمەڵی قوتابیانا بەشدار

دەبوو زۆر لە ڕووداوەکانی بەوردەکارییەوە هەڵدەسەنگاند پەیوەستە لەگەڵ برادەرانیدا لە گفتوگۆدا بوو. یەکێک لە برادەرانی هەمیشە دەیوت:

- ئەم وڵاتە بەسەر شاخی شەیتانەوەیە.

فەلامەرز وەڵامی دەدایەوە:

- بۆ شاخی شەیتان بێت و هی گا نەبێت، مەگەر ناڵێن ئەم زەوییە بەسەر شانی حەوت گیانلەبەرەوەیە..

- با..

- شەیتانی تیادا نییە.

- لە سەری مەرِۆ گا بێت یا شەیتان ئەم ترەکەڵەکە سەر ناگرێت.

ئالەمتاج لە پڕ وتی: کێ لەوێیە؟

- ئا دەی کەمێک ئاو بهێنن.

زۆری نەخایاند بەسەر سینییەکی ڕەنگ زێڕینەوە لیوانێکی کریستاڵی بویمی پڕ لە ئاویان هێنا. ئالەم لیوانی ئاوی بەرانبەر باوکی گرت و وتی:

- قوربان تۆزێکی لێ خۆرەوە با دامرکێیتەوە.

ئەمیر یەک دوو مژی لە ئاو دا ویستی قسە بکا ئاو پەڕییە قوڕگی.. بەدەم کۆکەوە وتی:

- قسەی قۆڕی ئەم هەتیوە دەمکوژێت. بڵێ خوێڕی چیت کەمە؟ دەتەوێ چی بسەلمێنیت؟ ئەوانەی ئەم قسە پڕوپووچانە دەکەن دەیانەوێت بوون بەتۆ. تۆ دەتەوێ بوی بە کێ؟ چاوتان لێیە چۆن تەوشی لە ڕیشووی باوباپیرانی دەدا؟

– ئاغا گیان! فەلامەرز هەر وا بووە. گەنجە و خوێن گەرم.

ئەفشینی کوڕە گەورە تا ئەو دەمە بێدەنگ بوو، بڕێک گێلی لە ڕوخساریدا بنی نابوویەوە کەم قسەی دەکرد، زۆر بەخۆیەوە خەریک دەبوو. ڕۆژی دووجار خۆی دەشۆرد، هەمیشە بریقەی لێوە دەهات؛ لە ژێر لێوەوە وتی:

– حەزم لێ هەیە بڕۆم بۆ کرند و ڕێژاو، حەیف حەمامی چاکی تیادا نییە. هەتا وەکو هی ماڵەکەی "کرندی"یشمان نیاز بەرئاورد ناکا و ئەوە نییە من خۆمی تیا بشۆم.

ئەمیر ئاوڕێکی لابەلای ئاڵۆزانەی لە ئەفشین دایەوە، دیار بوو لە دەروونیدا دەیوت: ئەوە ئەویان.. بەتەمایە ئەم وڵاتە ژێر و ڕۆ کرێت و دووبارە بەپێی بیروڕای منداڵە وردکەی زانکۆکان بنیات نرێتەوە. ترحێو ئا لەم کوڕانە خوا داویە بە من.

ئالەمتاج هەروا دەینواڕییە باوکی، لە پڕ وتی:

– ئاغا چیت فەرموو؟

هیچ.. بۆخۆم وڕێنە دەکەم. لە دەست ئەم کوڕە پڕو پووچانەم خەریکم دەتەقم.. گوێت لە ئەفشینی برات بوو چی فەرموو؟ دەنواڕی، پێی وایە تەواوی خەڵک بۆگەنیان کردووە ئەو نەبێت. دیوتە کوڕ تەواوی کات و ساتی لەناو "بانیۆ"ی حەمامدا بەسەربات و ڕۆژی سێ جار خۆی بشۆریت. لە پڕ ڕوو بە ئەفشین قیڕاندی:

– هەستە تۆیش بڕۆ دەرەوە بەدیومن.

بێدەنگییەکی سامناک سەرتاسەری ژوورەکەی داپۆشی، ئالەمتاج ئەوەندەی تر ماتەمیی دایگرت بەوردی ژوورەکەی خستە ژێر زەڕەبینی ڕوانینییەوە ڕوانگەی بەهیواشی بەچەپ و ڕاستدا دەچەرخاند..

لاله ڕەنگاوڕەنگەکانی سەر کووره مەڕمەڕینەکە، سمێڵ تا سمێڵ وێنەی نەسرەددین شا و پیاو ماقووڵانی دەرباری قاجاری و سەفەوی. تا ئەو حەله بیری له درێژیی سمێڵی نەسرەددین شا نەکردبوویەوه.. ئەوه بۆ وایه؟ خۆ تایفه نەبووه؟

ئینجا ورده ورده چاوخشانەکەی برده سەر پەردەی مەخمەڵی سەر پەنجەرەکان و سەعاتی سەر دیوارەکە.. له پڕ پەلەوەرێک لەناو سەعاتەکه سەری وەدەرهێنا.. کۆ.. کۆ.. کۆ.. دووباره خۆی کێشایه ناوه. ئالەم نەختەکێک کەمەی کانابەکەی وەشارد و تۆزەکێک ڕاچەڵەکی و هاتەوه سەرخۆی و لەگەڵ خۆیدا وتی:

– ئەم باوکەم خراو وەگیرهاتووه، هەر نەبێت خۆی پێی وایه دەردەکەی بێ دەرمانه.

به نەرمی درا له دەرگای دیوەخان. دیوەخان دوو دەرگای بەسەرەوه بوو، دەرگای سەرەکی بەرەو ڕاڕەو و بالکۆنی دەرەوه و دەرگایەکی دیشی بەرەو ناوی ساختمان دەینواڕی. له پشتی دیوەخانەوه هۆڵێکی چوارسووچەی گوڵتەدار چوار گوڵنەی مەڕمەڕین له چوار لادا دەبینرا، زەرافەتێکی بەخشیبووه هۆڵەکه بەتایبەت پلەی نێوان دوگوڵتەکه له بەرزه زەلامێکدا دەبووه دوو بەش و به چەپ و ڕاستدا دەڕۆیشتنه سەرەوه.

خانووەکەی ئەمیر ئینتیزامی، به نگینی شەقامی پەهلەوی شاری کرماشان دەژمێردرا و له دەرەوه دەدرەوشایەوه؛ تێکەڵییەک بوو له شێوەی میعماریی سەردەمی سەفەوی و قاجاری. ئاسەف خانی باپیری ئەمیر له سەردەمی موزەفەرەدینی شای قاجاردا وەستای له ئەسفەهانەوه هێنابوو بۆ دروستکردنی.

ئالەم بەدەرگا لێدانا ئاوڕی دایەوه لای دەرگای ئەندەرونا مورادئەلی

پیاویان تەواوی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ڕۆژی پێشووی خستبووە سەر سینییەک و خستییە بەر دەستی ئەمیر.

ڕۆژنامەکانی تاران بەڕۆژی دواییدا دەگەیشتە کرماشان. ئەمیر لەم دوا دوایەدا خووی دابووە ڕۆژنامە خوێندنەوە کە نواڕی تەواوی مانشێتی ڕۆژنامەکان هەواڵی پێکهاتن و دامەزراندنی حیزبێکی تازەیان بەناوی "ئێران نوین" بڵاوکردووەتەوە بەلێدەری "هویدا"ی سەرەک وەزیران و سەرجەم تەواوی بەندەکانی کودەتای سپی شایان کردبووە ئارم و دروشمی حزبەکە. ئەمیر هەروای کرد و ڕۆژنامەکانی تووڕدایە ئەو لاوە، بەتووڕەبوونەوە وتی:

– خۆمە ئەم قوزاق زادەی نانەجیبە خەریکە دەیکاتە ڕاست و دەمانڕووتێنێتەوە. بڵێ نامەرد بۆ چ گەنوگووی خۆت بەئێمە دەشۆریتەوە؟ کڵاوی وا بەسەر هەمووان گەورەیە و کەست پێناخەڵەتێت.

ئالەم هەروا دەینواڕییە سووربوونەوەی باوکیدا و دەیویست هەرچۆنێک بووە ئارامی بکاتەوە. ئەمیر لەوانەبوو ڕۆژ بەڕۆژ بڕێک شتی تازەی دەبیست و وەبەرچاو دەکەوت تەواوی ئەوانە دەبوونە هۆی تووڕەبوون و دەروونی پڕ دەبوو لە گڕ و گڵپەی بڵێسەدار. دەیزانی شا دەیەوێت کڵاو کڵاوێک ئەنجام دا، بەڵام لەم دوا دوایەدا بۆی دەرکەوتبوو شا دەیەوێت ئەو ئەوێ وێنەی ئەو لە قورە ڕەشەی چوارزەوەریان ناو هەرچییان هەیە بەچەپاو تالانی دا. زۆرتر لەوە ناڕەحەت بوو دەیزانی هیچی پێ ناکریت جگە لە خەفەت خواردن و لێو کرۆژاندن نەبێت.

– ئاغا! هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕە زۆر ناخایەنێت تووشی سەکتە دەبیت. ئاخر قوربان خۆ جارێک هیچ نەبووە. هاتو وا بوویش خۆ

دونیا بەئاخر ناگات.. ماڵی دونیا ئەوە ناهێنێت ئینسان خۆی بۆ بفەوتێنێت. هێندەمان هەیە تا سەد ساڵی دی بەشمان دەکا.

- کچم تۆ نازانیت. من غەمی پوول و پارە ناخۆم. ئێمە ڕێز و حورمەت و نرخمان بەزەوییەکانمانەوەیە. سبەی لە دەستمانیان وەدەرهێنا ترۆ دەبین، کەس سەلاومان لێ ناکا. تۆ وەک من ئەم خەڵکە سپڵە و دووڕوو و درۆزنە ناناسیت. ئەوەسا یەشتا هیچ نەبووە مواشیرەکانم دەڵێن خەڵکەکە خێسەمان لێ دەکەن و گوێ قولاخ بوونەتەوە و شا شایان دەست پێکردووە، وەک وابێت شا بووبێتە خەلیفەی "لینین" و ئێمە مانانیش بنەماڵەی ڕومانۆف. من زۆرتر ئەوە گرێی تێ بەرداوم باوکە قورمساغەکەی هەرچی زەوی و باخی چاکی ئێران هەیە وەک ئەژدیها هەڵیلووشی؛ ئێمەش سەدان ساڵە قەواڵەی ئەم زەویوزارانەمان لە باپیرانمانەوە بۆ ماوەتەوە.

دووبارە درا لە دەرگا ئەمجارەیان تەلیفۆنێک لەناو سەبەتەکی بەساتان نەخشاو کلکی وایەری پێوە شۆڕ بووبویەوە. مورادئەلی دەسکەکەی دا بەدەست ئەمیرەوە و وتی:

- قوربان! ئەمیر ئەقدەمی کولیاییە:

ئەمیر دەستەی تەلیفۆنەکەی لێ وەرگرت و مورادئەلیش وەک ئەبولهەول ڕاوەستا و چاویشی نەدەپرتاند. گفتوگۆکەی هەردوو ئەمیر درێژەی کێشا.. تەواوی باسەکەیان دەربارەی فەرامینە تازەکانی شا بوو بەناوی کودەتای سپی وایان بڕیار دا پێکەوە بەرەو تاران بڕۆن تا بزانن دونیا بەرەو کوێ دەڕوات و ئەم هەویرە چەند فەتیرەی تیادا دەبێت و شا گاڵتە بەخەڵک دەکا. یا بەخۆیشی..

# ٢

- پێم وایە هەموومان ڕاپۆرتی پێسپێراومان ئامادە کردووە.

ئێرەج بۆ ئەوەی سەیری هاواڵەکانی بکا بەچەند کاغەزێکی بەر دەستییەوە خەریک بوو.. ئەوانی دی هەریەکە چەند لاپەڕەیەکیان لە گیرفانیان وەدەر هێنا و چاوەڕوانی سەر هەڵبڕینی ئێرەجیان دەکرد.

پێنج کەس لە ژوورێکدا کۆبووبوونەوە لە خانوویەکی گەڕەکی شەمس ئابادی شاری تارانا جگە لە فەلامەرز و یاسەمین کە قوتابی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران بوون، ئەوانی دی لە کۆلێژی مافدا بەردەوام بوون.

ئێرەج سەری هەڵبڕی و چاوێکی بەسەر دانیشتوانا چەرخاند و وتی:

- لە کوێیەوە دەست پێ بکەین؟ ئینجا هەردوو لەپی بەیەکدا هەسوی و وتی:

- ناکرێت هیندە بێ زەوق بین، هەمیشە خانمگەل لە پێشەوەن.. جا با گوێ لە یاسەمین خانم بگرین بزانین چی بۆ ئامادە کردووین. موافقن؟

بە دەم بەڵێوە هەر یەکە لە جێگەی خۆیەوە چەشنی دانیشتنەکەی گۆڕی و ڕوویان کردە یاسەمین.

یاسەمین ناچار نەبوایە چاوێلکەی لە چاو نەدەکرد، بۆ ئەوەی بێ

هەڵە و بەوردی ڕاپۆرتەکەی بخوێنێتەوە چاوێلکە زەڕەبینییەکەی لەچاو کرد. لەو دیوی زەڕەبینەکانەوە مەستی و بریسکەی برژانگ و گلێنە کەوتنە بزیسکەدان و وردە وردەش نەرمە ئاونگ کەوتە سەر تۆڵ و لالووتیەوە بەتیشکی گلۆپەکەدا دەبریسکانەوە نەختەکێک ترس و شەرم لە دەنگیدا بنی نابوویەوە.. لە خوێندنەوەدا پەلەی دەکرد و هەناسەی سوار بوو بوو.. تادەبوو ئاشوفتەگی دەروونی ئارامتر دەبوویەوە و تۆنی دەنگی ڕەساتر دەهاتە گوێ.. کە جارەوبار وردە ئاوڕی توند و تیژ و کتوپڕانەی لە ڕوخساری هاوالانی دەدا و ڕەزایەتمەندیی بۆ دەردەکەوت متمانە و باوەڕ بەخۆبوون زۆرتر لە دەنگیا دەبیسرا.

یاسەمین کچی یەکێک لە خۆشنووسەکانی شاری ئەسفەهان بوو، لە خێزانێکدا هاتبووە دونیاوە و چاوی هەڵهێنابوو پەروەردەی نێو دەر و دیوارێکی ڕەنگاوڕەنگ و وردەکاریی خەت و ختوتی جۆراوجۆر و نووسراوی پڕ لە ڕەنگ ئامێزی سەر کاغەز و شووشە و چەرم و تەختە و هەتاوەکو برۆنز و مس و زیویش. باوکی لە هونەری خەت نووسینا بەمامۆستایەکی دیاری دەناسرا. باپیری لە شاری خوڕڕەم ئابادەوە چووبووە ئەسفەهان. تا ژیا، لوڕانە ژیا و هیچ ئاداب و نەریتی لوڕ و لوڕستانی تەرک نەکرد و بەشانازییەوە باسی لوڕبوونی خۆی دەکرد و ئەگەر لە گوێگرەکەی متمانەی هەبوایە دەکەوتە ناو و ناتۆر لە ڕەزاشا کە چۆن چۆنین تیرەکانی لوڕی تالان و تەفروتوونا کرد بەتایبەت دوای ڕاپەڕینەکەی قەدەم خەیر دژ بەدامودەستگا و دەسەلاتی ڕەزاشا ئەو و براکانی خرانە بەندیخانەوە، دوای مەرەخەس بوونی بەناچار کۆچی بەرەو ئەسفەهان کردووە و بەکار و کاسبی جەڵەب کڕینەوە خەریک بووە و منداڵەکانی خستووەتە قوتابخانەوە..

عـــەباســـیـــان هەر لـە منداڵیـــیـــەوە وردەکـــاریـی هونـەری و خۆشنووسییەکەی سرنجی مامۆستاکانی ڕاکێشاوە و هانیان داوە. هەر ئەم هاندانە بووە بەبنەمـای هونەریی لە دڵ و دەروونی عـەباسی منداڵا. سەرئەنجام لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ئەسفەهاندا دەست بەکار و بەڕێکوپێکی تەواو دەکا.

یاسـەمین منداڵی خـێزانێکی وا بـوو، ئەویش وەک باوکی ڕشـتـەی هونەریی هەڵبژاردبوو.

برادەران هەریەکە بەدوای یاسـەمیندا ڕاپۆرتی خۆیان خوێندەوە.. بەدوایاندا هەڤاڵ ئیرەج هاتە قسـە و کـەوتە لێدوان دەربارەی یەک یەکی ڕاپۆرتەکان و سەرەتا ڕووی کردە یاسەمین و وتی:

– دیارە بەوردی تـەواوی بیرورا جـۆراوجۆرەکـانی نێو قـوتابیـانت هەڵسەنگاندووە و خـسـتـۆتەتە ژێر زەرەبینەوە. بەڕاپۆرتەکەتدا وا دەردەکـەوێ پەیوەندی نێـوان قـوتابیـان لە دووبەرەکی و بیـرە جۆراوجۆرەکان بەهێزترە و هەموان دژ بەدیکتاتۆرییەت یاسای پۆلیسی شان بەشانی یەکتر ڕاوەستاون و ترس و تۆقیان و چەکەرە لە دەستگای ساواک نەیبەزاندوون و ئامادەی ململانێن.

با ئێمە وردەکارانەتر و وەستایانە ڕاستەقینە هەڵسەنگێنین ئەوی دەبینرێت شـا و ساواکـەکـەی لە کـوشـتن و بڕین و داپڵـوسـاندنی قوتابیان پارێز دەکەن و نایانەوێت دەستیان بەخوێنمان ڕەنگین بکەن. وەنەبێت لەبەر چاوی ڕەشی ئێـمـە بێت، بەڵکوو چەکـەرەیان لە دەستگاکانی سەر بەمرۆڤایەتی دەرەوەیە و لەوێ دەترسن گۆبەنیان بۆ بنێنەوە و پڕوپاگندەیەکی وا لە ئاژانسەکانا پێک بهێنن بکرێتە مایەی ڕسـوایی و بەدناویی شـا و چۆنیـەتی حکوومـەتەکـەی و دەیانەوێت

بیسەلمێنن ماف و دیموکراتییەت لە ئێرانا پارێزراوە.

من لێرەدا لە خۆم دەپرسم و دەڵێم.. ئەگەر سبەی ئەو پەردەی شەرمە درا و هیچ ئەرزش و نرخ و باییەکیان بۆ ئەو ڕێکخراوانەی دەرەوە دانەنا و کەوتنە داپڵۆساندنی خەڵک و کوشت و کوشتاری ڕاستەقینە کەوتە نێوانەوە، ئایا ئەو یەکپارچەیییەی نێوان قوتابیان بەردەوام دەبێت؟ ڕۆحی بەربەرەکانی و ململانێ لە نێو قوتابیانا هەروا دەمێنێتەوە؟ ئەم پرسیارە لە دانیشتنەکانی داهاتوومانا بەچاکی شی و هەلاجی دەکەین. دێمە سەر ڕاپۆرتەکەی بیژەن.. وای دەرخستووە کە بازاڕ و بازاڕییەکان هەناسەیان دژ بەشایە. ئەگەر ڕێکخراوەکان لە زمانیان بزانن، دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکەن. من پێم وانییە و وانازانم ڕێکخراوی نێو قوتابیان بتوانن لەو چینەوە نزیک بنەوە و لە تێفکرینیان تێ بگەن. ئەوانە سەرێکیان هەیە و هەزار سەودا زۆربەشیان پەیوەندییان بەحەوزە ئایینییەکانەوە هەیە.

بەڵام هەڤاڵ مەنوچەهر وەستاکارانە دەنگدانەوەی جەژنەکانی دووهەزار و پێنج سەد ساڵەی هەلاجی کردووە و تیادا ڕوونی کردووەتەوە کە شا ئەو دەست بڵاوی و زەرق و بەرقەی باش بۆ تەواو نەبووە.. چ لەلای توێژەکانی گەلی ئێرانەوە و چ لەلای گەلانی ئازادیخوازی دوور و نزیکەوە.

ڕێکخراوی ئێمە دەبێت وەستاکارانە سوود لەو ناڕەزایەتییە ببات و وەک دەستەگوڵ بیقۆزێتەوە ئەوسا توێژی وردە برژوا و وردە مالکیش هاتوونەتە جووڵان و لەوەی دڵنیام لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاکامی ئەو ناڕەزایەتییانە لە زۆر جێگە و شوێن خۆیان وەدەر دەخەن.

دێمە سەر ڕاپۆرتەکەی هەڤاڵ فەلامەرز. ئەم برامانە بەوردی هەنگاوەکانی ئەم دوا دواییەی شای خستووەتە نێو تەرازووەوە و

هەڵیسەنگاندووە. شا دەیەوێ چی بکا؟ دابەشکردنی زەویوزار بەسەر جوتیارانا. تا چ ڕادەیەک ڕاستیی لەگەڵ خەڵک و خوا و خۆیدا دەکات؟

ئایا دارایی خۆی و بنەماڵەی پەهلەوییش دابەش دەکا؟ ئایا بویسان و باخاتی بونیادی پەهلەوی کە سەرتاسەری لێواری دەریای خەزەری گرتۆتەتە بەر ئەوەش دابەش دەکرێت؟ یان مردن هەر بۆ دراوسێیە؟ کودتای سپی شا، ئایا سپییە یا ڕووباری هاموون نایشۆرێتەوە؟

لەبەر ئەوەی کاک فەلامەرز کوڕی یەکێک لە خاوەن موڵکە گەورەکانی کرمانشانە و لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو بەن و باوەیە، دەڵێت:

– بەندە بەوە گەیشتووم جم و جۆڵێک کەوتووەتە نێو چینی پێشێل کراوی جوتیارانەوە و وردە وردەش دەستیان کردووەتە جووڵانەوەی سەر و دەست و تازە شایان ناسیوە تا ئەم یەک دوو مانگی ڕابردووە خاوەن موڵک و مواشیرەکانی شا بوون.. ترس و تۆقیان و دوودڵی لە ناخ و بیر و ئەندێشەیاندا قتماخەی بەستووە بەئاسانی باوەڕ بەو گۆڕانکاری و دابەشکردنە ناکەن؛ بەڵام ئەو بێ باوەڕییە بەردەوام نابێت و لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو ڕەش و ڕووتانە لە سوودی شا دێنێتە جووڵان و خاوەن موڵکەکان ڕسوادەکەن، با وەک برێک لە پیاوە ئایینییەکان ئەوجۆرە دابەشکردنە دژ بەشەریعەت دەزانن و دەڵێن. زوڵم بەزوڵم لانابرێت و ڕەوایی تیا نییە.

سەرجەم دێمە سەر ئەو باوەڕە لە ڕۆژانی داهاتوودا دام و دەستگای دەوڵەت دەکەونە هاندانی جوتیاران و چەندین دروشمیان دەخەنە دەم و هەرچی تاوانی دەوڵەت و شا هەیە دەیخەنە سەر مالیک و وردە مالیک.

ئیــرەج جگـەرەیێکـی لە پاکــەتەکــەی دەرهێنـا و درێژی کــردەوە بۆ هەڤالانـی و وتـی:

- ئەشنویە.. سـوێندم خـواردووە لە ژیانما جگەرەی بێگانە نـەکێشـم.
دووبارە هـاتەوە قسـە و وتـی:

- برادەران! ئێمـەین ئومێدی ولاتـەکـەمـان. ئەم ولاتە کۆنەسـاڵە زۆر ئەرکی خسـتـووەتە ئەسـتـۆمـان. ئـەگـەر وەسـتـاکـارانە هـەنـگاو نەنەین، ئەگەر پەنجـە نەخەینە سـەر خـاڵی لاواز و کردەوەی دڕندانەی دەوڵەت و ڕسوایان نـەکەین شـەرمـەزاری ئەمڕۆ و سـبـەینیـەش دەبین و ڕۆژ بەڕۆژ لە چەرخ و پاچکەی دونیـای ئازاد و سـەردەمـانەدا دوورتر دەکەوینەوە. ڕســـواکــردنی دیکتــاتـۆرییـــەت و مـــامـــەڵـەی دوور لە مـــرۆڤـــایـەتی دەوڵەتمـەندانی ئەم ولاتـە نەک ئەرکی ســـەرشــانمانە، بـەڵکو دروشـــمی شـەو و ڕۆژمـانە هـەروەک هـەناسەکێشـان پێویستییێکی پێویستە.

با ئەوەشــتـان پێ ڕاگـەیەنم، دەسـتـگاکـانی سـاواک کـەوتنـەتە جم و جـــۆڵ.. لـەوە دەڕوا بەم زوانـە بکەونـە داپڵـــۆســـاندن و بگرەوبـەردە؛ بەتـایبـەت لـە نێـو چینی ڕۆشـنبـیـر و قـوتـابیـانـا. ئێـمـــەش دەبێت بەئەندازەی دڕییەتی ساواک ئاگاداری هـەنگاوەکانمان بین، هۆشیارانە هـەنگاو بنەین، هیچ بەڵگەیەک نەدەینە دەسـتـەوە ببێـتە هۆی گرفتـاریی خۆمان و هـاڤاڵەکانمان، وەک لە مێژدا من گرفتار بووم.

لەو کاتەدا دووسێ تەقـە هـاتە گوێ.. مـهـتابی خوشکی ئیرەج شـێواو و ڕەنگ پروسکاو خۆی کرد بەژوورا و وتـی:

- کــۆلان پڕ بـووە لە چەکــدار و پـۆلیس و ژانـدارم. ســـەری تەواوی کووچە و کۆلانەکانیان گرتووە.

ئیــرەج و هـەڤـالانی تۆزەکـێک ژلێـژان. ژلێـژانەکـەیان نەگـەیشــتـە سنووری دەستەپاچەگی.. ئیرەج بەیاسەمینی وت:

- جلەکانت داکەنە و کراسێکی ناومالەی مهتاب لەبەرکە و لەگەڵ مەهتابدا بە؛ ئێمەش دەڕۆینە سەربان تا بزانین چیمان بەسەر دێت. ئەمەی وت و بەرەو سەربان وەڕێ کەوتن و لە کەپشدانی سەرەوەدا خۆیان شاردەوە.

ئیرەج لە سەربانەوە کەوتە سەرەتاتکێ. زۆر کەسیتریش هاتبوونە سەربان، زۆربەی چەکدارەکان لەبەر دەرگای ماڵێکدا کۆبووبوونەوە. زۆری نەخایاند چەند تەقەیەکی تر بیسرا. چەکدارەکان چوونە ژوورەوە.. لە دولاوە بوو بەدەستریژ.. ئیرەج تادەبوو دڵنیاتر دەبوو؛ بەلام ماران گەزستە لە بەنەبازەڵەش دەترسێت. تەقە بڕایەوە قیژە و گریان بەرزبوویەوە.. ئافرەتێک لە ماڵەکە هاتە دەرەوە، دەستی گرتبوو بەسینەیەوە، خوێنی لێ دەچۆڕا و شەویەکەی سوور کردبوو. چەکدارەکان بەپارێزەوە دەیانهێنایە دەرەوە و دەمانچەکانیان ڕووبەڕووی ئاوڵە کردبوو بەدەم گریانەوە دەیوت: ئاخری کوشتتان.. خوا دام و دەزگاتان بشێوێنێت.

ژنەیان پەلکێش کرد. بە پارێزەوە دووبارە چەند چەکدارێک ڕۆیشتنە ماڵەکەوە. دوای ماوەیەک لەشی کابرایەکیان لە ماڵەکە وەدەرهێنا. شیرەی ئەمبولانس هاتە گوێ.. وردە وردە خەڵکی کۆلان لە ماڵ وەدەرهاتن و لە مەیت و چەکدارەکان نزیک بوونەوە.

ئیرەج هاتە خوارەوە. مهتابی هەناردە دەرەوە تا بزانێت چ خەوەرە. برادەران لەوە دڵنیابوون مەبەست ئەوان نەبووە. مهتاب گەڕایەوە و وتی:

- کابرایەکیان کوشتووە بەناوی حەسەن بەلوج کە گوایە یەکێک بووە لە قاچاخچییە بەناوبانگەکانی هیرۆئین و چەندین ساڵە بەداویدا دەگەڕێن.

ئیرەج لەبەر خۆیەوە وتی: کێ دەڵێت وایە؟ سبەی بەئێمەش هەروا دەڵێن.. ئینجا ڕوو بەبرادەران وتی:

– ئەمجارەیان ئێمە نەبووین.

ئمبولانس مەیتی هەڵگرت و دەرگایماڵیان موهر و مۆم کرد و یاساولێکیان لەبەر دەرگادا داناو بۆی دەرچوون.

ئیرەج وتی:

– یەک یەک لە ماڵ بڕۆنە دەرەوە با سەرنجی دەرودراوسێ ڕانەکێشین.

فەلامەرز وتی:

– من و یاسەمین پێکەوە دەڕۆین. شەقام دووبارە بێدەنگ بوویەوە خامۆشییەکی پڕ لە ڕاز سەرتاسەری ئاسمانەکەی گرتەوە.

# ٣

خواپێداوەکانی شاری تاران، عاشق و شیفتەی نیاوەرانن. هەریەکە بەجۆرێک خەیمەگای کش و فشیان هەڵداوە و زەڕ و زۆریان نێونیگا بەخەڵکە زۆرەکە نیشان دەدەن و بێ دەربەستانە دەنوارنە ناڵە و ئاھ و خۆزگە لە بارچووەکانی خەڵکیدا. پشتیان ناوەتە چیای ئەلبورزەوە و لە دامێنیدا بەزیون و ئەلبورزیش داڵدەیانی داوە و لە ئامێزی گرتوون و لەو سەرەوە پێکەوە زەردەخەنەی پەیکان ئاسا دەگرنە پاینی شار و گەڕەکە لەبیرچووەکان. لە مێژەوە چیا ئەرکێکی دووفلیقانەی گرتۆتە ئەستۆ و لە ئێمەمانا پشت و پەنای لێقەوماوە بووە و بووە بەسەنگەری ململان کە هەر بەو ئەندازەشە بووە بەهەوارگەی دەسەڵاتداران و قەڵاسازانی ئەوسا و ئێستاکەش. چیا شمشێرێکی دوودەمە.. دەمێک شنەی بای سارد و فێنکی بەخشیوەتە خاوەنی زەڕو زۆر و دەمێکی تریش بووە بەسپەری دەستە و تاقمی ململانکەر و تێکۆشەران. نیاوەران مۆڵگەی دەسەڵاتدارانی تاران و ئەملاولای وڵاتە، زۆربەی ئاغاگەلی کرماشان و کوردستانان لە ڕووی چاولەیەکەرییەوە هەریەکەیان بەچەشنێک لە شەقام و کووچە و کۆڵان و دەربەندەکانی دامێنی ئەلبورزدا نیشتەجێ بوون و خانووبەرەیان سازاندووە.

خانووەکەی ئەمیر ئینتیزام بەسەر شەقامە سەرەکییەکەی نیاوەرانەوە دەرگاکەی دەینوارییە پاینی شاردا. دەرگەکەی دوو ماشینی شان بەشانی پیا دەڕۆیشت، هەر لنگەیەکی دەرکەکە،

زەلامێک بەزۆر دەیچەرخاند. پاچکەی خوارەوەی لنگەکە بەسەر هێڵێکی ئاسندا کە دەیانچەرخاندەوە جیڕەی دەهات. شەش گەزی شا درێژ بوو.. دەریچەیەکی بچکۆلانەش لە ناوەڕاستی یەکێک لە لنگە دەرگاکەدا سازێنرابوو بۆ ڕوانین و ژووری چاودێرییش بەلای ڕاستی دا پشت بەدیواری حەسار قووت کرابوویەوە هەرکەسێک زەنگی لێ دابا یا هەر ماشینێک بهاتا و هۆڕینی لێ دابا "یارە ڕیقو" سەری لە دەریچەی دەروەدەر دەبرد تا بیزانیبا کێیە..

هەرکەسە لە دەرگا بڕۆشتایەتە ژوورەوە چ پیادە و چ ماشین سوار هەر دەبوا بەلای ڕاستدا بڕۆیشتا و سەرکەوتبا. خانووبەرەکە چەندین مەتر لە شەقام بڵندتربوو، لە دەرگاوە تا پلەی لای بالکۆن سەر بەبالایەکی دەست بەیەخە بوو ئەوەندە گوڵ دار و درەخت و تل و گابەردی ڕەنگاوڕەنگ و پەیکەری جۆراوجۆر بەدوولایدا دەبینرا هەست بەماندووبوون نەدەکرا. دوو گوڵتەی نەخش و نیگاردار هەڵدرابووە ژێر بالکۆنە ئاوالەکە. گوڵتەکان هەریەکەیان سەری بەرانێکی شاخداری تووڕە و ئالۆزیان بەسەرە و لێ هەڵکەندبوو دەیانڕوانیە دەرگا و هاتوچۆکەرانا.

بڵندیی بالکۆنەکە لەگەڵ حەساردا هەشت پایە بوو لەم لاو لای پلەکانەکەوە پەیکەری دوو شێری دەم ئاواڵەی چنچکە دراویان دانابوو؛ هەرکە بەپلەکانەکەدا سەرکەوتبای دەرگایەکی جوان داتاشراوی بەرز و بوڵەند لە چەقی ساختمانان ڕووبەڕووت چوو بوو بەئاسمانا.

لە قوژبنی لای چەپی ساختمانەوە دووسێ ژوور دروست کرابوون بۆ خزمەتکار و دەست و پا. ئەمیر چ لە تارانا با یا لە کرماشان ساختمان و حەوشی پاک و خاوێن دەکرایەوە؛ ئەگەر ئاگاداری هاتنی

ئەمیر بانا زۆرتر خۆیان بەپاکی و خاوێنی دەروماڵ دەکرد و کارێکی وایان دەکرد هەموو لایەک بریسکەی بهاتبا.

ئەمیر عاشقی سروشت و دەشت و دەر و گوڵ و گوڵزار بوو لە هاوین و بەهارا بەرچایی بەیانیانی لە دەرەوەی ساختمانا دەخوارد. لە خانووەکەی نیاوەرانیدا لە سەر بنی گۆمی مەلەکەوە ڕیزێک ئەسکەملیان بۆ دادەنا هەمووی هەر بەڕەنگی سپی بۆیاخ کرابوون لە ناوەڕاستدا مێزێکی خڕ بازنەکەی یەک مەتر و نیو دەبوو ڕووکەشێکی پەمەییان بەسەردا دەدا و گوڵدانێکی پڕ پڕ لە گوڵیان لە چەقیدا دادەنا. ئەمیر زۆر حەزی لە ڕەنگی سپی بوو؛ هەتاوەکو پەیکەرەکەی ژوور سەری ئەسکەمیلەکانیش سپی بوو. پەیکەرەکە هەرچی ماسوولکەی لەشی هەبوو هەموو هەڵئاوسابوون دیار بوو پەیکەری پاڵەوانێکی ناسراوە؛ تیر و کەوانێکی بەدەستەوە بوو زیەی کەوانەکەی ڕادەکێشا، نووکی تیرەکەی ڕوو بەئاسمان بوو هەرکەسە لە ئەمیری بپرسیبا ئەوە پەیکەری کێیە؟

دەیوت: هەزار ساڵ ڕاوێژ و گفتوگۆ لە شەڕ و خوێن ڕشتن چاکترە. ئەوە "ئارەش"ی کەوانگیرە.. دەڵێن چەندین ساڵ شەڕ لە نێوان ئێران و تورانا بەردەوام دەبێت، خەڵکێکی یەکجار زۆری بێ حیساب دەکوژرێت.. سەرئەنجام دەگەنە ئەو باوەڕەوە کە سنوور لە نێوانیانا دەستنیشان بکەن ئەویش بەتیر هاویشتنێکی "ئارەش"ی کەوانگیرەوە؛ یانی تیرەکەی لە هەر کوێدا کەوتە سەر زەوی ئەوێیە سنووری ئێران.

بازنەیەک تیشکی هەتاو لە توێی گەڵای درەختەکانەوە لاسارانە دەیدایە سەر و زوڵفی پەیکەرەکەدا و دامێنی بازنەکە دەیدا بەسەر مێزی بەردەم ئەمیرا و دەستەی کەوچکە زەردەکان دەبریسکانەوە.

چەندین مراوی لەناو گۆمەکەی بەردەستدا بەفیزەوە دەهاتن و دەچوون دوو تاوسی نێـر و مێ نـەرم نەرم چینـەیان دەکـرد و نێـرەکـەی تاوتاو مەغروورانە پەڕی کلک و باڵی پەخش دەکردەوە و قریوەیەکی دەکرد.

تەلیفـۆنی بندەسـتی ئـەمیر زرنـگایەوە، ئەمیـر لەسـەرخـۆ دەسـتی بۆ دەسـتەکـەی تەلیفۆن برد و وتـی: فەرمـوو. دیارە کـابرا دڵنیا نەبووە کـە ئەمیر لە خەو هەڵسابێت بۆیە ئەمیر وتی:

– من چ کـارم هەبێت یا نا، چ لـە مـاڵا بم یا بمەوێ بـڕۆمـە دەرەوە سـەعـات هـەشت خـۆمم پۆشـتـە کـەردۆتەوە، ئـەوەم زەمـانـێکە کـردووە بەڕەوشـت. قـسـە هـاتبـووە نۆرەی تەلـیـفـۆن کـەرەکـە. ئەمـیـر بەدەستەسڕەکەی سەرمێزەکە دەمی سڕی بۆیە وتی:

– جـەنابی ئـەمیـر! ئەم باسـانەی دەیفـەرموویت هـی تەلیـفۆن نییـە وا بەباش دەزانم یا تەشـریف بهێنیت بۆ ئەیرا یا بەندە بگەمـە خـزمـەتت. جا هەرکامیان بەچاک دەزانیت؟

ئەمیر ساتێک بێ دەنگ بوویەوە ئینجا وتی:

– کەی تەشریف دێنیت؟

ئەمیر چاویلکە زەرەبینییەکەی لەچاو دەرکرد و وتی:

– بەخێر بێن!

دوگمـەی زەنگێک بـەوایەرێکەوە بەدەسـتـەی ئەسکەمـیلـەکەی ئەمـیـرا هەڵواسرابوو، پەنجەی پیا نا.

سـەفـەر لە دوورەوە ڕاوەسـتابـوو دوورونزیک ئەمـیری خسـتبـووە ژێر چاودێرییـەوە. هـەر زرەی زەنـگ هـات خۆی گـەیانـدە لای ئـەمیـر و دەست بەنەزەر ڕاوەسـتـا. ئەمـیـر ئەگـەر تووڕە و ئاڵۆزیان نـەکـردبا گـەلێک

لەسەرخۆ و ژمێراو دەدوا. بەسەفەری وت:

– ئەمــیـر ئەقــدەم تەشــریف دێنێت بۆ ئەیرا شــرینیــجـات و تـفـاق ئامادەکەن.

هۆڕینی ئوتۆمـبـێلێک لە نزیک دەرگـاوە بیـسـتـرا. یارە ڕیقـوی دەرگەوان لە ژووری بندەستی دەرگاکەوە هاتە دەر و لە کونەباجەکەوە نواڕییە دەرەوە و دانویەوە میلی لنگە دەرکەی بەرزکـردەوە و دەرگـای لادا. یارئەلی ئەگـەر ڕۆژی چەند نـۆک تریاکی نەکـێـشـابا پەریشـان دەبوو، ئاو بەکـەپوو و لادەمـیـدا دەچۆڕا. بەحـاڵ دەنگی وەدەر دەهات ملـی ئەوەند باریک بوو بەزۆر سـەرو کـەللەی هەڵدەگـرت کـاچیـڕە و چەناکەی ئێسکێکی ڕەق و تەق دەنوا، هەرکەس بیدیبا دەکەوتە بیری قـاتی و برسییەتییەوە کڵاوە شاپوکەی لەسـەر دانەدەکەند بخەوتباش شـۆڕی دەکـردەوە سـەرچاو و کـەپوویدا. هەر لە منداڵییـەوە لە دەر و دیوان و مـوبەقـەی ئەمـیـردا پەروەردە بووبوو، بـاوکـیـشـی هـەر خـۆی بەدەست و پای مـاڵی باوکی ئەمــیــر دەزانی. لە بنەچەکــدا هەروا ناسـراوبوون. ڕەحـمـانی برازایشی ساڵی یەک دوو مانگێک بەلایەوە دەمـایەوە لە خـزمەت و چاودێریدا یارمـەتی دەدا. زۆرتر لەسـەر داوای سـەی سـەلمانی برای بەلای خـۆیەوە دەیهـێـڵایـەوە تا چاو و گـوێی بکرێتـەوە. ئەمـیـر جـارەوبار سـەری دەنایە سـەر یـارە و دەیوت: یارە کەچەڵ تۆ مایەی ئاورۆچوونی؛ هەرکەس چاوی پێت کەوێ پێی وایە لە مـوبەقی ئێـمەدا ئاگـر ناکرێتـەوە و قـاتییـە. دەخـەزار! ئەوەند تریاک مەکێشە با وەک چوکڵ نەشکێیتەوە. خۆت دەبینی چەندە قوپاوی؟

ئەفشـین هاتە حـەوشـەوە ئوتۆمـبـێلەکەی لەولاترەوە ڕاگرت و بەرەو لای باوکی هات و لێی دانیشت.

ئەمیر لێی پرسی:

– مەگەر زانکۆتان تاتیلە؟

– نەخەیر قوربان! گەڕامەوە بۆ خۆشۆردن..

– مەگەر وەدەرکەوتی خۆت نەشۆردبوو؟

– با.. ناچار بووم لەگەڵ چەند قوتابییەکدا تەوقە بکەم و لە کافتریای کۆلێژیشدا چای بخۆمەوە..

– ئەی قوڕی دونیا بەسەرم! دەوەرە ئەمە کوڕە گەورەت بێت.. هەستە کوڕم، هەستە فریای خۆت کەوە ئەوەسا پەڵەی سووری گەڕبوون بەرۆخسارتەوە وەدەرکەوتووە، هەستە، لاچۆ لەبەر چاوم تا منیشت گەڕ نەکردووە.

هوڕنێکی دی هاتە گوێ، یارە لە دوورەوە وتی:

– قوربان! میوانە.

ئۆتۆمبێل هاتە حەوشەوە. ئەفشین لێی دا ڕۆیشتە ماڵەوە، ئەمیر هەستایە سەرپا بەرەو میوانەکەی ڕۆیشت..

هەردوو ئەمیر دانیشتن.. ئەمیر ئەقدەم هەروا دەینواڕییە دوو تاوسەکە و لە پڕ وتی:

– دەڵێی یەشتا نەهاتوونەتە هێلکە؟

ئەمیر ئینتیزام ژمێراو و لە سەرخۆ وتی:

– مەنواڕە کش و فشی نێرەکەدا وە ئەلی! لە ئێمە بێ کارە و بێ ئوورزەترە. باوەڕ ناکەم توانای ئەوەی پێوە بێت مێینکەکە بهێنێتە هێکلە..

هەردووکیان قا قا پێکەنین. ئەمیر ئەقدەم بەدەم پێکەنینەوە پچڕ پچڕ وتی:

– شا وا بکات دوو مانگ جارێک ئەگەر نەقەیەکمان پێ بکرابا ئەویش کوێر دەبێتەوە و دەبێتە قوربانی هەواو هەوەسی ئەو قوزاق زادەیە.

سەفەر دەفر و چەقۆ و چەتاڵی لەبەردەست هەردوو ئەمیر دانا و میوەی لێیان نزیک کردەوە.

ئەمیر ئەقدەم بەدەم توێک کردنەوەی سێوێکەوە وتی:

– ئەم دووسێ ڕۆژەی دوا دوایە، لەوەی دڵنیام شا گاڵتە ناکا و خەریکی بەرنامەیەکی وایە ڕیچەڵەکمان وەدەربهێنێت دەڵێم پێت چۆنە نوێنەرێک بنێرینە لای پیاوە ئایینییەکان تا بزانین چی دەڵێن؟

– بەخراوی نازانم بەڵام با جارێک چاوەڕوان بین.. بەندە خەیاڵم وایە میوانییەک بدەم و چەند ناسراوێکمان کۆکەمەوە بزانین ئەوان چی دەڵێن و ئەم هەویرە چەند کولێرەی تیا دەبێت.

– لەگەڵتم.. بیرێکی چاکە.. بەڵام با ئاغای ڕەزم جۆ و مستەفی و حەقیقەتی تیادا بێت. ئەوانە داشی هەموو بەزمێکن و ئاگاداری هەموو شتن.

– لیستەم کردووە و ناویانی تیادایە.. پێنج شەممەی داهاتووم داناوە.. خۆ جەنابت گرفتار نیت؟

– گرفتاریش بم هەر دێم.

## ٤

دەمـوچاو و سـەر و زوڵفی ڕووتاوی پایز تێکەڵ بەشـەرم و خـەجاڵەت خۆی دەرخستبوو، ئەگەرچی یەشتا شان و ملی ڕووت نەکردبوو، بەڵام هاتبووە سەما و سەودایەکی وا هەر ساتێک بەڕەنگێک خۆی دەنواند و پەیتا پەیتا تەماحگیری تووڕدانی هەرچی سەرپۆش و ڕووپۆش و پێچە و پارچەی هەیە بووبوو تا لەش و ئەندامی هەوەس ئەنگێزی بخاتە بەر چاو و ڕوانگە و تەماشا.

نەوای کەمانی "پەرویز" باخ و ئاسمانی حەسار و دراوسێیەکانی دوولاشی گرتبووە خۆ.. هەرچی پەلەوەری سەر پۆپە و چڵەکانیشی لە جریوە جریو خستبوو. شنەبای پاییزی دامێنی ئەلبورز نەوای وێلونەکەی پەرویزی چەندین بەرانبەر دەکرد و لە قەد و باڵای نەمام و گوڵاڵە و درەختەکاندا دەخشاند و باوشیان بۆ یەکتر دەکردەوە، لە تاوە بێ دەنگییەکانی وێلونا قریوەی نێرە تاوس لەولای باخەوە دەبیسرا نارەزایی نێو قەفەس بوونی وەدەر دەخست و دەیسەلماند کە ڕەنگ ئامێزی پەڕەکانی حەیفە لە نەوای ئەو وێلونە و ڕەنگاو ڕەنگی جلوبەرگی ژنانی مەجلیسەوە دوور بێت. دەرگای حەساری کۆشکی ئەمیر ئاواڵە کرابوو.. جگە لە یارە ڕیقوی دەرکەوان چەندین زەلامی سمۆکینگ لەبەر لە چەپ و ڕاستی دەرگادا ڕاوەستابوون. هەر میوانێک بهاتا یەکێک لەو ڕەشپۆشانەی وەپێش دەکەوت تا دەیگەیاندە لای ئەمیر و ئالەمتاجی کچی. کە پێکەوە لەولاترەوە ڕاوەستابوون بۆ

بەخێرهاتن و پێشوازی لە خەڵک کردن دوای دەستدان و بەخێرهاتن هەمان ڕەشپۆش وەپێشی میوانان دەکەوت تا سەرمێزی تەرخان کراو. مێزەکان بەچەرچەفی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشراو هەریەکە گوڵدانێکی پڕ لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و مۆمێکی داگیرساوی نێو تۆپێکی شووشەیینی لەسەر دانرابوون.. ناوناو کزەی با گوڵەکانی دەهێنایە سەمایەکی عەجوولانە و دەیانخستە نێو سایە و ڕۆشنەوە و دڵۆپ دڵۆپ دەیانی هێنایە گریان.

چەپک چەپک گوڵی نیلوفەر و کلاوێل و گەڵای سەوز بەسەر ئاوی گۆمی مەلەکەوە پەخش کرابوویەوە.. سۆنە ڕەنگاوڕەنگەکانیش بێدەنگ بەدوای یەکدا لە تەنیشتی گوڵەکانەوە تێ دەپەڕین و سەروخواریان دەکرد و لە هاتوچۆکانیاندا نەرمە شەپۆلێکیان پێک دەهێنا و نیلۆفەر و گەڵا و پەلەکانیان دەهێنایە سەمایەکی سحرئامێز. پەرویز ئەوەندە کەمانەکەی بەسۆزەوە هێنابووە ناڵە و نزا خەڵک و خۆیش بەرەو دونیای ئەفسانە و خەیاڵ و ڕۆمانسییەت پەلەکێش دەکرا. پەنجەی زێڕینی پەرویز ژیەی کەمانی هێنابووە هەراو هاوار، شێوەنێکی وای نابوویەوە گوێگری سەرسام و گێژوویژ لە دونیای بەربلاوی بێ بن و بێخ و مەنگیدا بەرەڵلا دەکرد.. بۆخۆیشی لە پێش دەست پێکردنیا بۆنی سوکرئاوەری هیرۆئینی هەڵمژی بوو، تا ڕادەیەک هاتبووە مایە و وەستایانە پەنجەی لە سەفا و نەشئە گیرکردبوو لە ڕاستیدا خۆی دەلاواندەوەو ڕادەژەنی دەروونی ئاشوفتەی بەلاگرتووی دادەمرکانەوە. چەناکەی بەسەر کەمانەکەوە تک تک عەرەقی لێ دەچۆڕا و دەکەوتە سەر زەوی. سەر و زوڵفی چەور کردبوو، نەرم و بریقەدار جێگەی دانە شانەکانی پێوە دیاربوو. قەدوبالای پەرویز بەو جلوبەرگە ڕەشانەوە

بەرزتر و کێشاوتر دەهاتنە چاو. پەپوولەکەی ژێر چەناکەی بەسەر کراسە سپییەکەیدا زەرافەتێکی خستبووە قەد و بالا و سەرو زوڵفییەوە. مۆسیقاژەنەکانی پشتی سەری وەک گوێگرەکان مات و بێ دەنگ لە هونەری پەرویزدا سەرسام ڕاوەستابوون.. حومەیراش دانیشتبوو. ئەو شەوە بزیسکە و بریسکەی چاوە مەستەکانی حومەیرا هاتبوونە شەڕنگێزی و هەڕەشە و پەلامار؛ بەهەر لایەکدا ئاوڕی دەدایەوە شەپۆلێک تیشکی جادوویی یەک بەدوای یەکدا بینەرەکەی دەستەپاچە و دەستەمۆی خۆی دەکرد و مندالانە دەیهێنایە جوولانەوەیەکی پەلە پەلانە و گەوجانە.

دەنگ و ڕەنگ و جوولانەوە و خان و مانی بەچوارتەنیشتدا دەبیسرا و دەبینرا. جادووئەفشان بوو ئەو شەوە.

ئالەمتاج بەپێی فەرمانی ئەمیر لە کرماشانەوە تایبەت بۆ ئەو میوانییە هاتبوو. دەوڵەت خانمی ژنی ئەمیر لە ئاوا میوانییەکدا بەشدار نەدەبوو. نەیدەتوانی ڕەفتار و جوولانەوە و شێوەی جل لەبەرکردنی خانمەکان بسەلمێنێت دەیوت:

– تیژ ڕۆیشتوون.. هەرچی لە هەر جندەخانەیەکدا بکرێتە مود، سبەی لای ژنگەلی تارانە. ئەمەش بەمن ناکرێت. تازە ئەو زیل و بەمەی ناویان ناوە گۆرانی نەک لەزەت بەخش بن بەڵکو پێی توورە دەبم. هەنگامە سروودەکانی سەی سەڵمانم گەلێک لا خۆشترە تا ئەو هاڕەهاڕە.

زۆربەی بەشداربووانی میوانییەکە تەمەنێکیان لێ گوزەشتوبوو، بڕێکیان ژنەکانیان زۆر لە خۆیان منداڵتر و لە هەوەس بازی و ئەلواتیا ناسراوی شەونشینییەکانی شاری تاران بوون و ژنی وەرزییان

دەهێنا، زسـتـان لەگەڵ ژنێکدا دەبوون و هـاوین ژنێکی دی. ئافرەت و کچۆڵەی تـازە پێگەیشتوویش لەگەڵ باوکیاندا دەبینران. زۆربەی زۆری ئافــرەتەکـان یەکــتــریان دەناسـی و بڕێکیـان ئاگـاداری دەخــەلی و ئەملاولاکردنی یەکتر بوون. هەر کە یەکتریان دەدی باوشیان بۆ یەکتر دەکردەوە و مـاچ و مـووچی لەسـەریەکـەی سـەرو ڕوومـەتی یەکـتـریان ملچەی دەبیسراو سەدان جار دەبوونە قوربان و سەدەقەی یەکتر. سێ هەنگاو لە یەکتر دورکەوتانەتـەوە سـەد ناو و ناتۆری یەکتریان هەڵدەدا. لە دوورەوە گاڵتەیان بەجلوبەرگ و شێوەی ئارایشی سـەرو زڵف و زێڕ و زێوەری یـەکــتــر دەکــرد، بڕێک لە ژنەکــان بـۆ ئازاری ژنـانی دی و شاکامیـان جەواهیراتی قـەبە و گران بایان بەخـۆدا هەڵواسیبوو. یەک دوان لـە ژنان دەبـوونەوە و دەکــــەوتنە بـاسی ســـمت و قـــەد و بـاڵای گۆشتنی یەکتردا.. بەیەکیان دەوت:

– ئەفسانە گیان! باوەڕ بکە ئەوی خانمی حیشـمەتی لە ملی کردووە لێی نزیک ببنەوە حـەی عەلاسـەڵات هـاوار دەکا و دەڵێت بەدەلم؛ بنواڕە گـوڵی سـەر سنگی خـانمی مـسـتـەفی، من ئەو گـوڵەم بـەسـەر سنگی خانمی ئەسەدولاهییەوە دیوە..

ئینجا ئەفسانە دەیوت: ئا تۆ سەیر سەیر خـانمی حەقیقـەت کە، بڵێ ژنە گـیس بڕاوەکـە ئەو مـەمکە زلانـەت بۆ وا خـسـتـووەتە دەر. خـومـە دەڵێی دەڵە دێوە، شەرم و حەیاش خۆشە بۆ ئینسان. ئا تۆ ورد بەرەوە لە گوپکەکانی قنگ و باسـەنی خومـە دەڵێی گومـەتەکەی کـاروانسـەرای حـەسـەن ئابادە. پەروێز تەکنوازی تەواو کردبوو. تیپی مۆسیقا وردە ئاهـەنگیـــان دەژەند، بـەزم بەرەو گـــەرم بـوون دەچوو مـــیـــوانـەکـــان دامەزرابوون یەکەمین پێکیش خورابوویەوە، ئەمیر چرووتێکی هاڤانای

لە دوو پەنجەدا گیرکردبوو جارەوبار مژێکی لێدەدا، کەوتبووە وردە گەڕان بەسەرمێزەکانا و چۆنی و چاکی لەگەڵ ئەم و ئەودا دەکرد. ئالەمتاجیش زۆرتر بەفەرامینی داپێویستەکانەوە گرفتار و سەروهەواشی بەلای بەزمەکەوە بوو.

ئەفشین کوڕە گەورەی ئەمیر لە مێژدا بەباوکی ڕاگەیاندبوو کە پێنج شەممە و هەینی لەگەڵ برادەرانیدا دەڕوا بۆ ڕامسەر و سەر دەریای خەزەر. فەلامەرزیش کوێرباتاو ئەو توێژە خەڵکەی نەدیبا و پەیوەستە بەموفت خۆر و پڕوپووچ ناوینانی دەبرد. باوکیشی دەیزانی نەبوونی فەلامەرز لە ئاوا شەونشینییەکدا هەزاری خێرە و دووی بەرەکەت. گێتی کچە گەورەی ئەمیر ئەلی خان لە جوانی و سەلاری و مەجلیس ئاراییدا هیچ شاژنێکی پیا نەدەگەیشت، پەروەردگار هەموو شتێکی پێ بەخشیبوو: باڵای بەرزی سەرو ئاسا، سەر و زوڵفی ڕەش قەترانی هەڵەفە، هەڵەفەی سەر پشت و کەمەر، ڕوو و ڕواڵەتی ڕۆشنی شەوقدار و پڕ لە زەوق، چاوە مەستە خومارەکانی قسەی لەبیر بینەرەکانی دەبردەوە.. بۆخۆیشی ئەوەی دەزانی ئاوڕەکانی پڕ لە سحر و جادوو، جادوویەکی وا هەر بینەرێک شپرزە و دەستەپاچە دەکا، کراسێکی سوارەی سەرتاپا مۆری لەبەر کردبوو نەختەکێک سنگ و بەرۆک و دەست و بازووی وەدەرخستبوو. هیچ جۆرە زێڕ و زیوەڕ و ئالات و موجەوهەراتی بەخۆدا نەکردبوو جگە لە گوڵێکی یاقوتی سوور نەبێت چەسپاندبوویە تیژایی خوارەوەی مەمکی. دوو زمانی دەزانی. بابی لە سەرەتای هاوینا دەینارده سویسرا تا سەرەتای پاییز. هەرکەسێک بەخۆیدا پەرمایەتەوە و خۆی بە شت بزانیبا و نیازی ژنهێنانی با، سەرەتا بەختی خۆی لەگەڵ گێتیدا تاقی

دەکـردەوە. گێـتـی جـەیران جـەریدەی هـەردوو هـەوارگـەکـانـی زیندەگی بووبوو، بەئاسان نەدەچووە ژێر و پای نەدەبووە تەڵەوە.

گێتی و ئالەمتاج لووتیان بەیەکدا تەقی و یەکتریان لە ئامێز گرت و لە قوژبنێکەوە پێکەوە دانیشتن..

– بیستوومە ئەمجارەیان خەریکی ڕازی دەبیت و بەڵێ دەڵێی.. یا ئەمەشیان بەن و باوە؟

– وەڵا نازانم چیت عـەرزکەم. ڕاستـت بوێت دوودڵم. بەزاهیـر کـوڕە باشـە و عـەیبی کـەمـە و لە خـراو ناڕوات و ئەهلی خـوێندنەوەیەوە و دوورە لە بەزم و ڕەزمی شەوانە و شەونشینی، وەک دەزانی چینی لای خۆمان هوکارەی فرسەتێ ناپەسەندین.

– ئامـاژە بۆ کام بەزمان دەکەی؟

– کوڕە چوزانم ئەمەی وا ئەمشەو دەیبینی.

– مـادام گـەیشـتـوویتـە ئەو بـاوەڕە. بۆ وەسـتـاوی؟ دەبڵـێ بـاشـە و تەواو..

– کوڕە خۆ وتم...

ئالەم باوشی کردە سەر و زوڵفی گێتیدا و یەک دوو ماچی کرد و بۆ تاوێک تێڕاما و گێتی هەستی بەتێڕامانەکەی کرد و ئینجا وتی:

– نـاقــولا! ئەوە بۆ وا من هان دەدەی.. ئەی تۆ بۆ ئەم هـەمـــوو داواکەرانەت دەست پێوە دەنەیت و ڕوو بەهیچیان نادەی؟

– من پەلەم نییە.

– درەنگ و زوو لە شووی باش هـەڵبـژاردنا کاریە. نابێت لە دەستی دەی.

– ڕاستت بوێت جارێک نیگەرانی باوکمم.

– باوکت؟ مەگەر خوانەکردە نەخۆشە یا...

ئالەمتاج نەیهێڵا گێتی زۆر ڕاوەستێت وتی:

– نا ئەلحەمیلا لەو ڕووەوە سەلامەتە. گرفتاری من شتێکی دییە. براکانم هەریەکەیان ئاهەنگ و ئاوازێک دەخوێنن.. ئەم گۆڕانکاری دوادوایەی شایە گەلێک باوکمی ئاڵۆز و ئاشوفتە کردووە. تۆقیاوم، دەترسم خوانەخواستە خۆی تووشی گۆبەنێک کا.. یا چووزانم سەکتەیەک یا ڕووداوێک..

– جا باشە جەنابی ئەمیر بۆ وا لە مەسەلەکە فکر دەکاتەوە؟ بابیشم لە سەرەتاوە باوەڕی بەوە نەبوو شا کاری وای لێوەشێتەوە، هەر بەدەنگە دەنگ و پڕوپاگندەی سیاسی دەزانی؛ بەڵام کار لەکار تەرازاوە و بابم هاتووەتە ئەو باوەڕە شا تەمیەی ئاغاکانی بەجێ دێنێت. بەتایبەت ئەمریکایەکان.

– فەلامەرزی براشم هەروا دەڵێت؛ ئەمما ئەم جۆرە تێفکرینە ناڕواتە بیروڕای باوکمەوە هەر نەبێت لەم سەردەمەدا.

– بڕوا یا نەڕوا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. دەبێ جەنابی ئەمیر ئەم ڕاستەقینەیە بسەلمێنێت؛ چونکە کەس هیچی پێ ناکرێت.. دژی سەردەم و زەمان ڕاوەستان بەکەس ناکرێت. وڵاتانی دیش بەم قۆناغەدا تێپەڕبوون.

– بەدبەختیی ئێمە لەوەدایە باوکم و ئەمیر ئەقدەم یەشتا پێیان وایە سەدەی نۆزدەیە و لەسەر ماڵیان دەڕۆن، بڕوانە! بڕوانە باوکم و ئەمیر ئەقدەم چۆن لەگەڵ ئاغای مستەفا و ڕەزم جودا سەریان بەیەکەوە ناوە و گەرمی ڕاوێژن؟

– نابینی باوکم تێکەڵیان نەبووە.. دەزانێت هەر جووڵانەوەیەک

ئاسنی سارد کوتانە و گرفتاریشی بەدواوەیە.

نۆرە هاتبـووە سـەر حـومـەیرا. ڕۆیشـتـبـووە پشـتی مـیکرۆفـۆن. جارەوبار سەری ڕوو بەزەوی دادەخست تا سەر و زوڵفی شۆڕبێتەوە وەک مـاینێکی لەخـۆبایی سـەری ڕادەوەشـاند و تاڵ تاڵی زوڵفی هەڵدەداوە سـەر شـان و ملیـدا. ئەو دەیزانی سـەر ڕاوەشـانەکانی هەوەس ئەنگێزە و پڕە لە ژنایەتی و چاو چڵێسەکانی شـەونشـینی دەینێتە حەشوکە و ئۆقرەیان لێ دەبڕێت. شەوییەکی سەرتاپا سپی لەبەردا بوو. سێ بەشی پشتی و سنگ مەمکە گۆشتنەکەی خستبووە بەر تـەمـاشـا و لـە هەر جـووڵانەوەیەکـدا نـەرم نەرم وەک "جـیلی" دەلەرزینەوە. کەم کـەس حومەیرای بەشـەوی کورتـەوە دیبـوو پاوپۆزی گۆشتنی دەشاردەوە ئەو شەوە کراسە سپییەکەی چوار پەنجە لە ژوور چۆکییەوە چەسپابوو بەسمت و کەفەڵیدا. پێش ئەوەی دەست پێ بکا وتی:

- ئەمـشـەو لە خـزمـەتتـاندام و ئومـێـدەوارم شـەوێکی شـاد و سـەفـابەخش ببـەنە سـەر. لەوەی دڵنیـام ئێـوەش وەکو من وێلۆنـەکەی پەروێزی خۆشـەویستم بردتانییە نێو دونیای عشق و ڕۆمانسییەتەوە. منیش بەخیلیتان لەگەڵا ناکەم و هەر لەو هەوارگەدا دەتانهێڵمەوە و چەند چوارینەیەکی سالاری سەرمەستان خەیامی هەمیشە زیندووتان بۆ دەخوێنم و ئومێدەوارم جێگەی ڕەزامەندیتان بێت. هاڕەی چەپڵە بەرزبوویەوە، تاوسەکە هاتە قریوە، سۆنەکانی ناو گۆمی مەلە ترسان و بەپەلە کەوتنە سەروخوار.. تیپی مۆسیقا لە تەرازووی ژێی کەمان و عـود و تـارەکـانیـان بووبوونەوە. حـومـەیرا لـە پێـشـەوە بەرانبـەر مـیکرۆفـونەکە و پەروێزیش لە دوایەوە. سـەرەتا ئاهەنگەکە بەوێلۆنی

پەروێزەوە بەمەقامی سەبا دەستی پێ کرد و دووبارە وێلۆنی هێنایەوە شێوەن و گریان. پەروێز لە حاڵەتی خۆیدا دەکولاّ و دەجۆشا. حومەیرا لە پشتی میکرۆفۆنەوە ئامادەی ئاماژەی پەروێز بوو لە پڕ چریکاندی:

ئەو کۆشکەی جەمشید تیادا ڕایدەبوارد بەسەرخۆشی

ئاسکی تیا زاوە دایگرتووە بێ دەنگی و خامۆشی

بارام پەیوەستە ڕاوچی گوڕ بوو گوڕی دەگرد

دیت وا بارام گۆڕ گردیە خۆ و.. خۆڵ دایپۆشی...؟

دانیشتوانی شەونشینی مەستی ئەلکول و سەرگەرمی قسەوباس بوون.. دەنگە زولاڵەکەی حومەیرا شریتی تەواوی ئەندیشەیانی پچڕپچڕ کرد و هێنایانییە هوشا و سەریان بەلایەوە چەرخاند. هەتاوەکو ئەمیر ئینتیزام و ئەمیر ئەقدەم و ئاغای مستەفیش فەرامینی شا و یاسای تازەی کشتوکاڵیان بڕیەوە و تەنها ئاغای ڕەزم جو نەبێت لەسەر ماڵی دەرۆیشت و لە قسەکانیدا بەردەوام بوو.

ئاغای مستەفی وتی:

- ئاغای ڕەزم جو دەزانین ڕەزم جویت و کۆڵنەدەر، لێگەڕێ با گوێ لە حومەیرا خانم بگرین.

ئەسفەندیاری ئەمیر ئەقدەم پێک بەدەست ئۆدکوڵنێکی بۆن توندی لە خۆی پەرژاندبوو لەگەڵ بۆنی کرێمی ڕیش تاشینا تێکەڵ بووبوون نەرم نەرم لە مێزەکەی گێتی و ئالەمتاجەوە نزیک بوویەوە وا دەهاتە پێشەوە وەک وابێت نەیانی دیوە. گێتی دەیزانی ئەسفەندیار بەتەمای ئەلەمتاجە، لە مێژدا لە شاری کرماشانا ئەو باوە بڵاو بووبوویەوە بۆیە وتی:

– ئەرێ بۆ شـوو بەئەسـفـەندیارخـان ناکـەی؟ کـۆلێـژی هـەندەسـەی کشتوکاڵی لە ئەڵماندا تەواو کردووە.

– نەیکردووە؟

– با..

– کـوڕە گـەورەی پیـاوێکی وەک ئـەمـیـر ئـەقـدەمـە و جـوان خـاسـیـش هەیە، نییە؟

– با جوانخاسیشە.

– ئەی بۆ ڕاوەستاوی؟

– ڕاست دەکـەی ئـەسـفـەندیار خـاوەنی زۆر شـتـە و ڕەنـگە لە خـەڵکی دی شیاوتر بێت بەڵام..

– بەڵام چی؟

– برێک پارێز دەکەم و دەترسم تووش بم.

گێتی دەیزانی مـەبەسـتی لە تووشـبـوون چییـە، بەڵام خـۆی لێ گـێل کرد و وتی:

– تێت ناگەم مەبەستت لە تووش بوون چییە؟

– ڕاستت بوێت تۆقیاوم. لە قومار بازی و خانم بـازییەکەی. ئەو دوو خۆخسلەتە ئافەتی ژیانی ژن و مێردین و دەترسم تووشی دەردەسەر و بێ ئەحواڵیم کا.

– دەتوانی مـەرج و مـەرزی بۆ دانەی، یانی لەسـەر حیسـاو و کتـاو و قەوڵ و بەڵێن.

– جـا قـورمـاچی کـەی ئەوەندە پابەندی مـەرج و مـەرز و بەڵێـنن؟ کـە دای لەســەریان هەرچی بەڵێن هەیە دەیخــەنە ژێر پاوە تـازە ئازار و ئەزیەتی ژن و منداڵ بەپیاوەتی و مەردانەگی دەزانن؟

– پێم وایە تۆزێک بێ ویژدانی دەکەی. بەگوێی خوشکی خۆت دەکەی دەست بەسنگییەوە نانەیت، هەموو شت شیاوی گۆڕینە.

لەم کاتەدا ئەسفەندیار یەک دوو مەترێکی مابوو بگاتە لای مێزەکەیان ڕوو بەحومەیرا نەرمە مژی لە پێکەکەی دەدا، بەڵام قنگە چاوی بەلای گێتی و ئالەمتاجەوە بوو لەپڕ گێتی وتی:

– ئەسفەندیار خان!

ئەسفەندیار شپرزانە لای کردە لایانەوە...

– فەرموو لامانەوە.

ئالەم وای نەدەزانی گێتی ئاوا بانگ کردنێکی بکا. تۆزێ شپرزەیی کەوتە ڕوخسارییەوە. ئازاش دیسانەوە خۆی هێنایەوە دەست. دوای چاکی و چۆنی باسی هونەرمەندیی حومەیرا و پەروێز، گێتی وتی:

– بەیارمەتی ئێوە دەگەڕێمەوە لای باوکم. چاوەڕوانی وەڵامی ئالەمتاج نەبوو بەدەم ڕۆیشتنەوە وتی:

– ئێوەش سەختی لێ مەنوون، بڕیاری خۆتان بدەن..

حومەیرا چورانیەیەکی دی دەست پێ کرد..

ئەوی دەیڵێم ئاشکەراو ڕوون و دیارییە
تۆپی بەرپای گەردوونین لەم.. یارییە
باراشی ئاشەکەی.. تیاچوونی ئێمەییە
بەرەو دۆڵی نەمان.. هەنگاومان یەکجارییە

لەپڕ شڵپە هەڵسا شڵپەکە قیژەی ژنێکی ترساویشی هاوڕا بوو. تەواوی دانیشتوان بەلای شڵپە و قیژەوە سەریان وەرچەرخاند، کە نواڕیان ئافرەتێکی گۆشتن لەناو گۆمەکەدا پەل دەکوتێت. ژنە

بەکـەوشـی بـاژنە بەرزەوە بـەلێـواری گـۆمـەکـەدا تێـدەپەڕێت پـاژنەی کەوشـەکەی دەکەوێتە تویەی دوومەڕمەڕی لێوارەکەوە و پای پێچ دەخوا و دەکەوێتە ناو گۆمەوە...

زیقە زیقی مراوی و قیـژەی لەسـەر یەکی ژنـە و شـڵپـە شـڵپـەکەی لەگـەڵ پێکەنینی دانیـشـتـوانا تێکەڵ بووبوو. ژنەیان پەلەکـێش کـردە دەرەوە.. باڕوکەی سەری ژنە کەوتبووە سەر ئاو، مراوییەکان دەتۆقیان لێی نزیک بنەوە..

٥

لە سەرەولێژییەکی دەست بەیەخە تووڕیان دایە خوارەوە و هەرچی دەکۆشا خۆی بگرێتەوە پێی نەدەکرا؛ پەل و پۆ و سەروگوێلاکی دەیدا بەتل و بەردا و وەک تۆپێک گرمۆڵە، گل دەبویە خوارەوە، کە هەستا لە خەو تەواوی لەشی شەلاڵی عەرەق و هەناسەش سوار و یەک پای لە سیسەمەکە شۆڕ بووبوویەوە، کە دەستی برد بۆ لیوانی پڕ لە ئاوی ژوور سەری تا بیخواتەوە دەست و پەنجەی دەلەرزی و لیوانی ئاو ڕژایە سەر پێخەفەکە. لەبەر خۆیەوە وتی: چیتە کابرا؟ خەوە.. خەو.. بەزەحمەت هەستا و لەسەر کەمەی سیسەمەکە دانیشت و لیوانێکی دی پڕ لە ئاو کرد و خواردیەوە.. کە دووبارە گلاسەکەی دانایەوە ڕوانی کتاوەکانی تەڕی ئاون. یەکێکیانی هەڵگرت و چەند پەڕەیەکی لادایەوە و وتی:

– مام هیگل زویر مەبە، ئەو خەوەی من دیم تۆش بتدیبا لە من خراوتر دەبوویت.

کتاوی دانا و هەستایە سەر پا.. لە سەعاتی سەردیوارەکە وردبوویەوە، دووبارە لەبەر خۆیەوە وتی: هەتیو هەستە درەنگە..

چووە لای تەلیفۆنەکەوە و چەند ژمارەیەکی بادا و ڕاوەستا. ئینجا وتی:

– هەلاو.. مادام ڤارتومیان منم من فەلامەرز. دەتوانم لەگەڵ یاسەمین قسە بکەم؟ فەلامەرز دەنگی خانمی ڤارتومیانی دەناسی.

یاسەمین ژوورێکی لە پانسیۆنەکەیدا بەکرێ گرتبوو. سەرجەم پانسیۆنەکەی حەوت ژووری نووستن و هۆڵ و میوانخانە و ئاشپەزخانەی تێدابوو. جگە لە ژوورێکی نەبێت ئەوشەشی بەقوتابیان دابووە کرێ. خانمی ڤارتومیان ئەرمەنییەکی پەنابەری ڕووسی بوو لە شۆڕشی ئوکتۆبەردا باوکی خۆی گەیاندبووە ئێران و هەر لە ئێرانیشدا مرد و بڕێک دارایی لێ مایەوە بۆ ئانای کچی و ئاناش دوای شووکردن و مێرد مردن و بەپانسیۆن دارییەوە دەژیا. ئەوەندە باسی باوباپیران و مێردەکەی بۆ دانیشتوانی پانسیۆن کردبوو تەواوی ڕووداوەکانی ژیانیان دەزانی.

یاسەمین هاتە سەر تەل و زانی فەلامەرزە. دیاربوو بێ چاک و چۆنی دەڵێت درەنگە، بۆیە لە وەڵامیدا وتی: تۆ جارێک بەپانی باسێکم لێکە، ئەوسا بڵێ درەنگە. تازە ئەوا ڕۆیشتنیش، هەر پیایانا دەگەین. من وا هاتم، هەر دام لە زەنگ وەرە دەرەوە. تەلیفۆنی داخست و پەلەپەل کەوتە ژانتا و جل کۆکردنەوە. ژانتای بەدەستەوە گرت و لە ماڵ هاتە دەرەوە بەرەولای ماشینەکەی. یارە ڕیقو فەلامەرزی بەژانتاوە دی.. خوڕییە برازای و وتی: ڕاکە ئەو ژانتایەی لێبگرە. ڕەحمان وەک تیر لە کەوان دەرچێت خۆی گەیاندە فەلامەرز و ژانتای لە دەستی وەرگرت. فەلامەرز بێ ئەوەی ڕاوەستێت بەڕەحمانی وت: بیستمە شەوی میوانییەکە لە دواییدا مەشرووبت خواردوەتەوە و مەست بازیت دەرهێناوە.. هەتیو لەم تەمەنەدا مەست بازی دەربهێنیت وەی بەسێ چوار ساڵی دی.

– قوربان بەعشقی جەنابی ئەمیرەوە چەند لیوانێک پاشماوەم خواردەوە.

- من کارم بەپاشماوە و پێش ئامادەوە نییە، ئەگەر ئەمیر بزانیت لێت خۆش نابێت.

- قوربان! تۆبە، گووم خوارد! جارێکی دی غەڵەتی وا ناکەم.

فەلامەرز سواری ماشین بوو لە حەوشەش وەدەرچوو بەرەو گەڕەکی عەباس ئاباد. هەتاو چەند رمێک لە چیای ئەلبورزەوە بەرزتر دەنوا. دەربەند و دۆڵەکانی یەشتا لە سێوەرێکی شینا دەهاتنە چاو. توێژێکی تەم و مژ ئاسمانی تارانی داپۆشیبوو. فەلامەرز لەبەر دەرگای پانسیۆنەکەی مادام ڤارتومیاندا وەستا و دابەزی و دەستی بەدوگمەی زەنگ دانا و یاسەمین ژانتا بەدەست بەپەلە لە دەرگا هاتە دەرەوە. پانتۆڵێکی "Lee" لولەتفەنگی لە پادا و شەوییەکی دەڵپ و ئاچوخی شۆڕ کردبووە سەریا، تاڵێک موورووی پیرۆزەی وردی لە ملا بوو. فەلامەرز ژانتای لە دەست وەرگرت و هەردووکیان قونینە نێو ماشین و بۆی دەرچوون.

یاسەمین وتی:

- لەسەر خۆت وابڕۆیت زووتر بەو دونیا دەگەین بەو قسەدا ماشین لە تیژیی کەم بوویەوە. گەیشتبوونە نزیکی زانکۆ و ترافیکی شەقامی شارەزا. ماشینەکان وەک کەولی شقارتە شان بەشان وەستابوون. مەتر مەتر دەچوونە پێشەوە.. کە گەیشتنە چوارڕیانی شارەزا و پەهلوی ماشینەکەیان لە کولانێکدا ڕاگرت و پەلەو تەکان بەرەو زانکۆ وەڕێ کەوتن. یەشتا نەگەیشتبوونە ساختمانی کۆلێژ لەگەڵ ئاغای عابدینی پێش خزمەتی ئاتیلییەکان ڕووبەڕووبوونەوە..

فەلامەرز بەهەناسکە برکەوە وتی:

- کەی کەوتنە ڕێ؟

– هەمووی دە دەقیقە نابێت..

– پاسەکان هی چ کۆمپانیایەکن؟

– پێم وایە T.B.T بوو. ڕەنگەکانیان وابزانم شینی ئاسمانین و هەریەکە پارچەیەکیان بەلووتەوەیە.

فەلامەرز و یاسەمین وەرچەرخانەوە بۆلای ماشینەکەیان.

فەلامەرز وتی:

– دەڵێم با نەختەکێک شرینی و ساردەمەنی بکڕین بۆ ڕێگە، نەکا تینوومان بێت. چی دەڵێی؟

– خۆ بەرەو بیابان ناڕۆین ئەوە کاشانە هەمووی دوو سەعات ڕێگەیە.

بە شەقامی شارەزادا ڕوو بەڕۆژهەڵات وەڕێ کەوتن و لە گۆڕەپانەکەی پیری "طوس"دا پەیکەرەکەی فیردەوسی شانازی دەفرۆشت بەزەوی و زەمان. فەلامەرز ئاوڕێکی تیژی لە پەیکەرەکەی دایەوە و وتی:

– باوەڕدەکەی دەڵێی ئەمە یەکەمین جارمە ئەم پەیکەرەی دەبینم. نازانم بۆ هەرکە ناوی فیردەوسی دەبیسم کوتوپڕ دەکەومە بیری دەیوەسپی و ئەسفەندیار و هەڵس و کەوتەکانی شانامەوە.

– ئەوەندە باسی دێو و درنج مەکە ئەمشەو دێنە خەوم.

– ناوێرن..

– بۆ ناوێرن، مەگەر لەچی دەترسن؟

– بۆ من بەکەم دەزانی؟

– نا، بەڵام خۆ تۆ لەگەڵما ناخەویت.

– هەر لەو نزیکانەبم زاتی ئەوەیان نابێت.

– بەم چەشنە ڕۆسەم لە چاوتا فس فس پاڵەوانە.

هەردوو پێکەنین.. بەم پێکەنینەوە فەلامەرز دەستی ڕاستی لە سووکان بەردا و خستییە سەر شلکەی ڕانی..

یاسەمین لێی مۆڕبوویەوە و وتی:

– زۆر مەڕۆ، ئەوەندە و بەس.

بەرەو خواربوونەوە بەچوارڕیانی ئەسلامبولدا پەرچەمە سوورەکەی باڵیۆزخانەی تورکیا با دەیشەکاندەوە، مانگ و ئەستێرەکەی تاوتاو با گرمۆڵەی دەکرد و جزی مانگەکە دەچووە چاوا. فەلامەرز بێ ئەوەی لابەلای یاسەمینەوە کا وتی:

– مێژوویش جارەوبار ئەوەندە بێ ڕەحم و دوورە لە ڕاستەقینەوە مرۆڤ دەخاتە گومانەوە لە ڕاستەکانیش، ئەوەتا پیاوکوژ و خوێنخۆرێکی وەک ئەتاتورک بووە بەنیشانەی نەتەوایەتیی میللەتی تورک.

– سەختی لێ مەنوە، مێژوو ساختەی دەستی زەڕوزۆرە لەوە دڵنیابە ڕۆژێک لە ڕۆژان دووبارە دەنووسرێتەوە دوور لە درۆ و بەرژەوەندی و کاسەلێسی برێک لە مێژوونووسانی ئەوسا و ئێستاکەش. من پێم وایە زانست و تەکنەلۆژی و فەرهەنگی مرۆڤ دەگاتە پلە و پایەیەکی وا دەنگی دیناسووڕ و پیاوەگەورەکانی مێژوو کە ملیۆنەها ساڵە شەپۆلەکانی لە ئاسماندا وێڵ و سەرگەردانن دەست چین دەکەن و وەک فلمێکی سینەمایی تۆمار دەکرێن و دەخرێنە بەرچاوی خەڵکی ئەو حەلە پاڵەوانە ڕاستەقینەکانی مێژووی مرۆڤ دەناسرێن..

– وانازانی زۆر بخایەنێت؟

- پێم وانییە بنوارە تەواوی بەدەست هێنانەکانی مرۆڤ لەم سەد ساڵی دوایەدا بووە. سەرتاسەری مێژووی بەشەرییەت بەلایەک و ئەم سەد ساڵی دوادوایەش بەلایەک..

- ئێمە ئەو ڕۆژە نابینین، لەوە زۆرتری دەوێ.

گەیشتبوونە مەیدانی تۆپخانە و لەوێرا بەرەو خواربوونەوە، گەیشتبوونە دامێنی شار. درەختەکانی گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا با دەیشەکاندەوە.. بەبندەستی حەسارەکەیدا گوزەران و ڕووبەڕووی دەروازەکەی بەشیرەی ئەمبولانسێکدا لایانکردە لایەوە چاتمەی دەروازەکەی دوو ماشینی پیا دەڕۆیشت.

فەلامەرز وتی: ئەم گۆڕستانە بەربلاوە ڕەنگە ساڵەهای ساڵ پڕ نەبیتەوە؟

یاسەمین شووشەیەک بیبسی بەدەستەوە بوو ناوناو مژی لێدەدا. مژێکی لێدا و وتی:

- مەترسە هەژاری و نەخوێندەواری خۆش بێت بەناچار بەربلاوتریش دەکرێتەوە.

فەلامەرز لای کردە لای یاسەمینەوە. سەری شووشەی بیبسییەکەی لەناو دەمی یاسەمین دابوو دوو لێوی گۆشتنی سووری هەڵگەڕابوون.

لەپڕ وتی:

- دەزانی تا ئێستا نەمزانیوە دەم و لێوت ئەوەندە جوانن.. شەهوەت ئەنگێزن؟

یاسەمین بیبسییەکە پەڕییە قورگی و کەوتە کۆکەکردن، چاوێلکە ڕەشەکەشی لەچاو کەوتە خوارەوە و کەوتە سەر پاوپلیدا. فەلامەرز تۆزێ پەشۆکا و وتی:

– ڕاوەستم؟ یاسەمین هەروا دەکۆکی.

فەلامەرز ماشینی ڕاگرت. یاسەمین وردەوردە هاتەوە سەر خۆی.

فەلامەرز هەروا بەپەرۆشەوە دەینواڕییە یاسەمینا و وتی:

– خۆ من قسەیەکی ناجۆر و ناڕێکم نەکرد بۆ وات بەسەردا هات؟

– جا من کەی وتوومە ناڕێکت وتووە. بەڵام ئەمە یەکەمین جارە ئاوا قسەیەکت لێ دەبیسم.

– بۆ لەمەولا لەم بابەتە قسانە زۆر دەکەم تا تووشی قفە و کۆکەی وا نەبیت.

دووبارە کەوتنەوە ڕێ، زۆر نەڕۆیشتن گەیشتنە دووپاسەکەی قوتابیانا. فەلامەرز پای نا بەبەنزینا و لە هەردوو پاس ڕەت بوو. یاسەمین دەستەسرێکی لە ژانتاکە وەدەرهێنا و لە پەنجەرەی ماشینەکەوە دەستی بەبادانی کرد و برێک لە هاوالانییان سەریان لە پەنجەرەی پاسەوە وەدەرهێنا. هەروا دەڕۆیشتن بەرەو شاری قوم.

فەلامەرز وتی: لە قوم سوهان بکڕین؟

– باشە بۆ ڕاوەستین..لە کاشان دەیکڕین.

– کاشان و سوهان؟ کاشان بەکولاژدم و بێ دەرماڵی بەناوبانگن.

– جا من لەم دونیای خوایەدا لە دوو شت دەترسم. مشک و کولاژدم.

– مەترسە لە کولاژدم، دڵنیام بەڵام ساواک نەء..

– تۆ جیاوازییەکی ئەوتۆ دەبینی لە نێوان کولاژدم و ساواکا؟ تازە کەی کاتی ئەوەیە ئەو خوێنخۆرانە بخەیتەوە بیرمان؟

– دەڵێم ئەگەر لە قوم یا هەر قاوەخانەیەک ڕاوەستاین با ژیلایش بهێنینە لای خۆمانەوە.

– بەو شێوە دەبێت برێک ئاگامان لە وتووێژمان بێت.

– لە هەموو کاتێکدا دەبێت زیرەکانە بدوێین و هوشیارانە هەنگاو بنێین.

– با وەک ئاگاداری پەیوەندیی نێوان ژیلا و کورێکم لە کۆلێژی پزیشکیدایە یەک دووجار لەلایەن ساواکەوە گیراوە و خراوەتە بەندیخانەوە.

– خۆ لە بیرتە ڕۆژی (٢١ – ٤) سەعات هەشتی شەو لەماڵی بیژەن کۆبوونەوەمان هەیە.

– لە بیرمە. تۆ تا ئێستا شاری کاشانت دیوە؟

– نا..

– منیش نەمدیوە؛ بەڵام لە ڕێگەی گۆڤارە هونەرییەکانەوە زۆربەی زۆری ساختمانەکانی دەناسم.ڕەنگە تۆیش زۆریانت بەرچاو کەوتووبن.

– ناسینی نێو ڕەسم و وێنەی فۆتۆگراف جیاوازە لەگەڵ بینینی ڕاستەوخۆدا. ئەرێ نەتوت بۆردی ڕەسمکردنت هێناوە؟

– نا نەمهێناوە. زۆر حەزم لە ڕەسمکردن بوو بۆردێک لە برادەران وەردەگرم.

– کە ماندوو بوویت بیدە بە من.

– ئەوەندەمان نەماوە بۆ شاری قوم.

–کە وایە ئەوەندە تیژ مەڕۆ با برادەرانمان پیاڕاگات نەکا لە شاردا لادەن.

– باوەڕناکەم لە شاری قوم ڕاوەستن، بۆ خۆت حاڵ و ئەحواڵی برادەرانمان دەزانی لە دەشت و دەردا چی لەبەردەکەن. بەتایبەت کچەکان شتی وا لەبەردەکەن نەک بۆ شاری قوم کە بەشارێکی پیرۆز

دەدرێت لە قەڵەم، بۆ کافەتریای کۆلێژەکانی دیش دەست نادەن. لە قوم ئافرەتێکی بێ پەچە و عابا بەدی ناکەی.

گومەتە زێڕینەکەی مەرقەد لە ژێر تیشکی هەتاودا دەبریسکایەوە؛ پاسەکان بێئەوەی لە شاردا ڕاوەستن، شاریان بەجێهێڵا. دەشتە کرکای کرکەکەی نێوان قوم و کاشان تا دەتنواڕی سارایەکی بێ بن و بیخ دەنوا، بیست کیلۆمەترێک لە قوم دوورکەوتنەوە بەسەر جادەکەوە سێوەری ساختمانێک وەدی دەکرا. کە نزیک بوونەوە بەسەر ساختمانەکەوە تابلۆیەک لێی نووسرابوو قاوەخانەی "سارا".

ماشینەکان لە بندەستی قاوەخانەدا ڕاوەستان. دووسێ سەعات دەبوو لە نێو ماشینا بەڕێگەوە بوون. چەند ماشینێکی دیش ڕاوەستابوون، ژمارەی ماشینەکان بەسرە و بەغدایان لێ نووسرابوو بەجۆری وەستانیان دیاربوو بەرەو شاری قوم دەڕۆیشتن. چەندین ئافرەتی ڕەشپۆشی فوتە بەسەر و چەندین پیاوی عەگال لەسەردا بڕێک دانیشتبوون بڕێکی تر لە هاتوچۆدا.

یاسەمین لە فەلامەرزی پرسی:

– ئەمانە بۆ کوێ دەڕۆن؟

– دەڕۆن بۆ زیارەتی مەعسومە و لەوێڕاش بەرەو مەشهەد.

– بۆچی خۆیان ئیمام و مەزاریان کەمە وا ئەم ڕێگە دوورەیان گرتوەتە بەر. بەجلوبەرگیانا لام وانییە دەست ڕۆیشتوو بن.

– ئەمانە وەک شمشێری دوولا وان، هەم زیارەت و هەم تیجارەتیش دەکەن؛ بڕوانە باری سەر پاسەکانیان پڕە لە خورمای جۆراوجۆر و شتومەکی عێراقی و لەیرا دەیفرۆشن و لە گەڕانەوەشدا هی ئەیرا دەکڕن و دەیبەنەوە.

– تۆ چوزانی؟

– وەک دەزانی شــاری کــرند بەســەر ترانزێتی نێــوان بەغــدا و تارانەوەیە زۆر لەمانە لە قاوەخانەکانی کرندا لا دەدەن.

ژیلا لە دواوە بەهەردوو دەست هەردوو چاوی یاســەمــینی گــرت و هەروا ڕاوەستا. یاسەمین پەنجەکانی خشاندە سەر دەستی ژیلادا و وردە وردە تا گەیاندییە لای ئەنگوسیلەکەی ئەو حەلە قیژاندی و وتی:

– ژیلا..

شەست هەفتا کەس لەپڕ بڕژێنە قاوەخانەیەک تێکەڵ و پێکەڵییەکی وا پێک دێت، سەگ خاوەنی خۆی نەناسێت و کەس بەتەمای پێش خزمەت و شاگرد دا ناکەوێ. فەلامەرز هەستا و وتی:

– دەڕۆم بزانم شتێکتان بۆ وەگیر نایەنم..خۆ برسیتان نییە.

– جــارێک زووە بۆ نان خــواردن؛ بەڵام چاییی دڵەمــەت لەبیــر نەچێت.فەلامەرز وەک گوریلا دووسێ جار دای بەسەر سنگی خۆیدا و وتی:

– هێرش! وا چووم. ڕوانی برادەرانی بەسەر چایچییەکەوە تۆپەڵیان کــردووە. بەدژوارییــەکی زۆر سێ چایی وەدەست هێنا و بەرەولای مێزەکەیان گەڕایەوە و دانیشت و وتی:

– بۆ ناڵێن سوپاس؟

یاسەمین ڕوو بەژیلا:

– دەنوارِی چی دەڵێت هەمووی سێ چاییی بێڕەنگی سارد و سڕی بۆ هێناوین دەڵێی هیچی نەهێڵاوەتەوە.

– حەقتانە وام پێ بڵێن؛ بۆ سپڵە خۆ بدە بەکوشت، دەڵێت بەدەردی خوا مرد، نانوارِێ چ فەرتەنەیەکە.

یەکێک لە برادەران لەولاوە گیتاری لێدەدا. ژنە فوتە بەسەرەکان هەروا حەپەسابوون. پاوپلی ڕووتی تا سەرچۆکی کچان و جلی زەرد و سووری قوتابیان سەرنجی ڕاکێشابوون. لەگەڵ یەکدا کەوتبوونە مقۆمقۆ و لە یەکدانەوە. دوای نیو سەعات دووبارە وەڕێ کەوتن. بەرنامەیان لە مێژدا دارِشتبوو، شەو لە کاشاندا دەمانەوە و بەسبەینیدا دەگەڕانەوە بۆ تاران. تەنها هوتێلەکەی کاشانیان لە مێژدا داگیر کردبوو. سەعات دوانزەی نیوەڕۆ گەیشتنە شاری کاشان. دوو سەعات تەرخان کرابوو بۆ کاتی ئازاد و حەسانەوە. مامۆستاکانی کۆلێژی میعماری بەرنامەی گەشتەکەیان وا دانابوو کە لە سەعات دووی نیوەڕۆدا کۆبنەوە و بەرەو سەرای ئەعزەم خان و باغی ڤین بڕۆشتنا بۆ شێوەکێشانی لە دەر و دیوار و سەرتاسەری ساختمان. مەنوچەهر یەکێک بوو لە قوتابییانی هونەرە جوانەکان و خەڵکی شاری کاشان بوو، هاتە لای فەلامەرزەوە و وتی:

- دوایی بۆ شەوێ تۆ و یاسەمین و ژیلا لە ماڵی ئێمە میوانن. سەرجەم بیست و دوو کەسم دەعوەت کردووە. ماڵەکەمان جێگەی هەر ئەوەندەی تیادا دەبێتەوە ئێوارە دێم بەدواتانا. ئەوەی وت و ڕۆیشت. یاسەمین سەیرێکی فەلامەرزی کرد و وتی:

- تەماشا.. تەماشا.. کێ دەڵێت خەڵکی کاشان ڕەزیل و بێ دەرماڵن، ئەوی وتراوە درۆیە. ئینجا سێ کەسی فەلامەرز و یاسەمین و ژیلا بەدەنگی بەرز سێقۆڵی سێ چوار جار لەسەریەک وتیان.. درۆیە هەی درۆیە درۆیە هەی درۆیە.

- من بەرچاییم نەخواردووە. ڕێخۆڵەکانم قرم و هوریانە ئەوەندەم برسییە.

فەلامەرز ڕوو بەژیلا:

– خۆ منیش بەرچاییم نەخواردووە تۆیش وەک یاسەمین برسیتە؟

– لەناو پاسەکەدا چەند دانە شرینیم خواردووە بڕێک بەری دڵی گرتووم، بەڵام نانم پێ دەخورێت.

– دەبا بڕۆین.

پیادە بەڕێ کەوتن بۆ شەقامە سەرەکییەکەی ناو شارەکە کە بەرەو چەقی شار دەچوو بەلای دانیشتوانی شاری کاشانەوە هات و چۆی قوتابی و چاوساقەکانی بیناسازی خۆماڵی و بیانی شتێکی ئاسایی بوو. لەو گەشت و گوزارانەیان لا خۆش بوو بەڕەونەقی کەسب و کاری خۆیان و شارەکەیان دادەنا و دەکۆشان ئاسایشیان بۆ پێک بهێنن. سەری سەعات دەگەڕانەوە لای هوتێلەکەیان. وردە وردە قوتابیان کۆ دەبوونەوە. بڕیاریان دا ببنە دوو بەشەوە، بڕێک بۆ باغی ڤین و بڕێکی دی بۆ سەرای ئەعزەم خان. فەلامەرز و ژیلا و یاسەمین باخی ڤینیان هەڵبژارد. باخ چەند کیلۆمەترێک لە شارەوە دوور بوو هەمان باخی ناسراو قەتلگای "ئەمیر کەبیر" سەرەک وەزیرانی سەردەمی ناسرەددین شای قاجار. لە ڕووی ئاوڕۆ و ئاو عەمبار و چۆنیەتی دەر و دەروازە و گوڵ و گوڵزارەوە بەجێگەیەکی هونەریی تایبەتمەند دەژمێردرا. زۆربەی قوتابیان سێ پایەی نیگارکێشانیان قیت کردبوویەوە و بەشێوە کێشانەوە خەریک بوون.

فەلامەرز ڕوو بەیاسەمین:

– لە پێش هەموو شتێکدا دەمەوێت قەتلگاکەی ئەمیر کەبیر ببینم. ئێوەش دێن؟

لە دەروازەی باخ چوونە ژوورەوە. باخی ڤین سەرجەم بیست هەزار

مەتری چوار سووچە دەبێت. درەختە کۆنە ساڵەکانی باوشی چەندین زەلامی پیاناگا. تەواوی جۆگەلەی ئاوڕەوەکانی لە قوڕی سوورەکراو دروست کراوە.

لە چەقی جۆگەکەدا مەخروتێکی گچکەلانە کە ئاوی جۆگەکە سەربەرەو خوار بەخوڕ دێتە خوارەوە و لەسەر پۆپەی مەخروتەکەوە مەترێک ئاو بەرزدەبێتەوە ئەگەر لە دوورەوە لە جۆگەڵە و مەخروتەکان ورد بیتەوە، چەندین فەوارەی تیا دەبینی.

هەرسێ چوونە نێو حەمامەوە، فەلامەرز وتی:

– ئەو سەکۆیە دەبینن.. ئەمیر بەسەر ئەو سەکۆوە ڕاکشابوو.. یاساوڵی ناسرەددین شا دێتە ژوورەوە. یاساوڵەکە ناسیاری ئەمیر دەبێت، لە خەجاڵەت و شەرما هیچی پێ ناوترێت.

ئەمیر دەڵێت: دەزانم بۆچی هاتوویت، وەرە پێشەوە فەرمانی شا جێبەجێ کە. یاساوڵ دەست بەگریان دەکا. ئەمیر دڵخۆشی دەداتەوە و دەڵێت:

– کارێکت پێ سپێراوە. ناچاری ئەنجامی دەی. چ شێوەیەکت پێباشە، وەرە پێشەوە بیکە.

جەللاد دەڵێت:

– قوربان لە هەمووی بێ ئازارتر بڕینی دەماری دەستە.

دەڵێت: دەتوانم وەسیەت بنووسم.

جەللاد دەڵێت:

– قوربان ئازادی.

ئەمیر دەڵێت:

- هەر لە وەسیەت نووسین بوومەوە وەرە دەست بەکار بە. دوای چارەکە سەعاتێک، ئەمیر جەللاد بانگ دەکاتە ژوورەوە و هەردوو مەچەکی دەخاتە بەر دەستی جەلاد هەردوو دەماری مەچەکی دەبڕێت و خوێن زەوی ڕەنگین دەکا.. بەو چەشنە ئەمیر دەبێتە قوربانی هەوا و هەوەسی "مەهد العلا" دایکی ناسرەددین شا. لەسەرشۆرگە هاتنە دەرەوە هەرسیانیان غەم دایگرتبوون، یاسەمین ڕوو بەفەلامەرز:

- لەوە دەڕوا خەیاڵی "ئسکێچ" کێشانت نەبێت؟

- حاڵی ئەوەم پێوە نییە، ئەی تۆ؟

- منیش.. نازانم بۆ ژیلا؟

ژیلا وتی:

- من بۆردم نەهێناوە.

لە باخ وەردەهاتن، فەلامەرز وتی:

- با بڕۆین لەو چایخانەیە لێی دانیشین.. بێ هیچ وەڵامێک هەرسێ بەرەو چایخانە بەڕێکەوتن. خەمێکی شاراوە لە دەروونیانا پەنگی خواردبوویەوە. لەپڕ فەلامەرز بەدەستی ئاماژەی بۆ ئاسمان کرد و وتی:

- ئەوسانێ دەیبینن؟

یاسەمین و ژیلا ڕاچەڵەکین.. نەیاندەزانی فەلامەرز دەستی بۆ چی درێژ کردووەتەوە.. هەروا لە سەرسامیدا بوون.

فەلامەرز وتی:

- ئەو پەڵە هەورە دەبینن؟

ژیلا و یاسەمین ئاوڕێکیان لەیەک دایەوە. یاسەمین وتی:

– دەتەوێ چی بڵێیت؟

– من نامەوێ هیچ بڵێم خەڵکی ئەم شار و ناوچەیە دەڵێن.. هەمیشە پەڵەیەک هەور بەسەر باخی ڤینەوەیە لێی دوور ناکەوێتەوە..

– جا باشە بۆ هەوری پاییز نەبێت.. بۆ باوەڕت بەم قسانە هەیە؟

باوەڕی من و تۆ هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.. گرنگ ئەوەیە خەڵک، دەکۆشێت زوڵم و زۆر لەبیر نەچێتەوە.. ئەوەسا بۆ دووسەد ساڵ دەڕوا یەشتا حەمامی باخی ڤین بۆنی خوێنی لێدێت.

ئێوارە مەنوچەهر هاتە دوایانا. تەواوی قوتابیان بەسەر زەوییەوە دانیشتبوون "بایاش"یش. بایاش وانەی سکێچی میعماری دەوتەوە. تۆزێ فارسی دەزانی. باریک و ڕەقەڵ چووبوو بەئاسمان. لە ڕوخساریدا لووتە قونگەکەی لە پێش هەموو ڕوخساریدا وەدی دەکرا. لە ڕێ ڕۆیشتندا لۆقەی دەکرد. قوتابیان ناویان نابوو شینە شاهۆ. مەزە و خواردنەوە بەسەر سفرەوە چنرابوو. بایاش هەوەسی تریاک کێشانی کەوتە سەر.. مەقاڵە و سکڵ و وافوری تریاک کێشانیان بۆ ئامادە کرد و لەبەر دەستیدا دانرا. وردە وردە سەرگەرم دەبوو. چەپڵە بەرزبوویەوە، چەند کەسێکیش هاتنە سەما.

شەو درەنگ گەڕانەوە هوتێل، فەلامەرز و برادەرێکی لە ژوورێکدا بوون. چرایان کوژاندبوویەوە. گیزە گیزی مێشوولە دەبیسرا. فەلامەرز دووبارە گڵۆپی داگیرساند و بەسەر کەمەی قەرەوێڵەکەوە دانیشت و چاوی گێڕدەدا، چەندین تەونی جاڵجاڵۆکە لە سووچ و بنمێچی ژوورەکەدا دەبینرا. دووبارە ڕاکشا و خەو نەدەچووە چاوی. هاوڕێکەی لەژێر لێوەوە وتی:

– بیری لێ مەکەوە، نیوەی هەزار پێنج سەدە.

بە سبەینێدا ڕوو بەتاران گەڕانەوە. هەر لە شاری قوم دوورکەوتنەوە ناڵەیەک بەرزبوویەوە. یەکێک لە پاسەکان لاتەرازکەی بەست بەچەپ و بەڕاستدا. لێخورەکە بەدژوار توانی پاسەکە ڕاگرێت، یەکێک لە تایەکانی پێشی پاسەکە تەقیبوو.

## ٦

شاری کرند، شەرمۆکانە سەری لە نێو دەربەندەکەوە وەدەرهێناوە و پایشی تا دامێنی چیاکە ڕاکێشاوە. کە خۆر هەڵدێت تا درەنگێک خەواڵووی تاریکی شەو و سێوەری دەربەند و شنەی بای پاک و خاوێنە. تا هەتاو بەرزی بەرز نەبواتا دەربەندی کرند هەر شین و تەماوی دەنوا. شارەکە بەو لاپاڵی چیایەوە سەیرکەری جادە سەرەکییەکەی نێوان بەغدا و تارانە و لە مێژدا هەوارگەی پشوودانی هات و چۆکەران و زەواری کەربەلا و نەجەف بووە. میوەی جۆراوجۆری کرند ناوباوی دەماودەمە. ترێ بێ ناوکەکەی بێ هامتا و وێنەی کەمە. شارێکی خنجیلانە و ئێسک سووکە، چەندین قاوەخانە و چێشتخانەیان بەسەر جادەکەی سازاندووە. کەوچە و کۆڵانەکانی شاری کرند پڕە لە پێچ و پەنا و بەرزی و نزمی و هەڵەت، زۆربەیانی ماشین پیاناڕوا و هەر لە خۆیانەوە بن بەست و کوێر دەبنەوە، تەنها شەقامە سەرەکییەکەی نەبێت لە خوارەوە هەڵگژاوەتە سنگی بەرزاییەکەوە و تا بەر دەرگای کۆشکەکەی ئەمیر ئینتیزام دەڕوا. درەختی زلزەلامی پڕوچڕ بەدوولای جادەکەدا سەریان ناوەتە یەک. دەنگی جریوەی پەلەوەری لە گەرما تاراوی ئەملاولا لەگەڵ دەنگی سۆنە و مراوی و قازی سەر جۆگە و چەمی دۆڵەکە تێکەڵ بووە. تاکە شەقامی شارۆچکە لەبەر دەرگای کۆشکی ئەمیردا کوێر دەبێتەوە و دەبێتە پیادەڕەو بەچەپ و ڕاستی شاردا.

دەوڵەت خانمی هاوسەی ئەمیر سەرتاسەری هاوینی لە کرندا دەگوزەراند و تەواوی کات و ساڵی بەپەروەردە کردنی گوڵ و دار و درەختەوە تێ دەپەڕاند و پەیوەستە دەیوت:

– ئاو و هەوای کرند نەک لە ئێرانا لە جیهانا بێ وێنەیە. مەگەر ئەوروپامان نەدیوە؟

لە ڕێگەی مامۆستای تایبەتەوە گەیشتبووە پلە و پایەی سەوادداری و ئەدەبیات گوڵستان و بوستانی سەعدی و دیوانی حافزی شیرازی پێ خوێنرابوو. هەمیشە دیوانی حافزی لێ نەدەبڕا و شێت و شەیدای فاڵەکانی دیوانی حافز بوو؛ بەشێوەیەکی تایبەت فاڵی دەگرتەوە. باوەڕێکی زۆری بەجادوو و دووعا و دەرمانە کوردییەکان بوو، لە هەرکوێ ڕا دووعانووسێک دەروێشێک تیمارکەرێکی کوردەواری هەبوایە دەینارد بەدوایدا. لەهەر کوێی گاوارە و داڵەهۆدا دیمەنێکی جوانی سروشتی بڕوایە، دەوڵەت خانمیان ئاگادار دەکرد و خۆی پێ دەگەیاند؛ حوسەین خانی باوکی سەری بەسەری دەنا و دەماری دەگرت و دەیوت:

– جوانی، کە جوانی، کچی ئەمیری گۆرانی؟ ئاهەیت چ نیازت بەم دەخەڵ و درۆزنانەیە؟ پێم ناڵێی بەتەمای چیت؟ ئەوەسا کوڕی ئومەرای دوور و نزیک ئاواتەخوازی هاوسەریتن لەم دز و درۆزنانە گەڕێ.

بێ ئەوەی وەڵامی باوکی بداتەوە بەئەسپایی دوور دەکەوتەوە، ئەو دەیزانی وتەکانی باوکی ڕاستە و نەک ناسراوانی دوور، بەڵکو چەند کەسێکی خزمی خۆیشی بەتەمابن، بەتایبەتی جەهانگیری ئامۆزای یەک دوو جارێک ناردبوویە داوای و نەچووبووە ژێر و چەند ساڵێکیش

چاوەڕوان ڕاوەستا و سەرئەنجام تامولی لێ بڕا و پەیوەست بووە بەپێشمەرگەکانی مەهاباد و لە یەکێک لە شەڕەکانا کوژرا و دەوڵەت چەند ساڵێک خۆی بەتاوانباری ئەو کوشتنە دەزانی و سەرئەنجام خان ئاغای گەورەی قەڵخانی ناردیە داوای بۆ موحسن خانی کوڕی و. دەوڵەت خانمی خانزادی گۆران بوو بەهاوسەری موحسن خانی ئەوسا و ئەمیر ئینتیزامی ئێستا.

ئەمیر ئینتیزام لە تارانا مابوویەوە، ئالمتاج گەڕابوویەوە کرند بۆ لای دایکی. ئالەم دەیزانی دایکی نیگەرانی شوونەکردنییەتی و خەریکی دووعا و تەلیسمە تا بەختی بکرێتەوە. بێ هیچ پێشەکییەک بەدایکی وت:

– دەمەوێ شوو بکەم.

دایکی پێی وابوو باشی نەبیستووە بۆیە وتی:

– چیت وت؟

– ئا.. باشت بیستووە. دەمەوێت شوو بکەم.

دایکی باوشی بۆکردەوە و بەدەم ماچکردنەوە دەیوت:

– دەمزانی کاری خۆی دەکا، ئەشهەدو بەتوانا و عالی جەنابە. شایانی پاداشتێکی زۆرە.. ئینجا هاتەوە سەر خۆی و وتی:

– بۆ من گرنگ نییە کێ زاوامە و کوێندەرییە، ئەوەم لا گرنگە بەشووکردن ڕازی بوویت.

ـ ئاخر دایە ڕازینەبوونم لەسەر لە یەکدانەوە و هەڵسەنگاندنێکی ورد و شیاو بووە، بۆیە وا درەنگ بڕیارم دا.

– ناڵێی ئەو خۆشبەختە کێیە وا دەبێتە هاوسەری ئەم پەرێ لای منە؟

– خۆزگە وا بوایە.. بەڵام وانیم..

– هەیت و زیادیش. تۆ دەزانی کچی کێیت و ڕەگ و ڕەگەزت دەگاتە کوێ؟

– دەزانم و ئەویشـــە دەزانم کـــەس بەدۆی خـــۆی ناڵێ ترش و هەمووانیش خۆشەویستی دایک و باوک و بنەماڵەی خۆیانن.

– دە بەسە.. بەس، نەت وت کێیە؟

– ئەسفەندیاری ئەمیر ئەقدەم.

– سەدجار پیرۆزت بێت، نازانم بۆ وام دەزانی سەرئەنجام هەر بە ژنی ئەو دەبیت.

– بەڵێنم پێـداوە و دەشـزانم شـووکـردنەکـەم بێ مـەلامـەت و بێ مـەترسی نابێت. چی بکەم ژیان تاقـیکردنەوەیە، یا گـاڵ دێنێ یا پەمـوو.. ئەوە تۆیش شـایەتبە. من لەسـەر مـەرج و پەیمان بەڵێنم پێ داوە. ئەگـەر مـەرجـەکـانم نەبا بەڕێگەوە دە منداڵیشم لێی بێت جوێ دەبمەوە.

– کــچێ لە مـــەرج و خـــاڵ گـــەڕێ ژیان و زیندەگی شـــانۆیەکی ڕاستەقینەیە و زۆر شت دەهاڕی و زۆرشت دەگۆڕێ.

– وەک وتم، بڕیارم داوە شـــووی پێ بکەم. پێنج شـــەممەی داهاتوو دایکی و بڕێک کەس دێن بۆ خزمەتت.

– ئەم پێنج شەمەی داهاتووە؟

– بەڵێ، ئەمەی کە دێت.

– ئەی باوکت؟

– لە مێژا بەعەرزیم گەیاندووە پێی ڕازییە.

– کەواتە دەبێت دەست بەکاربین و ئامادەی پێشوازی بین.

یەک دوو ڕۆژ تێپەڕیبوو بەسەر ئەو وتووێژەی نێوان ئالەم و دایکیدا. کۆشکی ئەمیر هاتبووە جووڵانەوە و ڕازاندنەوە. شاری "کرند"یش جموجۆڵی تێکەوتبوو. راکێشانی گڵۆپی زەرد و سوور و پاککردنەوەی شەقامی سەرەکی و هات و چۆی نائاسایی ناو و دەوروبەری کۆشکی ئەمیر سەرنجی هەر بینەرێکی ڕادەکێشا. زۆر کەسیش بێ دەربەستی و کەمتەرخەمی بەڕوخسارییەوە دەبینرا. پێچەی ترس و تۆقینا لە زەبروزۆریی ئاغا و نۆکەری هەڵدابوویەوە، پەیوەندی نێوان مالکی و خەڵکەکە سیس و خاو بووبوویەوە و بەرەو پچڕاندا دەچوو؛ بەڵام یەشتا بێ باوەڕی بەکودتاکەی شا لە ڕەفتاردا دەبینرا و دوور لە بەرەڵڵاێی هەنگاو دەنرا. دەترسان لە پاشەڕوژدا گورگانە خوارد دریەن.

کرند ڕازابوویەوە. جوانکیلە تر دەهاتە چاو؛ هەواڵی داواکردنی ئالەم.. لە شاردا دەنگی دابوویەوە. سەعات دەی بەیانی چەندین ماشین گەیشتنە بەر کۆشکی ئەمیر دایکی ئەسفەندیار و چەندین ئافرەتی دی خزم و خوێشی بنەماڵەی ئەمیر ئەقدەم لە ماشین هاتنە خوارێ. دەوڵەت خانم تا دەمی کۆشک هاتە پێشوازییانەوە؛ بەفەرموون. فەرموون ڕۆیشتنە ژوورەوە.

ئەمیر ئەقدەمیش وەک ئەمیر ئینتیزام خانووبەرەی لە کولیایی کرماشان و تارانا سازاندبوو. لە نێو ئاغاگەلی کرماشان ململانێیەکی شاراوی دەبینرا ململانێی دارایی و شوورەت و دەسەڵات و خۆبەزل زانین. هەریەکەیان بەشێوەیەک دام و دەزگا و دەسەڵاتی بۆ ئەوی تر وەدەر دەخست و زۆربەیان خانووبەرەیان لە کرماشان و تارانیشدا سازاندبوو.

بۆ تاوێک بێدەنگی لە دیوەخاندا باڵی داکێشایە سەر هەمووواندا، زۆری نەکێشا بەسەر سینییەکی زێڕینەوە چەندین لیوانی کریستاڵی پڕ لە شەربەتی گێلاسیان هێنا. بەدەم شەربەت خواردنەوە فیردەوس خانمی ژنی ئەمیر ئەقدەم وتی:

– خانم گیان! بۆچ تێرت لە کرند نەخوارد وا بۆ سێ ساڵ دەبێت زۆربەی وەرز لە کرندای، ئەم بەزم و بەرنامەیەمان لە کرماشانا بکردبا جوانتر دەبوو.

– عەرزی خانمی شایستە بکەم، خەتای خۆم نییە ئەوەندە پابەندی کرند و کوردەواریم هەر تێری لێ ناخۆم. کرماشان هەڵدەگرین بۆ بەرنامەی گەورەتر.

– جا باشە مەگەر کرماشانیش شاری کوردەواری نییە؟

– با! بەڵام خۆمانین تام و چێژی ئەم ناوانە شتێکی ترە.

– خانم گیان! با لە کرماشان و کرند گەڕیەین و بێینە سەر باسەکەمان، بێ گومان دەزانی بۆچی هاتووین؟

– شتێکم بیستووە، بەڵام لام خۆشە لە جەنابتی ببیستم.

– وەک دەزانی لە مێژەوە ئەسفەندیار بەتەمای ئالەمتاجە و وا لەوە دەڕوا خەریکە دروست دەبێت. ئەگەر ڕای جەنابتی لەسەر بێت ئومێدەوار دەبین کە بەخۆشی و بەختەوەرییەوە پێکەوە ژیان بگوزەرێنن؛ ئێمەش ئەوەی دەخرێتە سەرمان بەدڵ و گیانەوە ئامادەین.

– فیردەوس خانم! وەک دەزانی دونیاکە گۆڕاوە و ئەمڕۆ مەرجی سەرەکی زۆرتر ڕێککەوتنی نێوان کچ و کوڕە. پێم وایە ئالەم و ئەسفەندیار لەم ڕووەوە لەسەر مەرج و پەیمان ڕێک کەوتوون. دێتەوە سەر ئێمە و ئێوە: وادەزانم یەکتر باش دەناسین، هیچ جۆرە شتێکی

ناخەینە سەرتان، نرخی زەڕ لای زەڕنگەرە. ئینشاڵڵا پیرۆزە. چەندین "قلیلی" هەڵدرا ئینجا فیردەوس خانم وتی:

– باشە ئەوە بووکەکەمان بۆ دیار نییە؟ ئەمڕۆ کەی ڕۆژی خۆشاردنەوەیە؟

یەشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو ئالەمتاج هاتە ژوورەوە، دووبارە "قلیلی" هەڵدان و یەک یەک لە ئامێزیان گرت و ماچ و مۆچ کردن.

ئێوارە زەواری فیردەوس خانم بەرەو کرماشان گەڕانەوە، یەشتا زۆر دوور نەکەوتبوونەوە یەکێک لە باوەڕ پێکراوانی ئەمیر لە دەوڵەت خانم نزیک بوویەوە و دەست بەسینە ڕاوەستا.

دەوڵەت خانم زانی هەواڵێکی پێیە و دەیەوێت بیڵێ.

وتی:

– ها سوبحان! چ خەوەرە و چیت پێیە بۆ وتن؟

– ڕاستت بوێت لە بەیانییەوە خەوەرێکم پێ گەیشتووە لەبەر میوانەکان نەمدرکاند. وا دەزانم باشترە بەخزمەتت بگەیەنم.

– درێژەی مەدەرێ، بڵێ چی قەوماوە؟

– دوێنێ دەمەو ئێوارە ئەوکە شامار و چەتەکانی ڕژاونەتە نێو دێی کانی توو زەینەددینی مواشیری جەنابی ئەمیریان کوشتووە.

دەوڵەت خانم و ئالەمتاج بۆ ماوەیەک تێڕامان، دەوڵەت خانم هاتە قسە و وتی:

– بەڕای تۆ لەسەر دوژمنایەتی تایبەت بووە. یا بۆ هەتک و چاو شکاندنی ئێمە؟

– ئەوەیان نازانم؛ بەڵام وا قاوە سەی سەڵمان و کوڕەکەی دەستیان لە کوشتنەکەدا هەبێت.

– سەی سەڵمان و ڕەحمان؟ ئەوان بۆ؟

– دەڵێن ماوەیەک لەمەوبەر ڕەحمانیان لەگەڵ ئەوکە شامار دا دیوە؛ وا باوە سەی سەڵمان ئەوکەی هاندابێت.

دەوڵەت خانم بێ ئەوەی لا لە سوبحانەوەکا لە ژێر لێوەوە وتی:

– ڕەحمان تووله مارێکی وابووە و ئێمە نەمانزانیوە؟ دیارە لەیراوە دەست پێ دەکا.

٧

تەواوی ژاندارمەکانی پاسگای پاتاق ڕژابوونە دێی کانی توو. جەناب سەروان عەزیزی لە پێش دوکانەکەی سەی سەلماندا بەسەر دوو گونیە گەنمەوە دانیشتبوو. سەرکار ئستیوار شەریفی لەولاترەوە بەسەر تەنەکەیەکەوە دەفتەرێکی نابووە سەر ڕانی ئامادەی نووسینە. ژاندارمەکانی تر دوور و نزیک ڕوو بەباخەکانی دەور و بەر و کووچە و کۆلانەکان پەخش و بلاو بووبوونەوە. ترس لە ئەوەکە شامار و تاقمەکەی بەناوچاوانی هەموویانەوە دەردەکەوت، سەروان عەزیزیش دەترسا، خەڵکی دێش دەترسان؛ ئەوان لە جەناب سەروان و سەروانیش لە ئەوکە شامار. شەریفی چەند جارێک هەڕەشەی ناردبووە سەر ئەوکە و ئەویش وەڵامی دەدایەوە و دەیگەیاندە لە خۆی گەورەتر. جارەوباریش شەوانە دەیانکردە تەقە تفەنگ و دەرودیواری پاسگایان دەدایە بەر گولله و دەست ڕێژ بۆ دزی فیشەک و خۆ بەقارەمان و ئازادانان. فیشەکەکانیشیان دەفرۆشتە چاوساقەکانی ئەوەکە و دەستە چەکدارەکەی هەر بەدەمەو ئێوارەوا دەبوونە خاوەنی چوار تەنیشت و چەکەریان لە ژاندارم و پاسگاکانی نزیک نەدەکرد و تەواوی جوولانەوە و بەرنامەی ژاندارم و کاربەدەستانی دەوڵەتیان پێ دەگەیشت. ئەگەرچی تا ئەو حەلە دووسێ ژاندارم کوژرابوون و جارەوباریش هێزی تری ژاندارم چریکی ئەملاولاشیان لە کرماشان و سەر سنوورەکان کۆ دەکردەوە و دەهاتنە سەر ئەوکە و تاقمەکەی، لە کرماشان وەدەر دەهاتن ناوی چەکدارەکان و چۆنیەتی تەقەمەنی و

ژمارەیان فەرماندەکەشیان بەئەوکە دەگەیشت. بەوردی لەیەکی دەدایەوە، ئەگەر لە سوودی باتا بەرانبەریان دەوەستا و ئەگەر بەچاکیشی بزانییا خۆی گوم دەکرد؛ گومکردنێکی وا وەک لە دەریادا بەدوای ماسیدا بگەڕێیت.

خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی بەمۆ و شێخ سەلە و داڵەهۆ یا لە ئەوکە دەترسان یا خۆشیان دەویست. کەس نەدەکۆشا شوێن پای هەڵگرێت و خۆی بکا بەکەوە سواری بەری ئوردو. ئەو بێ هیچ خاوە و سەرانەی لە دەوڵەمەندان و کوێخاکانی دەوروبەر وەردەگرت یا بۆیان دەنارد و یان دەیکردە سەریان بەزۆر و بەڕەزا تەلەکەیی پیادا دەکردن. دەوڵەت یەک دووجار فەرمانی بەخشینی بۆ ناردبوو، لە وەڵامیاندا وتبووی:

– لە پێش مندا بەڵێنتان بەگەلێک لە من پیاوتر و ناودارتر داو نامەردانە لەناوتان بردووە، چەند قورئانی ئیمزا کراوتان ناردە لایان و سەرئەنجام بەنامەردی کوشتووتانن. شوانزادەیەکی وەک من هەر بەئێوارەوە لەناو بردووە. نەء برا نەء! ئەو خورمایە واخواردەتانە ناوکەکانی لای منە.

خەڵکێکی زۆر لەبەردەم دوکانەکەی سەی سەلماندا کۆ بووبوونەوە. یەک دوو سەگ لەسەر کووچەکانەوە دەوەڕینە ژاندارمە تفەنگ بەدەستەکان.

سەی سەڵمانیان لە دوکانەکەی وەدەرهێنابوو، ڕەحمانی کوڕیشی لە تەنیشتییەوە ڕاگرتبوو. سەید دوو خاڵی سپی تف بەدووکەلاوەی دەمیدا وشک بوویەوە پرچە سپییەکەی لە ژێر مشکییەکەیەوە بەدوولای گەردنیا کەوتبوونە سەر سنگی. هەستی بەمەترسی دەکرد و خەریکە تووشی دەکەن؛ بەلام نەیدەزانی بە چ تۆمەتێک و چ جۆرە یا

پاپێچێکیان بۆ سازاندووە و دەیانەوێت لە هەڵدێرگادا هەڵی دێرن.

بە پێچەوانەی سەیدەوە ڕەحمانی کوڕی نە دەترسا و هەستی بە شت بوون و قارەمانییەت دەکرد و ژاندارم ڕایگرتووە و پرس و جۆی لێ دەکەن.

سەروان عەزیزی بەناوبانگ بوو بەسەروان "چاو بۆق" داری بەدەستەوە نەبوایە قسەی پێ نەدەکرا، لە قسەکردنا دارەکەشی ڕادەوەشاند.

بە تووڕەبوونەوە سێ چوار جار دارەکەی ڕاوەشاند و سپییەتی چاوی زۆرتر و چاوزاقتر هاتە چاو! ڕوو بەسەی سەلمان: ئاوەها، هەر بەم ئاسانییە! خەڵک بەکوشتن دەدەی.؟ بۆچی من مردووم؟ هەرکەسێ بۆ خۆیەتی؟ دەمار لە ڕۆژگارت وەدەردێنم و بەدەوری گەردنتا پێچی دەدەم.

- جەناب سەروان بۆم ڕوونکەرەوە تۆمەتم چییە و چیم کردووە. تۆزکاڵێک لە قسەکانت تێ ناگەم.

سەروان زەردەخەنەیەکی ڕازداری کرد و ڕوو بەخەڵکەکە:

گوێ دەگرن؟ تێناگا. تێت دەگەیەنم. هەر هەڵسا و بەدەم جنێودانەوە سەی سەڵمانی دایە بەر دار نە یەک و نە دووان و نە دە.

لەش و قەوارەی سەی سەلمان بەرگەی ئاوا دارکارییەکی نەدەگرت. لەسەر چۆک کەوت و مێزەرەکەشی لەژێر پاوپل و چەکمەکانی سەروانا گرمۆڵە بوو. تاڵێک خوێن لەناو پرچە سپییەکەیەوە هاتە خوارەوە و تک تک دەتکایە سەر زەوی. سەید نەیتوانی هەڵسێتەوە چوار مشقی لەسەر زەوی دانیشت و ڕوو بەسەروان وتی:

- خوا لەسەر حەق بێت، من لە تەواوی ژیانما زەرەر و زیانم بۆ هیچ

گیانلەبەرێک نەبووە.. نازانم بۆ وام لێ دەکەیت؟ تەمەنم شەست و پێنج ساڵە تا بەئەمڕۆ حەقم لە زار نەبڕاوە و پەیڕەوی حەق بووم.

سەروان بەپۆستاڵەکەیەوە بەشەق بەربوویە قەڵەمی پای ڕەحمان و دەیوت: ئەم شانۆییە بەسەر مندا ناگوزەرێت و ئەم قسانەش بەلای منەوە قەرانێک ناژێت. نەڕاندییە سەر سەرکار ئستیوار شەریفیدا و وتی:

– ئەم دوو پیاوکوژەم بۆ باڵبەست بکە.. تابزانن یاسا یانی چی و.. سەروان عەزیزیش کێیە.

ئستیوار شەریفی ئیشارەتێکی لە یەکێک لە ژاندارمەکان کرد و ژاندارم دەرپەڕی بۆ لای ماشین و لەولاوە بەدوو گوریسەوە هاتەوە. سەی سەڵمان و ڕەحمانیان لەژێر ملەوە تا سەر بەر موسڵدان گوریس پێچ کرد.

سەید هاواری لێ هەڵسا:

– باشە هەی هاوار! نافەرموویت من کێم کوشتووە.

– کێت کوشتووە؟ بۆچی من لە خۆمەوە تۆم گرتووە؟ ئەوسا براکەی زەینەددین خوێنی براکەی خستووەتە سەر تۆ و توولە مارەکەت. ئێوە ئەوکەتان هانداوە، ئێوە دەستی ئەوکەتان خستۆتە سەر زەینەددین.

– ئەی خوا ئەم حەقە گوم نەکەی! من و پیاو کوشتن و من و هاندان؟

– قسە هەزارە و یەکی بەکارە، بۆم بیگێڕەوە باشترە؛ خۆ هەر پێت دەسەلمێنم ئەمڕۆ نا سبەی.

خەڵکەکە ورتەیان لەدەم وەدەر نەدەهات یەکێک لە سەگەکان لە

وەڕیندا بەردەوام بوو. لەپڕ، دووبارە هەڵی کوتایەوە سەر ڕەحمان و بەدەم دارکارییەوە دەیوت:

– ئەی بۆ سەفا و سەیران ئەم هەتیوەت ناردبووە لای ئەوکە، یا بۆ دووعا و نزا..

سنگ و بەرۆکی ڕەحمان شەلاڵی خوێن بوو دارەکەی دەستی سەروان و دەست و پلیشی. سەروان لە لێدانی ڕەحمانا ماندوو بووبوو. هەناسەی سوار پچڕ پچڕ جنێوی دەدا.

دانیشتەوە سەر گۆنییەکان و ژمێراو دەیوت:

– ڕوح بەزیندوویی لە دەستم وەدەرناکەن، هەرچی پێشەتان هەیە دەیهاڕمە یەکدا. کاری وا لە ناوچەی منا، ئەی مەگەر من مردووم؟

– جەناب سەروان! خوا تۆ بۆ ئێمە بهێڵێت، من دوورم لە پیاو کوشتن. من خاوەی خزمایەتیی ئەوکە دەدەم. بۆچی عەینە مارمیلکی برای زەینەددین نازانیت من پیاوکوژ نیم؟

– ئەی ئەم توولە سەگەت بۆچی ناردبووە لای؟

– خوا و خەڵکیش دەزانن ئەوکە جارەوبار یارمەتیم بۆ دەنێرێ. ئەمجارەیان هەواڵی ناردبوو ڕەحمانی بۆ بنێرم.

– هەروا بەم ئاسانییە و دوای چوار ڕۆژیش زەینەددین بکوژرێت.

سەگە بێ حەیاکەش لە وەڕین کەوتبوو. لەپڕ قیژە و شیوەن لە کەوانەی دێوە بەرزبوویەوە. جەناب سەروان هەستایە سەرپا. تەواوی ژاندارمەکان ژلیژان. کەوتنە تەقە، لە ناو باخەکانەوە چەندین سەگی دیلەوبا ڕووبەڕووی یەکێک لە ژاندارمەکان هروشیان هێنا و ژاندارم لە ترسا تەقەیەک دەکا، تەواوی ژاندارمەکان چوونە سەنگەرەوە یا لە پاڵ دیوارا یا لە زەویدا هەر یەکە لەلایەکەوە دەستی بەدەستڕێژ کرد.

سەرکار ئستیوار هەستایە سەرپا و بەقیڕەوە نەڕاندی:

– تەقە ڕاگرن تا بزانین لە کوێنەوە تەقەمان لێدەکەن. سەی سەلمان و ڕەحمان شل و شێواو خوێن ئاوڵ و لە زەویدا گرمۆڵە بووبوون.

قیژە و گریانیش لە نێو تەقەکانا دەبیسرا. خەڵکەکە برێکیان بەرەو لای قیژە و گریان و برێکی تریان لە کووچە و کۆلانا خۆیان گوم کرد.

سەرکار ئستیوار بەهەر فەلاکەتێک بوو تەقەی ڕاوەستان تا چاوگەی تەقەی بەرانبەری لێ وەدەرکەوێ.. شیوەن بەردەوام بوو.. سەگ وەڕ تا دەبوو زۆرتر و زۆرتر. برێک لە سەگەکان لە ترسی تەقەدا هاتبوونە قوزە و سەی سەلمانیش لە ئازارا هاتبووە نووزە.

خەڵکەکە لەبەر دەرگای ماڵی ڕۆسەم زاغیدا کۆمەڵیان کرد ژنەی ڕۆسەم شێتانە دەیقیژاند و دەگریا.. چەند ئافرەتێک دەست و شانی ژنەیان گرتبوو. ژنە لە چنگیان دەردەپەڕێ و چنگی لە سەروقژی خۆی دەنا و قژی دەڕنییەوە و کەفی دەچەڕاند. ژنان دەوریان دابوو. پیاوەکان ڕاوەستابوون دەیانزانی ڕۆسەم لە سەفەرە و ڕۆیشتوە بۆ شائەباد. دوودڵ بوون، ئەو ژنە شێت بووە؟ خۆ شێت نەبووە، بێ گومان شتێک قەوماوە. ڕەنگە شتێک بەسەر ڕۆسەمدا هاتووبێت بۆیە وا دەکا. خەجک چی بووە؟

خەجک ئەوەندە قیژاندبووی سەرسام و ئەبڵەق چاوی نەدەپرتان و دەینواڕی.

یەکێک لە ژنەکان وتی:

– پەتەسو ئەڕای بکەن، بدەنەی لووتیا. تا تێتە هۆش. ژنێکی دی بەجامێک ئاوەوە هات. سەروان خۆی گەیاندە لای سەرکار ئستیوار. هەردووکیان بێدەنگ چاوەڕوانی تەقەی بەرانبەر، خۆیان دابووە

لادیوارێک جگە لە ورە وری خەڵک و وەڕینی سەگەل و حیلەی ئەسپێک نەبێت، هیچی تر نەدەبیسرا. سەرکار ئستیوار دەیزانی ئەوکە و برادەرانی سوارەن و بەپێیان ڕێ ناکەن، حیلەی ئەسپەکە تۆزێک خستییە گومانەوە..

جامە ئاویان ڕژاندە سەرڕووی خەجکدا. دوو سێ منداڵی زەردەلی چڵمنی شرۆڵ بەتەنیشتییەوە دەگریان.

ژنێک ڕای دەوەشان:

– خەجیج! خەجە! زڵفت بوڕن ئیشەڵا! دق وەی مەردمە کردیت. دەبیشە چە بییە؟ زەنوقە وەپیمان کردی؟

خەجە چاوی هەڵبڕی:

– توای چە بوت، بەدبەخت بینە ڕیشەم وەدەرهاتیە.

ئینجا هەستایە سەرپا و دووبارە کەوتەوە لێدانی خۆی و لەگەڵیدا هەڵدەقونی. ژنان دووبارە نیشتنە ملی و دایان نیشانەوە. کەوتە سەربوورەدادان. کوێخا ئەڵماس ڕوح هاتبووە کونە لووتی، لەولاوە سەروان عەزیزی و لەیراشەوە ئەم بیگرە و بەردە. هەروا تا ئەو حەلە لەگەڵ سەی یاقو ڕوکنەددینا ڕاوەستابوو هاتە پێشەوە و ڕوو بەخەجە وتی:

– وەباوە یادگار نەیشی چە بییە خەمەتە ژیر پا لەقە، ئەڕا گرفتاری کەم دیرین، ئەوسا دوو نەفەر لە لیمان مارکوژ کردینە، ئەی ئەدا و ئەتوارە چەس دەرتیریت، خەور مردن ڕۆسەم ئەرات هاوردنە؟ هەرچی بییە، بییە.

خەجە بەدەم گریانەوە پچڕ پچڕ وتی:

– چە فەرەق دیرت ڕۆسەم هیمان نەمردیە، وەلی دووسوو مرت.

- چەنە چەن، دووسوو گشتمان مرین.

سەی یاقو گۆچانێکی بەدەستەوە بوو.. لە ئاڵۆزیدا چاوی جن جن بوویەوە گاڵوکی خستە سەرسەری و وتی:

- وە سەی براکە، تەواو سوقانت شکنم، زڵف وڕیای بیشە چە بییە.

خەجە زانی نەیەتە قسە دارکارییەکی باش دەکرێت بەدەم گریانەوە وتی:

- ڕەخشێ، ڕەخشێ.

یەک دوو کەس وتیان:

- ڕەخش چە بییە؟ دزیایە؟

- کاش بدزیایە ڕەخش توپییە؟

چەند کەسێک بێ باوەڕانە وتیان:

- تۆپییە؟

- ئەوەسا وەناو گەورەکە ڕەپ ڕەپ بییە.

ئینجا دووبارە کەوتەوە شێوەنی تیکەڵ بەسمکۆلان. خەڵک بێدەنگ بوون.. تۆپینی ڕەخش بۆ خۆی لە گردن و لێدانی سەی سەلمان و کوشتنی زەینەددینیش کەمتر نەبوو. خەجە دەگریا، سەگەل دەوەڕین.

سەرکار ئستیوار و ژاندارمێک خۆیان گەیاندە ناو خەڵکەکە ڕوو بەکوێخا ئەڵماس:

- ناڵێی لە چ لایەکەوە تەقەیان لێ کردین؟ کەس کوژراوە؟

- نەخەیر کەس نەکوژراوە هێسترێک تۆپیوە.

- ئا باشت بیستووە، هێسترەکەی ڕۆسەم چاوکە و دوێنێ شەو لە گەوڕەکەیاندا تۆپیوە.

- فڵتە فڵت.. خۆت گێل دەکەی.. ئەوکە شامار دەیەوێت وا بگاتە

فریای سەی سەلمانا! دەستی خستە سەر سمێڵی و وتی:

– ئەم سمێڵانە هی ئستیوار شەریفی نەوێت هی ئەوکە بێت بەم زووانە بزمار لە تابووتی سەی سەڵمان و ئەوکەیش دەدەم.

کوێخا و خەڵکەکە هەروا ڕاوەستابوون. خەجەش لە شیوەن کەوتبوو بەڵام جــــارەوبار لـوورەیەکی لـێ بەرز دەبـوویـەوە، شـــــەریـفی بەتووڕەبوونەوە خوڕییە کوێخا ئەلماس:

– ئەو دەڵە ســەگـە بێ دەنگ کــەرەوە، ئەمــە هـەمـووی بەزمــە بۆ چەواشەکردن. ئەمەتان لەسەر ناڕوا پیاو دەکوژن و بەزمیش دەگێڕن.

کوێخا تۆزێک لە سەرکار ئستیوار نزیک بوویەوە و وتی:

– ئێمە نەک پیاو بەڵکو مێرووڵەشمان پێ ناکوژرێت، وەسەی براکە وەهەر ئایینێک باوەڕت پێی هەیە ئەوکە شامار دوو ڕۆژە ڕێگە لەیراوە دوورە، ئەم تەق و تۆقە چی بوو ناتانەوە؟

– خۆ ناشیەی بڵێی تەقەمان لێ نەکراوە؟

– خۆ ئێوە گەز و قەیچی بەدەست خۆتانە. بڕۆ لە ژاندارمەکانت بپرسە، هەموو شتت دێتە دەس.. گەڕمان پیامەکەن ئێمە بێ دەسەڵات و ڕەجاڵین، شقارتەمان لێدەن گڕدەگرین.

سەرکار ئستیوار لە مێژدا دەیزانی ترس و تۆقیان ژاندرمەکانی هێناوەتە تەقە. ئەو شێوەی دەستکردنەوەی ئەوکەی دەزانی، گەوجانە نایەتە مەیدانەوە. دەستی کوێخا ئەلماسی گرت و نیوە پەلەکێش ڕایکێشا بەرەو لای سەروان عەزیزی. سەلاوێکی سەربازی بۆ سەروان کرد و وتی:

– جەناب سەروان کوێخا سوێند دەخوا و دەڵێت:

– ئەوکە شامار دوو ڕۆژە ڕێگا لە پیراوە دوورە.

سـەروان دەیزانی مـۆڵەت و مـەودا دان بۆ دوان دەربارەی ئەو تـەقـانـە بەبێ ئابڕوویی خۆی و ژاندارمەکانی تەواو دەبێت نەڕاندی:

– ســەیر، سـەیر! چـەند ئاگاداری یـەکتـرن و پـەیوەندییـان لە نێـوانا بەهێزە؟

سـەی سەڵمـان و ڕەحمـان قـۆڵ پێچـراو لە زەویدا ڕاکشـابوون خـوێن بەسەر پرچی سپی سەیدا ماساوبوو، بەرۆکی ڕەحمانیش خوێنی پێوە وشک بووبوویەوە. سەروان بەڕاسەریانەوە ڕاوەستابوو نووکە شەقێکی ژەندە سەی سەڵمانەوە و وتی:

– هـەواڵ بگـەیـەننـە ئـەوکـــە لـەبەر ئـەویش بـووە جـــارێکـی دی چاوی بەســەی سـەلمـان ناکـەوێتـەوە مـەگـەر لە دۆزەخـدا. ئەمـەی وت و بەرەو جێبـەکە وەڕێ کـەوت و سەی سـەلمان و ڕەحمـانیـشیـان پەلەکێشی ناو زیلی ژاندارمەکان کرد و گەڕانەوە پاسگا.

خـەڵکی دێ نیگـەرانی کـوێخـا بوون.. سـەروان شـەریفی هـەمـوو شـتی لێ دەوەشـێـتـەوە. کـوێخـاش بـەباڵ بەســراوی بردچی..! کـە زیل و ســەروان بێ کـوێخـا لە دێ دەرچوون هـەناسـەی ڕاحـەتیـان کێـشـا.. خەجەش لەپەلوپۆ کەوتبوو.

کوێخا گـەڕایەوە لای خەڵکەکەی بەر دەرگای مـاڵی ڕۆسـەم چاوکەو و دەستی بەرەو گەوڕی هێستر ڕاکیشا و ڕوو بەسەی یاقو:

– ئەرا ئەو بەدبەختییە وەبیچارەگی سەی سەڵمان کەمتر زانن؟

سەی یاقو وتی:

– توای چە بکەیمن؟

– بیلە بزانیمن ڕەخش چ جۆری نفلە بییە ئەو دەم فکری کەین.

کـەوتنـە ڕێ بۆ نـاو گـەوڕی هـێسـتـر؛ لە گـەوڕدا چاو چاوی نەدەدی،

کوێخا چەرخە نەوتییەکەی لە باخەڵ دەرکرد و دایگیرساند. ڕەخشی زمانی لە کەلاوەیەوە شۆڕ بووبوویەوە، کەفی دەمی لە زەویدا دەبینرا. چاوی زاق زاق دەینواڕی.. کوێخا لە پڕ قیڕاندی:

– بچنە دەشتەو وەئەلی ماران گەزستە بییە، شایەت مارەکە یمن وەیراوت.

خەڵکەکە هروشیان کردە دەرەوە...

ڕوکنەددین ڕوو بەکوێخا:

– حەتمەن ماران گەزستە بییە؟

– ئەیقەرە پەنەمیایە چمانە ڕەشکەکا، توپییە توپیە. بایەد کاری بکەیمن ڕۆسەم نفلە نەوت؛ وە ئەلی ئەیجوری ڕەخشی بوینت، دق کەت بایەت کاری بکەیمەن.

– مەسەلەن چی؟

– نیەزانم، تو چە وەعەقلت ڕەست؟

ڕوکنەددین ئەندیشمەندانە سەرێکی سووڕداو سەیرێکی ئاسۆی کرد، بزەیەکی شاراوەش کەوتە سەر زاری، گەلێک بەوە خۆشحاڵ بوو چارە ئەندیشی لێ بپرسن، ڕووی کردە خەجە و وتی:

– ڕۆسەمە.. کەی دیتەو؟

– شەوەکی.

– کوێخا! بایەت دەست وەکار وین؟

– ئاخر بیشە خۆم بنەمە ناو کا خەڕگ؟

– ئیشم. تا ڕۆسەم نیتەو قاڵ ڕەخشی بخەفینیم و کەم کەم وەخوردی بدەیمن.

– توای چە بیشیت؟

– ئیشم لاک ڕەخشی سەرنوقم کەین، بیشیم ڕەخش دزیایە و ڕچی هەڵگردیمنەو تا نەوار مەرزی چوینە. وە نەزەر ئیمە بردنەسەی خاک عێراق.

– کوێخا برێک لاملی خوراند و ئینجا وتی:

– بەد فکریەک نییە ها؟ وەلی نەبایەت رووسەم بۆ بوات.. وەئیلا هەرچی بریسێن بوتە پەتک.

بڕیار درا هەرچۆنێک بووە ڕەخشی لە گەوڕ وەدەر بهێنن و لە دەرەوەی دێوە چاڵ کرێت..

سەی یاقو وتی:

– ئەول کاری بایەت بکەین، بایەتی بزانین مار یەشتا هاوە گەوڕ یا نا؟

ڕوکنەددین هەستی بەوە کرد بەچاوساقیان داناوە و پێویستییان بەئاوەز و تاقیکردنەوەی هەیە نەختەکێک بەتووڕەبوونەوە وتی:

– مەگەر شوخییە ئەی جور کارە عەقڵ توات ئیشم؟

کوێخا ئاڵۆزانە وتی:

– بکوشەم و مەیش ئیشم، بیشە و تەواو.

– ئیشم یە شاپڵیتە توام، ئەڕام بژەنەی نەفت و ئەڕام بارنەی. دووکەسیش چو وەدەست وەلا بانە گەوڕەو.

کوێخا وتی:

– ئەڕا فانوس نا "بوشا بڵیتە"؟

ڕوکنەددین مەغروورانە وتی:

– مەگە نیەزانیت. مار فرە وەئاگر ترسیەت و کەوتە جم و جوڵ و ئەو وەخت کوشیمنەی.

کوێخا ئەڵماس تێفکرینەکەی ڕووکنەددینی پەسەند کرد و ژەندییە یەکێک لە ڕاوەستاوەکانا و وتی:

– ئەرا وسیایتە بچوو شاپڵیتەیی بژەن وەنەفتا و بارەی. ئیمە. یە حەڵەبی نەفت دیریم.

یەک دوو ژن خەجەیان بردە ماڵەوە. عەسرێکی درەنگ بوو گومەتەکەی باوە یادگار و دارتووەکەی سێوەریان خستبوو. کزە بایەکی سارد تاو تاو هەڵی دەکرد و نەرمە موچیرکەی دەخستە لەشەوە. چەندین منداڵی چڵمنی پا پەتی سنگ بەرەڵڵای چاومـاری زیتەڵ بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی وەدەرهێنانی لەشی ڕەخش بوون. یەکێکیان لەوی تریانی پرسی:

– بیشە خاڵو ڕوسەم چە وە زەنگوڵەکان ڕەخش کەت.

– چە کەت؟ بەتەی قەسر شرین فروشتەی. یەکێکی دییان وتی:

– عەجەب ڕەخشی بیئورزەیی. یەمار بکوشتەی.. باوکم ئیشت. ڕوسەم زاڵ خەفتبی یە ئەژدیها خواست ڕوسەم بخوات ڕەخشەکەی وە چەپوک کوشتەی.

دوان لە گەنجەکان دار بەدەست ئامادە، شاپڵیتە گڵپەی دەهات. ڕوکنەددین لە پێشەوە ڕۆیشتە ژوورەوە دوو داربەدەستیش بەدوایدا.

کوێخا لە دەرەوە قیڕاندی:

– موازب بان. مارە. مار، ئەمان نەیرت.

گەوڕەکە شەش هەنگاو درێژی و چوار پانی بوو. ڕەخش لەسەر لا

کەوتبوو هەڵئاوسابوو. ڕوکنەددین شاپڵیتەکەی لە پێشەوە ڕایاڵ کردبوو لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا. بنی گەوڕ وەدەرکەوت. نیشانێک لە مار نەدەبینرا. ڕوکنەددین گڕی بەرەو ناو ئاخوڕ گرد و ماری وەدی نەکرد شاپڵیتەی داهێناوە بۆ لای لاکی هێستر و بۆنی بۆکرووزی تووکی هێستر هاتە لووت ڕوکنەددین لەبەر خۆیەوە وتی:

– ڕوسەم قەور هەڵت تەکنت هاوینە کوورە؟ هەروا بەملاو لادا شاپڵیتەی سووڕدا. یەکێک لە داربەدەستەکان قیڕاندی:

– نەجوڵیەیت ڕوکنەددین شاپڵیتە بەدەست جمەی لێبڕا.

مار بەبنمیچەوە سەری هێنابووە خوارێ، زمانی جارەوبار وەدەردەهێنا. گڕی ئاگرەکە بەتەواوی خرۆشاندبووی لە گڕەکە زیاتر هیچی تری نەدەدی. گڕ کەوتبووە نێوان مار و کابرای داربەدەستی پشتی ڕوکنەددین. گڕی شاپڵیتە سەمای دەکرد، سەری ماریش لەگەڵ جوولانەوەدا زمانی وەدەردەهێنا. دار بەدەست زیرەکانە داری داهێنایەوە بۆ سەری مار. مار بەسەر لاکی ئێستردا گرمۆڵە بوو کەوتە پێچ خواردن و خۆ لوولدان. ئەوی تریان دووسێ داری پیامالی. مار کوژرا. ڕوکنەددین دارێکی دایە ژێر ناوقەدی و لە گەوڕ هێنایە دەرەوە.

شەش پا درێژی دەبوو، ئینجا کەوتنە بیری وەکێش کردنی ڕەخشیەوە. چۆن چۆنین لە گەوڕ وەدەری بهێنن. دووبارە بێ دەنگی لە نێوانیانا دەقی بەست.

وتیان: بەگوریس ڕای بکێشنە دەرەوە.

ڕوکنەددین فەیلەسوف مەئابانە هاتەوە قسە:

گوریەس چەو تەڕەماش چی، مەگەر مەغز وەسەر نەیرن؟ شەو سو

ئەو بیچارە باتەو ئازا زانت ڕەخش وە پای خۆی وەگەوڕ نەهاتیەتە دەرکێشایانە یانی زانت توپییە.

کویخا ئەڵماس دیسان کەوتە گێژاوی بێ چارەگییەوە ڕوو بەڕوکنەددین:

– تورا بەجەدت وەی بەدبەختییە بارانمانە دەر.

– ئیشم ئەی لاکە بایەت نەرم نەرم لە گەوڕ باتە دەر یانی بایەت بکیشینەی و بکیش بکیش بارینەی دەر.

کوێخا:

– ئەوەخت ئاسانە؟

ڕوکنەددین وەک فەرماندەیەکی تاقیکراوە دەستی خستە پشتی قوونی و دووسێ هەنگاو دوورکەوتەوە و دیسانەوە گەڕایەوە و وتی:

– مەگەر شوخیە؟ ئەوەخت ئاسانە یانی چی؟ یە عەقڵ توات.

کوێخا دەستەپاچانە یەک دوو جار سەری بەلای چەپ و ڕاستدا چەرخاند و وتی:

– وەگەوڕ هاوردیمنە دەر یانی تەواو.

– نەخەیر! ئەول کارە. بایەت یە دارەمەیت ئەرای بسازین و بخەینە سەری و بخەیمنە سەرشانمان تا دوور دی چاڵی کەیمن. ڕوسەم هاتە و. نواڕت چتی کیشیایە، شەوسو یەکەم وە ئاوای چووە دەر، لاک ڕەخشی دوینت. هالا قسەکانم حساویە یا نا؟

– هەرچی تو ئیشیت.

مار کوژرا بوو، ڕەخشی ئاوسابوو، دەرگای گەوڕ تەنگ و کۆتا. هەر دەبوو ڕەخشی چوارپەل وە حەوا لەسەر گازەرەی پشت وردە وردە

لەدەر بهـێنرێتـە دەر. ئەویش بەزەبر و زۆریی بـازووی چەندین گـەنج و زرتە زەلامی خەڵکی دێ.

ڕوکنـەددین لـەناو خــەڵکەکــەدا چەنـدین گــەنجی بەهێــز و تـوانای هەڵبژارد. گەنجـەکان دەستوبازوویان هەڵمـاڵی برێکیان ڕانەکانیـشیان تا ژێر چۆک هەڵکرد و ڕوکنـەددین کـەوتـە پێـشــەوە و ڕۆیشــتنە ناو گەورەوە و دەست بەکاربوون. ڕوکنەددین نەڕاندی:

– یەک دوو گوریس ئەڕام بارن..

چەندین گوریسیـان هێنا بەپێی فـەرامینی ڕوکنەددین گوریسیـان لە پەل و پـاو ناو قــەدی هێـســتــر توند کــرد و هـەر ســەری گــوریســێک بەدەست یەک دوو زەلامـەوە بوو. وردە وردە لاکیـان گەیاندە لای دەرگـا. چوار پـەلی بـەحــەوا لاکی ڕەخــشـی لە دەرگــا نـزیک بوویەوە، بکیش بکیش ها کوڕگەل! بکیشـنەی یا ئەلی! دەی لاکی ڕەخشیـان گـەیاندە دەمی دەرگــا. وەک ئەســپــەکــەی تەروادە لە حــەســاری شــار نـزیک دەبوویـەوە. بکیش، بکیش، ئەلـی هامــراتان! بکیــشنەی ســەرو ملـی ڕەخش لەگەڵ دوو دەستـی پێشـوویدا لە دەرگـا چووبووە دەرەوە، سکی ئاوســاویی ڕەخش لە دوولای دیـواری وەرگـیــری کـردبوو نـەدەجـوولا. چوار پەل بـەحـەوا، ڕوکنـەددین خـۆی بـە"ئولوسـیس" نێـو ئەسـپـەکـەی تەروادە دەزانـی. تا ئەو حەلە هـەر لەنـاو گەوڕابوو. نەڕاندی:

– بوسیەن.

گەنجـەکـان ڕاوەسـتـان. ڕوکنەددین پـای نـا بەسـەر سکی هێـستـری لەناو دەرگادا وەگیرهـاتو لە گەورە ڕۆیشتە دەرەوە، نەڕاندی:

– گــوریسی توام. گــوریسـی تـریان. هێـنا. سـەر نـوقم کـردنـی لاکی هێستـرەکەی ڕوسـەم بووبوو بەئەرکێکی گەورەی سەرشـانی گەورە و بچووکی خەڵکی دێی کانی توو.

ڕوکنەددین گــوریسی لەناوقـــەدی ڕەخش شـــەتەک دا و دووبارە کـەوتەوە هاندانی گـەنجـەکـان. بکیش.. بکیش. لاکی هێـسـتـر کـەوتە جـوولان؛ بـەڵام پەنجـە پەنجـە دەیانکێشـا. بکیشـە وە ئەلی هیـچی نەمــەنیـە.. گــەنجـەکــان کـە ڕایان دەکــێـشــا هەمـووان پڕ بەدەم دەیانقیڕاند.. ئەلی.. ی.. چون ئەسپە دارینەکەی تەروادە لە دەروازەی شــــــار بـریایە ژوورەوە. ڕەخـش لـە دەرگــــــای گــــــەوڕ وەدەرهـات. تەروادەیەکان بەبۆنەی تەواوبوونی شەڕەوە و هاتنی ئەو دیارییە بۆ ناو شـار کەوتنە خـواردنەوە و ڕابواردن. گەنجانـی دێی کانی توو مـاندوو عـەرەق کردوو بڕێکیان ئاویان دەخـواردەوە و بڕێکیـان جگەرە و بڕێکی دی بەخۆ تەکانەوە خەریک بوون.

ڕوکنەددین دووبارە نەڕاندی:

– وە گەرمی بیلە دەست وەکاروین تاریک داتێت.

دە پانـزە زەلام هێـســتـریان خـســتـە ســەر دارەمــەیت، یەکـدەست خستییانە سـەر شانیـان. کوێخـا ئەلماس و سەی یاقـو و ڕوکنەددین لە پێـشـەوە.. هێـسـتـر بەسـەر دارەمـەیتـەوە سـەر و کـەللەی هێـسـتـر لە دارەمەیت شۆڕ بووبوویەوە لەهەر هەنگاوێکدا کاجیرەی ڕەخشی دەیدا لە سەری یەکێک لە پیاوەکان، ڕێگەکە بەردەڵان و پێچ پێچ بەرەو خوار دەچوو. دووریزی بەزەحمەت دەیانتوانی بەتوولە ڕێگەکەدا بڕۆن بازێک جــار یەک دوانـێکیــان پایان هـەڵدەکـــەوت و بەنـاچار لـە دارەمـــەیت دەســـتـیــان بەردەدا. لاکی ڕەخش لار دەبوویەوە یا ئـەلا یا ئـەلا بەرز دەبوویەوە.

سەی یاقو وتی:

– با فرە نەچیمن هەر وەی ناوە چاڵی کەین.

کوێخا:

– نا بیلەی. ئەیرا فرە نزیکە بیلە باکەمیتر بچیمن. ڕوسەم وەجەب وە وەجەب ئەی ناوە ناست، نزدیک کونە کەبوتر جای خاسیەگە..

سەی یاقو وتی:

– چال ماڵی نیەتوات.

ڕوکنەددین بەتووڕەبوونەوە:

– توای تەواو زەحمەتمان بدەی وەئاوا؟ شەوسو داڵەکەرخور وەبان کانی توە و چمانە هەواپەیما دلەش قران کەن ئەو وەخت چی؟

لە دامێنی تاشە دابڕاوەکەی کونەکۆترا بەچاڵەوە خەریک بوون. ڕەخشی ماران گەزستەیان تیادا پۆشی.. خۆر ئاوا بووبوو. کزەبایەکی سارد هەڵی کردبوو. یەک بەدوای یەکدا بەتوولە ڕێگەکەدا گەڕانەوە. بەئاسمانەوە قریوەی قاز دەهاتە گوێ. پۆلێک قازی کۆچەری ڕوو بەباکوور بەدوای یەکدا ڕیزیان بەستبوو، زەردەی هەتاو لە ئاسۆدا یەشتا وەدی دەکرا. ڕێچکەی پیاوەکان بێ دەنگ بەدوای یەکدا کوێخا ئەڵماس لە پێشی پێشەوە، سەی یاقو بەدوایدا ڕوکنەددین لە دوای سەیدەوە و خەڵکەکەش بەدوایاندا ڕوو بەدێ. هەریەکە بیری لە سبەینێ دەکردەوە: تۆپینی ڕەخشی و گەڕانەوەی ڕۆسەم چاو کەو. بەتایبەت کوێخا لە گێژاوی دەستەپاچەییدا لوولی دەخوارد، دەیزانی دونیا گۆڕاوە. زەبروزۆری ئەمیر ئینتیزام وەک جاران نەماوە تا شکاتی تەلەکە و پاپێچەکانی سەروانی عەزیزی بباتە لا و چارەسەریان کا. سەی یاقو دەترسا شەڕێک وەک شەڕەکەی سەی سەلمان دەرگای لێ بگرێت. ڕوکنەددین لە هەمووان سەرحاڵتر و سەرکەوتووانە هەنگاوی دەنا، ئەو ڕۆژەی بەڕۆژی خۆی دەزانی. پێی

وابوو کوێخا و خەڵکی دێ سەرتاسەر قەرزاری چاوساقی و لێزانی ئەون. مارکوژەکەش کەوتبووە سام و هەیبەتی مارەکە و زمان وەدەرهێنانی. لاک هەڵگرەکانیش شانازیان بەدەست و بازووی خۆیانەوە دەکرد کە هەڵبژاردەی گەنجانی نێو دێن.

شەو داهاتبوو. دانیشتوانی ماندوو و مردووی بێ پەناو پشتی کانی توو. خەو نەدەچووە چاویان. ڕۆژێکی سەختیان لێ گوزەرابوو. بیرکردنەوە لە تەقە تفەنگی ژاندرام و نەڕەنەڕی سەروان، شیوەنی خەجەی ژنی ڕۆستەم و لوورەی لاڵکانەوەی سەی سەگەلی نێو دێ تێکەڵ بووبوون. زۆربەی خەڵکەکە نفرینیان بۆ ڕۆح و ڕەوانی زەینەددین دەنارد کە لەناو گۆڕیشدا ئاسایشی لێ بڕیون. هەریەکە لە بیری خۆیدا دەیوت:

- ئا.. ڕیامە گۆڕیا.. مادام وەک سەگ کوشتنەی، هەرچی باد بیلە با بات. داڵک ڕوڵە ڕو ئەڕات نەکات. ئەوکە ئەرا دەست وەشاندنت.

ئەو کەریم بە منداڵی کانی توو دەژمێردرا؛ لە بنەچەکەدا لە باو باوپیرانی لە ناوچەی گاوارەوە هاتبوونە کانی توو، وەک هەر منداڵێکی هەژار و بێ دەرەتان لە کانی تۆودا پەروەردە و قورەی سەربازی دەردەچێت و دەکرێتە سەرباز. زۆر ناخایەنێت سەربازخانە بەجێ دێڵێت و دەگەڕێتەوە کانی توو.

ئەو دەم سەرکار ئستیوار موزەفەری لە پاسگای پاتاقدا بەبکوژ و ببڕی ئەو ناوە دەناسرا کە بیستی کابرایەک لە سەربازی ڕایکردووە - ئەویش لە ناوچەی ژێر فەرمانی ئەودا - دووسێ ژاندارم دەخاتە تەکی و ڕوو بەدێی کانی توو ئەوکە باڵ بەست دەکەن و وەک ماری کوژراو هەنجن هەنجنی دەکەن و بەباڵبەستراوی دەیدەن لەبەر بەرەو پاسگا.

ئەو دەمـــە ئەوكـــە هەتاوەكـو لە دێی كـانی تووێشـدا بەكـەسێكی لەبیرچووی پڕوپووچی هیچ تیا بەسەرنەبوو دەژمێردرا. كە لە پاسگا ڕادەكـا و یەكێك لە تفـەنگەكـانی ژاندارمـەكـانیش دەدزی خـۆی دەگەیەنێتەوە دێی كانی توو. بەسبەینێدا سەركار موزەفەری چەند ژاندارمێك دەخاتە دوای خۆی و ڕوو بەكانی توو. ئەو دەیزانی سبەی بەدوایدا یەن، لە دێ دەردەچێت. هەرچی خەڵكی دێ داركاری دەكەن كەس جێگەوشوێنی ئەوكەیان پێ ناڵێن.

ئەوكـــە داری دابووە ڕوحی ســـەركـــار مـــوزەفـــەریدا. ئەو خـــۆی بەمـوزەفـەرەددینی شـای ناوچە دەزانی وا ڕووتەڵەیەكی بێ ســەروپا هەیبەت و جەلالی بخاتە ژێر كلاشەوە. ئەوكە بەوەش ڕازی نەبوو لە گەڕانەوەی سەركار ئستیوار و ژاندارمەكاندا لەناو دار و دەوەنی سەر ڕێگەكەدا ڕۆیشتە سەنگەرەوە و خۆی مەلاس دا تا هاتنە پێشەوە.. لە یەكەم تەقەدا موزەفەری لەسەر ئەسپەكەی بەردەداتەوە و یەك دوو ژاندارمیش بریندار دەكا. بەو چەشنە ئەوكە پەنا دەباتە دەشت و دەر و وردە وردە ناتوری ئەوكە شامار پیش وەدەست دێنێ..

كانی توویەكان جگە لە باخداری و ئاژەڵ بەخێوكردن، دەمیان لە قاچاخچییەتیش دەكوتا. بڕێكیان وەك كەسێكی چاوساقی ناوچە و خاوەن ئەسپ و هێستر بەكرێ لەگەڵ زەواری قاچاخچییەكانی ئەمدیو و ئەودیودا لە هاتوچۆدا بوون، چێشت تەنگا بوو. لە ناو یەكێك لە باخچەكانا كابرایەك هۆرەی دەكرد. كوێخا ئەڵماس و چەند كەسێكی دیش لە بن دیواری ماڵی كوێخادا دانیشتبوون. كوێخا جگەرەی بەرماخی دەكێشا. هەڕەشەكەی سەروان عەزیزی بووبوو بەخولیای:

– چش لە سەی سەڵمان و ڕەحمان، ئەی بیش ناكەس بەچە ئەرا

دەست وەردار نیەویت. بێ ڕحمانە باوک کوشتە ڕفتار وەلانا کەت.

لەپڕ بە تووڕەبوونەوە هەڵسایە سەرپاو ڕوو بەدانیشتووان:

– ئەی بی مەئریفەتە هورەکە کەت دەرقەد ئەی هەمکە گرفتاری مەردوومە نیەتت؟ بایەت کوڕەی سەعید وت؟ یەکێک لە دانیشتووان: نەوە ئەلی ڕۆسەمە هاتەوە. کوێخا شڵەژا. مژێکی لە جگەرەکەی دا و. تا ئەو دەم تەزبیحەکەی پێچابووە مەچەکیدا لە مەچەکی وەدەرهێناو دانە دانە ژماردنی دەست پێ کرد؛ پەلەو بێ متمانەیی لە ژماردنیا دەبینرا وەکو بەتەمای ڕووداوێکی گەورەی تر بێت.

هورە تا دەبوو نزیکتر دەبوویەوە. گەیشتبووە کەوانەی دێ. زۆر لە خەڵکی دێ دەنگی ڕۆسەمیان دەناسی ژن و منداڵی دێ لە پشتی دەرگاو لاسووچی کۆلان و دیوار کەوتنە سەرەتاتکێ.

لە مێژدا ماڵ ماڵ بەخەڵکەکە ڕاگەیاندرابوو کارێکی وا نیشان نەدەن ڕۆسەم لێی بەگومان بێت. ڕۆسەم گەیشتبووە نێو دێ. بوخچەیەکی کردبووە سەر دارێکدا و نابوویە سەر شانی زەنگوڵەیەکی تازەشی بۆ ڕەخش کڕی بوو کردبوویە تاکێک لە بوخچەکەدا لە هەنگاونانا زڕەی تێکەڵی هورەکەی دەبوو. گەیشتە لای دانیشتووانی لای دیوار، عەرەق بەناوچەوانییەوە نیشتبوو. ڕێگای نێوان جادە و کانی توو چوار پێنج کیلۆمەترێک ڕێگای پێچ پێچی سەربەبالایی دەست بەیەخەی ڕێبوار ماندووکەربوو..

سەلاوی کرد و لەگەڵ کوێخادا دەست ماچان. کوێخا چەند پرسیارێکی دەربارەی شائەباد و ڕێگە و ئەملاو لا لە ڕۆسەم کرد و ویستی بەرەو ماڵ ببێتەوە. کوێخا کەوتە تەکی، دانیشتووانیش کەوتنە دوایان. ڕۆسەم هەستی بەهاوڕاییان نەدەکرد. گەیشتنە لای

دوکانەکەی سەی سەڵمان تەختەکەی دادرابوویەوە. ڕوو بەکوێخا:

– مەگەر سەید ناساغە یا چویسە کرند.

– هیچ کامیان.

– هیچ کامیان؟

– ئا هیچکامیان دوێکە سەروان عەزیزی وەیرا بێ مەحشەر بەرپا کردووی. کاری کردیە شمر نەکردیەسەی. سەی سەڵمان و ڕەحمان باڵ بەست و هەردوو بردە پاسگا.

– ئەرا مەگە سەید بیچارە چە کردیە؟

– عەینە دەخەڵباز برای زەینەددین ناو سەید هاوردیە ئیشت دەستی ها وەکوشتن براگەی، یانی سەی سەڵمان ئەوکە هاندایە.

– ئەی قسە، هەی تڕ توات. سەی سەڵمان و ئایەم کوشتن؟ مەگەر ئەیانە مەغز خەر خواردنە؟

سەی یاقو لە دوای کوێخا و ڕۆسەمەوە سەویلی دەکێشاو سەرەتاتکییەی ژنان و منداڵان لەم لاو لا دەبینرا. زەنگڵەکەی ڕۆسەمیش لە زرنگاندنەوەدا بوو. کوێخا ئەڵماس ڕاوەستا و هەردوو دەستی خستە سەرشانی ڕۆسەم، سەی یاقویش هاتە پێشەوە.

ڕۆسەم ئاوڕێکی گێلانەی دایەوە، وردە وردە تەماشای کەوتە سەر ڕوخساری خەڵکەکە کە بەدوایدا دەهاتن. کوێخا هەروا دەستی بەسەر شانی ڕۆسەمەوە بوو وتی:

– ناچارم هەر بایەت بیشم.

ڕۆسەم زۆرتر ژڵیژا. دار و پوخچەی لە زەویدا دانا. زەنگوڵە لە زرنگاندنەوە کەوت.

– توای چە بیشی؟ سەی سەڵمان بێچارە و کوڕەی گردنە و بردنانەی. مەگەر لەیە خراوتریش بییە؟ کوێخا دووسێ جار لەسەریەک وتی:

– ئا ئا ئا لەوە خراوتریش بییە.

– ئەی داد بیداد. حەتم دیرم. یا خەجە مردیە یا یەکیک وە مڵاڵیەلم نقل بییە. ئەگەر مردنە کار خواس. چارە کە نەیرم.

– نە خەجە مردیە و نە مڵاڵ. ئیرنگە بایەت بزانی دوێشەو دز هاتیە ڕەخشی وەگەوڕ دەرکردیە و بردیەسەی.

ڕۆسەم قاقا پێکەنی. بەدەم پێکەنینەوە سوورهەڵگەڕا و پچڕ پچڕ دەیوت چ شوخی بێ نەمەکی. وە یادگار نە تام دیرت نە نەمەک.

خەڵکەکەی پشتی سەری کوێخا و ڕۆسەم، زاق زاق دەیاننواڕی هەناسەیان سوار و بڕێکیان بەزمانیان دەم و لێوی وشک هەڵاتوویان تەڕ دەکرد. کوێخا بۆ ئەوەی نیگەرانی و ئاشوفتەگی دەروونی بشارێتەوە، دەستی درێژکرد بۆ سەویلەکەی دەستی سەی یاقو، سەویلی لێ سەند و یەک دوومژی لێدا و ئنجا ڕوو بەڕۆسەم:

– وە ئەلی شوخی نیەکەم دوێشەو دز ڕەخشی دزیە و شوێن پای هەڵگردینە و زانین ڕوو وە کورە بردنەسەی.

ڕۆسەم پێکەنینی بڕییەوە، تۆزێک گڕی کەوتە دەنگی ڕوو بەکوێخا:

– دز دز چەتە. دز نێتوانت ڕەخشی بدزت. ئاخر ئیشم شوخی هەم بایەت یەکەم تام و خوا توات باوەڕ نێکەی. ڕەخشی وەل من نەوت یە گام وەل غەریبە نێنەت. چو میخ وەجای خۆی وشک وت. ئیرنگە دز چجوری ڕەخشی دزت؟ حەتمەن ڕەخش خستیەتە سەر شانی و وە گەوڕ بردیەسە دەر. مەگەر گێسکە؟ یام پەزە یا کاوڕ؟ دووبارە دای لە

قاقای پێکەنین و تۆزێک کومایەوە و ئنجا بەدەستێکی ئیشارەتی بۆ کوێخا دەکرد و خێل دەیبردەوە هیزە ڕوینە بخەنەی سەر گەردنیان.

کوێخا دوو لەپی بەیەکدا دا و سەری چەپ و ڕاست چەرخاند و لەژێر لێوەوە:

– لا ئیلاهە ئیلالا عەجەب گرفتاری بینە. ئینجا بەتووڕەبوونەوە یەخەی ڕۆسەمی گرت و وتی:

– ئیشم دوێشەو دز دزیەسەی.. یانی دزیەسەی. بچو بزانە ها وە گەوڕەکە یا نا؟

ڕۆسەم. ئاوڕێکی لە دەرگای ماڵی خۆیان دایەوە خەجەی دەست بەئەژنو دی چەند ئافرەتێک لە دەوری کۆمەڵەیان کردووە، لە دەرگای ماڵ نزیک بوویەوە، چەند هەنگاوێکیش ڕوو بەگەوڕ ڕۆیشت و گەڕایەوە لای کوێخا و:

– نا.. نا.. حەتم دیرم ڕەخشی ها وە گەوڕەکە و تەواو.

کوێخا لێی ڕۆیشتە پێشەوە:

– دزیایە، دزیایە شوین پای هەڵگردیمە تا ئەو وەر مەرز بردنەسەی ئاوای چوارکڵاو. عەیب نەیرت. دز نێتوانت ماڵ ئیمە بخوات شەوسو یەکی نیرمە لای "ئەوکە" وەزور بات یا زەڕ بات ڕەخشی تێرینەو. ئا.. تێرینەوەی. ڕۆسەم. لە پێکەنین کەوتبوو. نەشیدەوێرا بڕواتە نێو گەوڕەوە. دەشیزانی ڕەخشی بەئاسانی ناکەوێتە تەک بیانی و نەناسراو. ئەو بە بۆنا خەڵکی دەناسی و بەئاسانی متمانەی بەکەس نەدەکرد. کەوتە ئەو باوەڕەشەوە ڕەخشی لە گەوڕدا نییە. ئاوا بیرێک تا دەبوو کاستر و گێژتر و بێدەنگتر و بێ جووڵانەوەتری دەکرد. هەرچی قسەوباسی دەوروبەری هەیە تێکەڵ و پێکەڵی دەهاتە گوێ و

توخنی گەوڕ نەدەکەوت. لە حەوشیدا پشت بەدیوار شانی دابووە کورتانەکەی ڕەخشییەوە. کورتان بۆنی ڕەخشی لێ دەهات. خەڵکەکەش بڵاوەیان لێ کردبوو. پێیان واهات ڕۆسەم ڕووداوەکەی سەلماندووە و ماویەتی دان بەڕاستەقینە دابناوێ زۆر ناخایەنێت بەتەواوی دەڕواتە ژێر و دەزانێ شتێک بەسەر هێسترەکەیدا هاتووە سا دزین بێت یا تۆپین.

خەجە هەرچی لێ دەپاڕایەوە بڕواتە ماڵەوە. وەڵامی نەدەدایەوە، بێ دەنگ بێ جووڵانەوە گێلانە زاق زاق دەینواڕی.

شەو داهاتبوو. ڕۆسەم لەپاڵ دیواردا چنچکە لە حەوشیدا ورتەی لێوە نەدەهات. خەجەش هەروا لێی دەپاڕایەوە، سەرئەنجام وتی:

- باشە ورسیت نییە؟ ئا ورسیتە. یە شتی ئەڕات دروست کەم؟

لێی دا ڕۆیشتە ژوورەوە بۆ خواردن ئامادەکردن. ڕۆسەم تاک و تەنها لێی مایەوە.. کورتانی دا بەشانیدا و بەرەو مەزاری باوەیادگار وەڕێ کەوت.. دوور لە چاوی دەروێشەکانی مەزار بەپلەکاندا سەرکەوت و پشت بەگومەت لێی دانیشت و کورتانیش لە بندەستیدا. ئاسمانی داڵەهو بووبوو بەهەوارگەی هەرچی ئەستێرەی ئاسمان هەیە وەک وابێت لەمێژا پێکەوە ژووانیان بووبێت تۆپەڵ تۆپەڵ وەک هەزاران بزماری جریوەدار چەسپابوون بەئاسماندا

خەجە سینی بەدەست لە ژوور هاتە دەرەوە.. نە ڕۆسەم و نە کورتانی نەدی، وەستاو تێ ڕاما:

- یانی چە؟ چویەسە کوورە؟ بیلەی هالا دێتەو. ئەمەی وت و دووبارە ڕۆیشتە ژوورەوە. چاوەڕوان لێی دانیشت. چەندین جار دەرو ماڵی کرد. یەک دوو کوڵان ئەولاتریش ڕۆیشت، سەگەلیش نەدەوەڕی،

دەستی بەدەستدا دەدا و جارەوباریش بەسنگیدا:

– کورە چەتە رووسەم، دیتەی چە وەپیم هات؟

کەوتە بیرەوە کوێخا ئاگادارکاتەوە، دوودڵ ڕاوەستا:

– لێگەڕێ جارێک زووە بۆ کوێ دەڕوا هەر لەم ناوانەیە، گەڕایەوە ماڵ. دەست بەئەژنۆ پشت بەدیوار لێی دانیشت. منداڵەکانی لە چەپ و ڕاستیدا خەویان لێ کەوتبوو. بۆخۆیشی خەوەنووچکە دەیبردەوە، دەکۆشا هوشیار چاوەڕوان بیت و خەو نەیباتەوە سەرئەنجام خەوی لێ کەوت. نەیزانی چەندە نووستووە. کە ڕاپەڕی نواڕی نە ڕۆسەم و نە کورتان وەدی ناکرێن. یەک دوو کەڵەشێری بێ حەیا دەیانقولان. وردە وردە کانی توو لە خەو هەڵدەستا. پەز و ئاژێڵ لە کۆز و گەوڕ دەهێنرانە دەرەوە. دەنگی وەحە و چغە و کشە بەرزونزم دوور و نزیک دەهاتە گوێ.

خەجە خۆی گەیاندە بەر دەرکی ماڵی کوێخا ئەڵماس؛ لە دەرگای دا. دەر کرایەوە. کوێخا بەکراس و دەرپایەکی خورشیدییەوە هاتە دەرەوە هەر خەجەی دی دڵی داخورپا لەبەر خۆیەوە:

– وە ئەلی شتی قەومیایە.

خەجە لێوە لەری بوو. پەلاماری دەستی کوێخای دا و بەدەم گریانەوە:

– کویخا برەس وە دادم. ڕوسەم نییە و گوم بییە. هەرچی کولان هەس گشت گەڕیام، چمانە ئاو چێتە ژیر زەوی. یەشتا خەجە دەلاڵکایەوە.. یەکێک لە دەروێشەکانی نێو مەرقەد هاتە پێشەوە و وتی:

– ڕوسەم چوەتە بان گومەت و وەلیوار گومەتەو دانیشتییە هەرچی ئیشین بارە خوار گوش نێتەکنت و جواو نێدەتەوە.

سـەی یاقـویش لە مـاڵ هاتـبووە دەر؛ نـەیدەزانـی ڕۆسـەم گـوم بووە. کوێخـا و خـەجە و دەروێشـی دێ بەرەو لایان ڕۆیشـتن. چەند کـەسێکی دیش گلێـربوونەوە، هەمـووان ڕوو بەمـەزار وەڕێ کـەوتن لای ڕۆژئاوای گومـەتی باوەیادگـار بەسـەر لێواری هـەڵدێرگـایـەکی هەزار بەهـەزارەوە دەینـواڕی. ڕۆســەم کــورتان لە کــۆڵ هـەردوو پای لـە دیوارەوە شــۆڕ کـردبووە خـوارەوە و ڕوو بەدۆڵـی هـەزار بەهـەزار دەینـواڕی. کـوێخـا و سـەی یاقو و چەنـد کەسێک سـەرکەوتووبوونـە سەر گومـەت. کوێخـا لە دوورەوە هـەر دەیوت:

– ڕووسـەم! ڕووسـەمە؟

ڕۆسـەم بێ وەڵام بێـدەنگ ڕوو بەدۆڵـی قـووڵـی بێ بـن و پێخ دەینواڕی تاکـێک لە کـڵاشـەکانـی لە پای کـەوتووبوونە خـوارەوە و مـێزەرەکـەی کەوتوبووە ملی.

کـوێخـا و خـەڵکەکـە لێی نزیک نەدەبوونـەوە..دەسـتیـان بـۆ نەدەبرد لەوەی دەترسـان خـۆی هەڵداتـە خـوارەوە. لێی دەپاڕانـەوە، دەیاندواند، ڕۆســەم لاشـی بـەلایانەوە نـەدەکـرد. ئاخـری کـەوتنە ئەو چارەیە کـە بەبـاوش پیـاکـردن لەو لێـوارە دووری خــەنەوە. بڕیار درا یەکـێک لە گەنجـەکان گومەت دەورداتەوە و لەلای ڕاسـتییـەوە بەگوێرەی توانا لێی نزیک بێتـەوە و بەئامـاژەی کوێخـادا باوشـی پیاکـات. کوێخـا زۆرتر لە ڕۆسـەم نزیک بوویەوە. ڕۆسـەم نە دەنگی لێوە وەدەر دەهات و نە ڕووی بەلای کوێخایش دەچەرخاند. کویخا دەیوت: ڕەخشـی دێنینەوە؛ ئەوسا ئەسپـمان زین کـردووە بەرەولای ئەوکە دەڕۆین کێ دەتـوانێ ماڵـی ئێـمە بخـوا... ئا لەم قـسانە. کـابرای لای ڕاسـتـی ڕۆسـەمـیش وردە وردە لە ڕۆســەم نـزیک دەبوویـەوە. خــۆر هـەڵهــاتبــوو دۆڵـی ڕێژاو تا چـاو بڕی

دەکرد ڕاکشابوو تەم و مژێکی کەم و تەنگ لە دوولای دۆڵا دەبینرا. ڕۆسەم چاوی بڕیبووە دووری دۆڵ. کابرای لای ڕاستی ڕۆسەم داردەستیەکی مابوو بگاتە لای ڕۆسەم. کوێخا ئاماژەی بۆ کرد. کابرا؛ خۆی هەڵدا و باوشی بەڕۆسەمدا کرد خەڵکەکە هەموو تێکڕا هاواریان لێ هەڵسا: یا ئەلی.. ڕۆسەم هیچ جووڵانەوەیەکی پێوە نەبینرا. خوێ ڕانەوەشاند هیچی نەوت، لای نەچەرخاندە لای کەسەوە. وەک لەشێکی بێ ڕوح و گیان زاق زاق دەینواڕی. کابرا ویستی کورتانەکەی لێ دوورخاتەوە نەیهێشت؛ توند توند نووساندبووی بەخۆیەوە؛ ڕۆسەمیان لە لێواری دیواری گومەت دوور خستەوە کورتان لە کۆڵ لە پلەکانیەی گومەت بردیانە خوارەوە. خەڵکی کانی توو گلێر بووبوونەوە. کاتێ برێک لە دەروێشەکانی گومەت ویردیان دەخوێند. ڕۆسەم هەروا بێ دەنگ دەینواڕییە خەڵکیدا چاویشی نەدەپرتاند.

کوێخا و سەی یاقو و ڕوکنەددین و دەروێشەکانی نێو مەزاری باوەیادگار هەمووان کەوتنە باوەڕێکەوە: ڕۆسەم لێی قەوماوە، دەستی لێ وەشراوە. وا چاکە لە مەرقەو دوور نەکەویتەوە و بەشەویشدا ببەسرێتە دارتووەکەی نێو مەرقەدەوە؛ بۆ خۆی مەرقەد و دارتوو هەردووکیان شیفا بەخشن و ئەوانگەل کەمتر زەفەری پێ دەبەن.

یەک دوو کەسیان تەرخان کرد کە لە ڕۆسەم دوورنەکەونەوە، تیکە نان و پاروویان دەبردە لای دەمیەوە، ڕووی بەولاوە دەچەرخاند. ئاویشی نەدەخواردەوە. شەوان بەرزەبالا بەگوریس دەیانبەستە قەدی دارتووەکەی ناو حەوشی مەزارەوە. ڕۆژی سێهەم بەناچار دەم و کاچیرەیان دەکردەوە، شۆربایان بەدەمیەوە دەکرد. ڕایان دەکشاند ئاویشیان بەدەمیەوە دەکرد دووسێ زەلام پەل و پۆیان دەگرد و یەکێک

لووتی دەگرت و بەمەسینە ئاویان بەقوڕودا دەکرد. شەوانە ڕاستە ڕاستە گوریس پێچ دەکرا. خەویشی لێکەوتبا گوریسەکە ڕاست ڕاستێک ڕای دەگرت و تەنها ملی دەکەوتە لای شانی یا شۆڕی سەر سنگی دەبوویەوە. ڕۆسەم تا دەبوو بێ هێزتر و لاوازتر دەبوو وەک پەیکەرێکی بێ گیان هیچی لە دەم نەدەهاتە دەرێ. نە ئایەک نە ناڵەیەک نە گریانێک هیچی لێ نەدەبیسرا.

کوێخا و سەی یاقو و زۆربەی خەڵکی دی زۆربەی کات بەدیار ڕۆسەمەوە بوون و مەرقەدیان بەجێ نەدەهێشت. ڕوکنەددین دیسانەوە هاتەوە مەیدان ڕوو بەکوێخا:

– ئیشم؟

کوێخا هەڕەشەی دووبارەی سەروان عەزیزی هاتبووە سەر بیستبووی خراپیان بەسەر سەی سەڵمان و ڕەحمانی کوڕیدا هێناوە و بەزەبری لێدان و داخ و دارکاری سەلماندوویان کە ئەوکەیان هانداوە و ئیمزاشیان لێ وەرگیراوە. کە ڕوکنەددین وتی ئیشم.. وەک فیشەکە شێتە ئاڵۆزانە بەرەو ڕوکنەددین هەنگاوێکی نا وتی:

– بکوشەم و مەیشی ئیشم مەوسەو بیشە مەگە نوات گردنە؟

ڕوکنەددین دەستێکی بەسمێڵەکانیدا هێنا و یەک دوو هەنگاوی ناو دووبارە گەڕایەوە سەر جێی خۆی و وتی:

– گومان نەیرم ئەی ئادەمە وا من دوینمەی جنوکە چیەسە گیانیەو تا دەرنەیات. ئەی بەزمە هەس کە هەس.

سەی یاقوو بەدەم سەویل کێشانەوە یەک دووجار بۆی کۆکی و وتی:

– جنوکە وە مەقاش نایەتە دەر.. پیاو خۆی توات...

ڕوکنەددین نەیهێڵا سەی یاقوو درێژەی پێ بدا، چاوساقانە دیسانەوە وتی:

– ئیشم..

کوێخا پەلاماری دا و دەستی لە یەخەی گیرکرد و ئیشیت و زەهرمار توام سەد ساڵ نەویشی.

– یانی نەیشم.

کوێخا دەستەپاچە، تووڕە و ئاڵۆز بێ پشت و پەنا زەبوونانە دەستی لە یەخەی ڕوکنەددین بەردا و:

– با بیش.

– فکری کردمە. ئەی دەردە دەوای ها وەلای شێخ سەفائەددینەو.

– کام شێخ سەفائەددین؟

– یارو وا ماڵیان هاوە بەرزە قلا.

– مەگەر توانت لەی کارانە بکات؟

– ئیشن ڕوخسەت دیرت. تا وەهال چەندین کەس لە ڕوسەم خراوتر ئەلاچ کردییە. دەرویشیەل شێخ ئیشن شێخ یە زیندان دیرت پڕپڕ جنوکەس. نان و ئاو خەنە وەردەسیان، کەس وە ئامە جنوکیەل نیەدوین، تەنها شێخ توانت بوینتیان و قسە وەلیان بکات.

یەکێک لە دەروێشەکانی هاتەپێشەوە:

– من یەکی هیچ باوەڕ وەی قسانە نیەرم.. جنوکە هەس کە هەس.. وەلی نە من وە نە شێخ سەفائەددین وەک یەک لەلیان ترسین.. بوەنەی دەواو دکتر.

کوێخا یەک دووجار سەری بادا و پەنجەکانی دەستی تەقاند و وتی:

– هەردووکیان کەین؛ هەم بەینەی لای شێخ و هەم ئەلای دکتر. وەلی ئەول چیمنە لای ئاشێخ؛ ئەگەر جنوکیەل دەرهاورد کە هاورد، تازە ئەمرِو درەنگە و دیروەخت شەوسو یەک دوو کاورِ وەل خۆمانا وەین و کەفینە رِێ؛ ماشەڵا رِوسەم وەزعی خراو نییە، بیست سی سەر پەز دیرت.

رِۆسەمیان لە دارتوو کردبوویەوە. خەجە باوشی بەچۆکیدا کردبوو دەگریا. منداڵەکانیش دەگریان. رِۆسەم نە دەجووڵایەوە نەهیچی دەوت. خەجە دەگریا و دەیوت: یادگار! یە چوارشەو و رِوژە سەگ دەر قاپیتم. ئەرِا شتی ئەرا بەدبەختیمان نەکردی؟ مەگەر نیەوینیت رِوسەم نفلە بییە، ئەییی خودا برِەس وە دادمان. سێ منداڵی شرِۆڵیش لەگەڵ دایکیاندا دەگریان.

ماشینێک لەبەر دەرگای باوەیادگاردا راوەستا، سێ چوار کەس لێ دابەزی؛ کەسەکان لە کرماشانەوە هاتبوون، هاتنە سەر شیوەن و گریاندا لە رِووداو ئاگاداربوون، یەکێکیان لە رِۆسەم نزیک بوویەوە بەوردەکارییەوە سەیری رِوو و رِوخساری دەکرد. سەرئەنجام رِوو بەخەجە وتی:

– یە شەوکە بییە، زوو لاچت؛ ئەگەر زوو برِسنەی دکتر.

کوێخا هاتە پێشەوە:

– چە بییە؟

– شەوکە.

– یانی توای بیشی شەوانە دەست لەلی وەشاندنە؟

– نەخەیر. ئیشم کوت و پرِ عەسەبانی بیەو زور نیەکیشت. خاس وت.

کوێخا بەدوو کەسەکەی وت:

– ڕوسەم بوەنەو ماڵی وەلی، وەلای بمیننەوە تا شەوسو کەفینە ڕێ.

ڕۆسەمیان بەرەو ماڵ لە مەزار وەدەرهێنا. دووکەس دەست و شانیان گرتبوو، خەجە و منداڵەکانی بەدوایەوە، کوێخایش کەوتبووە دوای سەی یاقوویش و ڕوکنەددینیش. هەنگاوەکانی ڕوکنەددین پڕ بوون لە باوەڕ و متمانە بەخۆبوون، دیسانەوە دانیان نابووە چاوساقی و لێزانی ئەودا.. ئەوسا هەرچی بڵێت یەک و دووی بۆ نییە. ئەم دێیەی کانی تووە. سپڵەن، نەفامن، گەوجن؛ یەکێکی وەک منیان هەیە کەچی لووتی پیادا ناهێننەوە تا لێیان دەقەومێت و ئەو حەلە دەزانن چەندە بێ دەرەتان و دەستەپاچەن. لێیان گەڕێ، شایانی ئاوا تووش هاتنێکن.. جا ئەم گەوجانە ئەگەر منیان نەبوایە چی؟

کوێخا شریتی تێفکرینی ڕوکنەددینی بڕی:

– شەوسو سەعات چەند بکەفینە ڕا؟

– تاریکە و لیلکە.

– خاسە. من چمە پاسگا. تا بزانم ئەی شمرە چە لەلیمان توات، شایەت بیلت سەی سەلْمان بوینم، وەلی ئیوارە تێمەو.

– توای وەلتا بام.

– نە نیەتوام. من چمە لای سەگ هار، قولت بردە دەما چە بکەم؟

کوێخا گەڕایەوە ماڵ و جلی شار و ناو خەڵکی لەبەرکرد و سوارە بەرەو پاسگا وەڕێ کەوت.

دوو زەلامی هاوڕای ڕۆسەم، ڕۆسەمیان بردە ژوورەوە، منداڵەکانی ڕۆسەم لە چەپ و ڕاستیدا دانیشتن و سەرسامانە دەیان نوارییە

باوکیانا. ڕۆسەم هیچ جووڵانەوەیەکی پێوە نەدەبینرا؛ هەروا بێ دەنگ. یەک دوو ئافرەتی دەرو دراوسێش هاتبوون. یەکێک لە زەلامەکان بەهاوڕێیەکەی وت دەڕوات و دەگەڕێتەوە، ژنێک شووشە بەدەست هاتە ژوورەوە شتێکی زەرد تا یەک چوارەمی شووشەکەی گردبووە خۆ، بە خەجەی وت: ئەمە شیفایە با بیخواتەوە. خەجە نەیدەزانی ئاو پرتەقاڵە، وتی دەرمانە؟ جا ئەو ئاو دەخواتەوە تا دەرمانی بخوا. ڕۆسەم خەوی لێکەوتبوو. کابرای هاوڕای بەسەر بەڕەکەوە ڕایکشان و سەرینێکی خستە ژێر سەری.

ڕۆسەم کورتانی لەبیرچووبوو کورتانی بێ هێستر لەناو حەوشدا توورِ درابوو. ڕۆسەم لە پڕ ڕاپەڕی و دانیشت و وتی:

– نا وەیادگار ڕەخشی نەدزیایە ئیرنگە دیمەی.

چوار ڕۆژ دەبوو ڕۆسەم هیچی لە دەم نەهاتبووە دەر خەجە و خەڵکەکە حەپەسان. خەجە لە ڕۆسەم نزیک بوویەوە پەنجەی هەردوو دەستی لە چۆکی ڕۆسەم گیرکرد و: دەردت لە سەروماڵم کەفت! ئەڕا وا کەی؟ ڕەخشی چوارپەنج ڕۆژتر تێرنەو. ئەی ئەداو ئەتوارە بخە لا.

ژنەی دراوسێ ئاو پرتەقاڵی لە لیوانێکدا هێنا و دای بەدەستی خەجە و خەجە بەرەو دەمی ڕۆسەمی برد:

– یە قوم لەیە بدە، فەقەت یە قوم؛ با دەمت تەڕ کەیت. ڕۆسەم سەری وەرچەرخاند، دەمی قوفڵ کردبوو. دووبارە بێ دەنگی و زاق زاق نواڕین.

خەجە. بەلا یەکێک لە کلاشەکانەوە لیوانی ئاو پرتەقاڵی دانا؛ لیوان خواربوویەوە ڕشا. خەجە دووبارە ناڵە و شیوەنی دەست پێکرد. سەری ڕووت کردبوو پەنجەی خستە ناو قژی و بەقژ ڕنینەوە خەریک

بوو. ژنان دەستیان گرت، منداڵەکانی دایان لە زیرەی گریان.

زەلامەکە لە قژڕنین و شیوەنی خەجە تووڕە بوو:

– بیلەمان، دەردە سەر کەم دیرین؟

ڕۆسەم هەروا بێ دەنگ دەینواڕییە خەڵکیدا، کابرا دووبارە ڕۆسەمی ڕاکشان. ڕۆسەم تەنها نەدەچووە ژێر خواردن و خۆراک، وەک کاوڕ بۆ هەرکوێ بیانبردا دەڕۆیشت.. دەستیان بگرتبا هەڵدەستا، دادەنیشت ڕایان دەکشاند.

زۆری نەخایاند دووبارە خەوی لێکەوتەوە، کابرا پەنجەی خستە سەر زاری کە بێ دەنگ بن؛ بەئاماژە هەموویانی کردە دەرەوە.

خۆر کەوتوبوو. کوێخا لە پاسگا گەڕابوویەوە. سەی سەڵمانی دیبوو؛ ئەوەندەیان لە ڕەحمان دابوو تەواوی سەروگوێلاکی ئاوسابوو. ڕەحمان چووبووە ژێر و ئیمزاشی کردبوو کە باوکی هەناردوویەتە لای ئەوکە تا خەڵکی ناوچە لە زەبرو زۆری زەینەددین ڕزگار کا. سەی سەڵمانیش چاوی شین بووبوویەوە. سەر و سمێڵیان تاشی بوو؛ سەروان عەزیزی بەکوێخای وتووبوو:

– هاتوویت سەی سەڵمان ببینی؟ ئێستا نیشانت دەدەم. کاتێک سەیدیان هێنابوو بەسەر و سمێڵی تاشراوەوە، کوێخا فرمێسکی پێ ڕانەگیرابوو. سەرکار ئستیوار شەریفی کوێخای کێشابووە ئەولاوە تا شتێک کۆکەنەوە و دەم شرینی پێشکەش جەناب سەروانی کەن؛ ئەگینا ئەم هەویرە ئاو زۆر دەباو شەڕ دەرگای زۆر کەسی دانیشتووی کانی توو دەگرێت. وتبووی خۆیشی لەبیرنەکەن.

یەشتا برێک لە ئەستێرەکان نەدەچوونە ژێر چادری ڕۆشناییەوە، زیت زیتێک جریوەیان دەهات، تاریکی لە پەلەقاژیدا بوو، تاڵەکانی

ڕۆشنایی ئەژدیها ئاسا لە ئاسۆی دوورەوە دەجوولانەوە، کانی توو کەوتبووە جوولە، نێرەکەرێکی ناوەخت دەیزەڕاند، چەندین کەڵەشێر دەیان قولاند، پرمەی ئەسپ و قوڕەی گا و مانگا و قارەقاڕی پەز و وڕە وڕی خەڵکی هەمووان تیکەڵ بووبوون. سەرتاسەری خەڵکی کانی توو دەیانزانی ڕۆسەم دەبەن بۆ لای شێخێک جنۆکە لە گیانی دەردێنێ. شێخێکی وایە ژوورێکی کردووە بەبەندیخانەی جنۆکە و لە ترسی شێخدا هیچکامیان زاتی جوڵانەوەیان بۆ نییە. زۆربەی خەڵکەکەی کانی توو لە ترسی جنۆکەدا ئەو شەوە خەویان لێ نەکەوتبوو.

ڕوکنەددین لەقاوی ئەسپەکەی ڕادەکێشا، پیادە بەرەو ماڵی ڕۆسەم.. سەی یاقوو سوارە لەبەر دەرگای ماڵی ڕۆسەمدا وەستابوو. ئەسپەکەی ملی خۆی شۆڕ کردبوویەوە، چاوی بڕیبووە توێکڵە فەڕینۆیەکی تووڕدراو. کوێخایش لە ماڵ هاتبووە دەر، لەخاوی دوو ئەسپیان بەدوادا ڕادەکێشا. وردە وردە بەرەو لای ماڵی ڕۆسەم دەچوو کە گەیشتە لای برادەرانی نەڕاندی:

– ئەی هەبیب و ئەخل نەڕەسینە؟ خەریک بوو تووڕە دەبوو، حەبیب و ئەحمەد هێسر سوار گەیشتنە بەرەوە.

دوو کاوڕ لە پەزەکانی ڕۆسەمیان وەدەر هێنابوو بۆ تەکیەی شێخ، ڕۆسەمیشیان پەلەکێش کرد.

دووکەس ڕۆسەمیان سواری یەکێک لە ئەسپەکانی کوێخا کرد و لە ناوقەدیەوە بەستیانە ژێر سکی ئەسپەکەوە. سەی یاقوو لەسەریەکە مژی لە سەویلەکەی دەدا، ڕوکنەددین خۆی بەفەرماندەری زەوار دەزانی کە کەوتنە ڕێ و بوو بەسەرقەتار. دوێنێ شەو زۆری دەربارەی

جنۆکە و کێوی قاف و نەڕەگەور و چۆنیەتی جنۆکەکەی نێو لەشی ڕۆسەمی وتبوو. خۆی بەپێش قەرەوڵی شەڕێکی خوێناوی دەزانی.

سوارەکان لە دێ دەرچووبوون. بێ وچان ئاوزەنگیان لە وڵاخەکانیان دەدا. هەرچی سەی یاقوو ناڵاندی تا تاوێک ئۆقرە بگرن، کوێخا ڕازی نەبوو؛ بەسەر وڵاخەکانیانەوە ناوساجییان خوارد و هەروا لە ڕۆیشتنا بەردەوام بوون عەسرێکی درەنگ گەیشتنە بەرزەقڵا. هەر لە دوورەوە ماڵی شێخ دەناسرا. تا نەگەیشتبوونە لای دێ ڕوکنەددین لە پێشەوە بوو، پێش ئەوەی بگەنە ناو دێ کوێخا ئاوزەنگی لە ئەسپەکەی داو کەوتە پێشەوە. ڕوکنەددین لە دواوە، سەی یاقوو بەدوای ڕوکنەددینا ڕۆسەم شل و شێواو هەردوو دەستی بەسترابووە زینەکەوە، مێزەرەکەشی کەوتبووە ملی. دوو هێسر سوار هەر یەکە کاوڕێکیان نابووە بەرۆکیانەوە یەکسەر بەرەو تەکیەی شێخ دەچوون. کە گەیشتنە بەر تەکیەی شێخ، چەند دەروێشێک هاتنە پیریانەوە؛ ڕۆسەمیان لە ئەسپ داگرت و دەروێشەکان بەفەرموو فەرموو کەوتنە پێشەوە. کوێخا ئەڵماس لە جێی خۆی ڕاوەستا و جووڵەی نەکرد. دەروێشەکان ڕاوەستان و تێڕامان؛ فەرموون بۆ تەکیە.

کوێخا وتی:

– بچو بیشە شێخ یە عدە تایفە هاتنە، توان بڕەسنە خزمەت؛ حەتمەن یە فەرمایش دیرت.. تا چون چونین بڕەسینە خزمەت.

دەروێشەکان کە ناو تایفە و غەیرە دینیان بیست دەیانزانی قەدەغەیە بۆ غەیرەدین بڕواتە نێو تەکیەوە.

یەکێک لە خەلیفەکانی شێخ هاتە دەرەوە و چپەیەکی بۆ یەک دوو دەروێش کرد و کەوتە بەخێرهاتنی سوارەکان. زۆری نەخایاند لاکێشێکیان لەبنی دیواری تەکیەدا بۆ شێخ ڕاخست و دۆشەکێکیان

خستە سەری و ڕووبەڕووی دۆشەک یەک دوو بەڕەیان بۆ میوانەکان ڕاخست. میوانەکان بەسەر بەڕەکەوە چوارمشقی لێی دانیشتن. شێخ لە تەکیە هاتە دەرەوە ڕیشێکی سپی، دووچاوی زیتی لەچالا نوقم بوو، مێزەرێکی سپی، مل پێچێکی سەوزی قەرسیلی پێچابووە ملیدا. گاڵوک بەدەست لە دەرگای تەکیە وەدەر هات.

کوێخا ڕۆیشتە پیریەوە و دەستی شێخی ماچ کرد سەی یاقو و ڕوکنەددینیش دەستیان ماچ کرد، هەبیب و ئەخلیش نووسانە دەستی شێخەوە. ڕۆسەم دەینواڕییە دیواری تەکیەدا وەک وابێت تاک و تەنها بێت.

شێخ لەو بابەتە میوانانەی زۆر دیبوو؛ بەسەیرکرنێکدا سەرەتاو پایانی داستانی وەدەست هات و خۆشی لێوەگەڕکرد. ڕوو بەکوێخا:

– خێرە ئینشاڵڵا.

– قوربان چە بیشم. حەزرەتعالی خاس دەردمان زانیت چە حاجەت وە باس. دەستی بۆ ڕۆسەم درێژکرد و ڕوو بەشێخ.. دەواو دەرمانی ها وەلای جەنابت.

شێخ تا ئەو حەلە لەژێر چاوەوە دەینواڕییە ڕۆسەما، ئەمجارە ڕاستەوخۆ وردەکارانە ڕووی کردە ڕۆسەم و یەک دووجار دەستی بەسمێڵ و ڕیشیدا هێنا و کۆکەی لە خۆ هاورد و لەسەرخۆ وتی:

– ئەستەخفیروڵڵا! لا ئیلاهە ئیلاڵڵا محەمەد ڕەسوڵەڵڵا. سەری داخست و وتی:

– ئەو بێ ئیمانانە.. چەنێکە وایان بەسەر هێناوە؟

– قوربان فرە نییە، گومانم شەش هەفت ڕۆژێک وت.

– چاکتان کرد زوو هێناوتانە.. ئەو کافرانە هەر ئەوەندە لە گیانا

جـێگە خـۆش کـەن، بەئاسـانی وەدەرنایەن. بنوارِنە چاویا بزانن دەیتـرووکـێنێ، رەنگە خـواردنیـشی کـەم بووبێـتـەوە. ئەوانگەل دەبنە خورەی ناوسک هەرچی لەناو هەناودا بێت دەیخۆن و دەیخۆن و ئەوی تام و چێـژ هەیە بۆ نەخـۆش ناهێـڵنەوە. ترسـتـان نەبێت، چارەی ئەو لامەزەوانە لای منە، ئەوسا کە منیان دیوە گوێم لە زریکەیانە.

روکنەددین هاتە قسە:

– قوربان، مەگەر شوخیە؟ ناو شێخ سەفائەددین وە لورستانیش ناسیایە، وە ئەلی من ناو جەنابئالی وە هەمەدان بیستمە.

شێخ پەنجەیەکی باداو یەکێک لە خەلیفەکانی رووبەرووی رۆیشتە چۆکـا. ئینجـا بەدەنگی بەرز وتـی: ئا لەولاوە چاڵێک بەقـووڵی گـەز و نیـوێکی شـا وە دوو گـەزی شـا پان بکەنن و پڕی کـەن لە ئاو، با تا سـبـەی ئاوی تیـا بمێنێتـەوە؛ سـبـەی پێـتـان دەڵێم چی بکەن. شـێخ چپەیەکی بۆ خەلیفە کرد و خەلیفە روو بەمیوانەکان وتی:

– فەرموون لەگەڵما وەرن.

شێخ روو بەکوێخا ئەڵماس:

– ئیمشەو ئیسراحەت بکەن و سبەی بێینەوە لامان، شت نییە خوا چاکی نەکا، فەرموون لەگەڵ خەلیفەدا برۆن؛ بەڵام ئەمشەو ئاگاداری نەخـۆشـەکـەتان بن و بیـبـەسنەوە.. نەکـا ئەوانگەل هانـی کـارێکی نەشیاوی دەن، یا بەدزی ئێوەوە بۆی دەرچێت. ئەوانگەل لە بندەستی ئەم تەکیەیەدا ترسێکی خراویان لێ نیشتووە.

هەر لەوێدا رۆسەمیان قۆڵ بەست کرد و کەوتنە دوای خەلیفە. سەی یاقـوو لە هەمـووان مـاندووتر و پەلوپۆ شکاوتر دەنوا. حەبیب و ئەخل کەوتنە دامەزراندنی وڵاخەکان هەر سوارێک بەتفاقی خۆیەوە هاتبوو،

کتری و پیاڵە و شەکەر و چایی و ناوساجی و ئەوی داپێویستی سەفەرێکی دوو ڕۆژە بوو، لەگەڵ خۆیانا هێنابوویان دەیانزانی بەلای خانەخۆیکانیانەوە پێکەوە نانخواردن شیاو نییە و بەپەسەندی نازانن. کە لە ماڵی خەلیفەدا سەقام گیربوون کوێخا ڕوو بەخەلیفە:

– هیچ زەهمەت مەکێشن. گشت چشتێک وەلخۆمانا هاوردیمنە. زەحمەت نیەتوات.

– ئەمە ماڵی شێخە، گوێ نادەینە ئەوە. زۆر زۆر حاجەتەکانمان دەشۆرین، شێخ فەرموویەتی.

شەوێ خەلیفە کەوتە دڵدانەوەی میوانەکان و باسی کەراماتی شێخ و دەسەڵاتی شێخ، دەیوت:

– ئێوە ئەندازەی کەراماتی ئەم شێخی ئێمەیە نازانن حەقتانە نەتاندیوە. من بەم دووچاوی خۆمە دیومە بەپای پەتی بەسەر سیروانا ڕۆیشتوە و پاشی تەڕ نەبووە. سەدان جار لەیەک ڕۆژا لە چوار مزگەوتی شارە دوورەکانا نوێژی هەینی دەکا. ئەوانگەل هەر ناوی ببیسن دەکەونە پەلە قاژێ و پاڕانەوە و سبەی بەگوێی خۆتان لاڵەکانەویان دەبیسن. بێ خەیاڵ لێی بنوون سبەی نەخۆشەکەتان بەپای خۆی لەگەڵتانا دێتەوە. بەلام نەڵێن نەیوت ئەمشەو دەبێ هوشیار بن و.. چاو لەسەر نەخۆشەکەتان هەڵنەگرن.

ڕۆسەمیان دیسانەوە شەتەک داو بڕیاریان دا تا بەیان ئیشکی دیرن. ڕۆسەم وەک متەکایەک ئەملاولایان پێ دەکرد. لە گۆشەیەکەوە شەتەک دراو ڕایانکشاند. هەرچی ویستیان شتێکی دەرخوارد دەن نەیانتوانی.. تا شەو درەنگ هەر دەینواڕی.

خەلیفە بەجێیانی هێشتبوو، ڕۆسەم خەوی لێکەوتبوو ئەوانی دیش

لەســەر شــان ڕاکـشــابوون، پـشـیـلـەیەک هـاتە ژوورەوە، ڕوکنـەددین چوارمشقی لێی دانیشت و ڕوو بەکوێخا:

– وە سەی برا کە یە ڕەفیق کاوراکان ناو لەش ڕوسەمە.

کوێخایش لێی دانیشت. سەی یاقوو لە پرخەی خەودا بوو. پشیلەکە هەر دەینوارِی. حـەبیب تاکە کلاشـێکی تێ گرت و پشیلە میـاوانی و بۆی دەرچوو..

کوێخا ڕوو بەڕوکنەددین:

– بەسـە دونیـا پڕ کـردیتـە جنوکـە، ئەی هەمکە سـاڵە ئەرا یەجـار جنوکـەی وەچاو نەدیمنە.. ئیـرنگە هەرجـا چیـمـەن پڕپڕ جنـوکـەس. دووبارە لێی ڕاکشا.

سـەی یاقـوو نوسـتبـوو، حـەبیب و ئەحـمـەدیش خـەویان لێکەوتبوو. ڕۆسـەم دەینوارِی. ڕوکنـەددین شــان بەشــانی دەکـرد. خــەوی لێ نەدەکـەوت. پشـیـلـەکـە دووبارە هاتەوە ژوور، ڕوکنـەددین چوارمـشـقی دانیـشت. تـاوێک دەینـوارِییـە زاق نوارِینی ڕۆسـەمـدا و تاوێک چاوە زیتـەکـانی پشـیـلـەکـەدا. بۆ خـۆیشـی لە ترسـا چاوی زاق بـووبوویەوە ویسـتی کـوێخـا هەڵسـێنێ، بەشـوورەیی زانـی. پشـیـلە و ڕۆسـەم هەردووکیان دەیاننوارِی.. ڕوکنەددین خۆی پێڕانەگیرا لەپڕ قیڕاندی:

– یا سەی براکە.

هەمووان لە خەو ڕاپەڕین.

هەریەکە لەلای خۆیـەوە دەپیرسی: چە بییە چە قەومیایە؟ ڕوکنەددین دەستی پێ کرد :

– بنوڕن چاویل ڕوسـەم، وە ئەلی ئیـوە خـەفتی بن یە شـەوق چمـانە شـەوق چرای مـاشـین لە چاویەلی ڕوسەم دەرچوو. وەک شـەوق چاویل

پشـی دەمەو ئێوارە تێکەڵ بین. ئەگەر ناو سەی براکە نەهاوردوم کاری دانە دەسـمـان. ئەی شـێخ سـەفائەددینە ڕاست کەت. فـرە کەرامـەت دیرت ڕوسەم جنوکە پڕ پڕ گیانیەسی.

کـوێخـا تەکی دا لای ڕۆسـەمـەوە سـەری چەپ و ڕاست کـرد، ڕاستەوخۆ نواڕییە گلێنە ماندووەکانی ڕۆسەمدا و وتی:

– لائیلاهە ئیلاڵڵا! عەجەب گرفتاری بیمن. دووبارە هەریەکە لەلای خۆیەوە ڕاکشان. جگە لە ڕوکنەددین هەمووان خەویان لێ کەوت.

مەلای مزگەوتی دێ بانگی دەدا تەقـە تەق کـەوتە مـاڵی خـەلیفـە. خەلیفە هەستابووە سەر نوێژ. کار و پیشەیەکی ئەوتۆی نەبوو.

نە پەز و نە کشتوکاڵ و نە ئاڵ و وێڵ جگە لە خەلیفیەتی نەبێت.

شێخ چەندین کەسی کردبووە خەلیفە و هەریەکەیان جۆرە کارێک و جـێگە و شـوێنێکی پێسـپێرابوون؛ یەکـێک کـۆکردنەوەی یارمـەتی و پیـتـاک و یەکـێک بڵاوکـردنـەوەی پڕوپاگندە و یەکـێک چاوسـاقی هاتوچۆی شـێخ و یەکێک کاروباری کشـتوکـاڵ و ئاژەڵداری و شت و مەک کڕین بۆ ماڵی شێخ و تەکیەی شێخ.

خـەلیفـە عـوسـمـان خـانەخـۆی کـوێخـا ئەڵمـاس و هـاوڕێیـەکـانی کاروباری بەدەمەوە چوونی میوانانی شێخی پێسپێرابوو لە پڕوپاگندە و درۆودەلەسەشـدا دەسـتێکی باڵای هەبوو. شـێخ دەیزانـی لە وتوێژ و مـەجلیس گـەرم کـردنـا بەتوانایە، مـاڵەکـەی کـردبووە شـوێنی بڕێک میـوانی وەک کوێخـا ئەڵمـاس و ئەوانی لە شـارەوە دەهـاتن. ناشـتـایان کرد و چاوەڕوانی فەرامێنی خەلیفە. زۆری نەخـایاند خـەلیفـە کـەوتە پێـشـیـان ڕوو بەتەکـیـەی شـێخ، ڕۆسـەمی شـەتـەک دراویش سـەری گوریسی بەستنەوەکەی بەدەست حەبیبەوە بوو. وەک کوڕێکی دەسەمۆ

کـەوتبـووە دوایان. شـێخ لە دیوی خـێـزانیـی هـاتبـووە تەکـیـە دووبارە بەچەشنی دوێنێ قاڵی و دۆشـەکیان ڕاخست و لێی دانیشت. کوێخا و هاوالانی ڕووبەڕووی چوارمشـقی لێی دانیشتن چاوەڕێی کەرامـاتی شێخ چرکە ژماریان دەکرد.

شـێخ ئاماژەیەکی بۆ خـەلیفـە عوسـمـان کرد و خـەلیفـە ڕووبەڕووی بەچۆکدا چوو. شـێخ هـەردوو دەسـتی گـرتبـووە قـەدی گـاڵەکـەکـەیەوە و سـەریشی خـسـتـبـووە سـەر هـەردوو دەسـتی. جـارەو بـار بەلاچەپ و ڕاستدا لایەکی دەکردەوە پویەکی دەکرد، خـەلیفـەی بەچۆکاچوو چاو و گــوێی ئامــادەی فــەرمــان بوون. کــوێخــا ئەلماس و هاوڕێیــانی بەوردەکارییەکی تێکەڵ بەسەرسامییەوە چاویان بڕیبووە شێخ. ڕۆسـەم هـەر دەینوارِییـە خـەڵکیـدا. ڕوکنەددین ترسی لێ نیـشـتـبـوو. ئەو سـەرتاسـەری شـەو لە ترسی نـوارِینی ڕۆسـەم و هـاتنە ژوورەوەی پشیلەیەکی ڕەشدا نەنووستبوو. پێی وا بوو شێخ کارێکی وا دەکا هـەرچی جنۆکـەی ناو سکی ڕۆسـەم هـەیە لە دەمیـەوە تەنوورە دەبەستن و دەڕۆنە دەرەوە.. شـێخ وای وتبـوو. خـەلیـفـەش وتبـووی سـبـەینێ کەراماتی شێخ دەبینن ئەمەش گورز و ئەویشـە مەیدان. لە خـۆڕا نییـە لـەهـەر چوارلاوە دەڵێن شـێخ سـەفـائەددین. ڕوکنـەددین جـۆری دانیشتنەکەی گۆڕی و تەزبیحە قـەزوانەکەی لە گیرفانی دەرکرد. توند توند کـەوتە ژماردنـی دانەکانی، شـێخ نەختێک سـەری هـەڵبڕی، چاوی بڕییە نێو چاوانی خەلیفە، ژمێراو و لەسـەرخۆ هاتە قسـە:

– چاڵەکە ئەگەر ئاوی تیاماوە وەدەری بهێنن. پڕی کەن لە کۆتەرەدار و نەوتی بەسـەردا کـەن تا کـزر بێتـەوە، دەرگـا چنکۆکـەی گـەوڕەکە لە گـێـژەنگە وەدەر بهـێنن، چەندین تل و بـەردیش ئامـادەکـەن دەرگـا تەخـتـەکـەی مـزگـەوتیـشـم بۆ ببـەنە لای چاڵەکـەوە لەگـەڵ یەک دوو

دۆشەکدا. خەلیفە دوا بەدوا گەڕایەوە. شێخ هەروا سەری بەسەر دوو دەست و قەدی گالۆکەوە نەرم نەرم دەجوولایەوە. تەواوی دانیشتووان ورتەیان لەدەم نەدەهاتە دەرێ. جگە لە کوێخا ئەلماس و هاوڕییانی چەندین کەسی دی لە حوزووری شێخدا دانیشتبوون. خەلیفە عوسمان گەڕایەوە لای شێخ، دیسانەوە چوو بەچۆکدا شێخ سەری داخستبوو هەلّی نەدەبڕی لە پڕ قڕاندی:

– ئەڵلا.

جگە لە ڕۆسەم نەبێت تەواوی خەڵکەکە ڕاچەڵەکین. ڕوکنەددین لە چویەی دوو دانە شەش دانەی لە تەزبیحەکەی ژمارد، لە دلا وتی:

– شێخە ها مەگە شوخییە؟ شێخ دووبارە گەڕایەوە خلسەی خۆی خەلیفەش هەر بەچۆکدا چووبوو. زۆری نەخایاند سەری هەڵبڕی.. خەلیفە:

– ئەوانەی فەرمووت هەمووی ئامادەیە. کوتەرەدارەکان بوون بە پشکۆ.

شێخ ئاماژەی بۆ ڕۆسەم کرد و ڕۆسەمی بێ هێز و لاوازیان وەک لاکێکی بێ ڕوح و گیان خستە بەردەستی شێخ. دەستی خستە سەر ڕۆسەم و لەژێر لێوەوە بۆڵەی دەهات بەلێویدا دیاربوو ویرد و سەلاوات دەخوێنێ. دووبارە سێ جار لەسەریەک نەڕاندی:

– ئەڵلا.. ئەڵلا.. ئەڵلا.. و دووسێ زللەی کێشا بەبناگوێی ڕۆسەمدا. ڕۆسەم هەست بەو ئازارانەی نەدەکرد و. شێخ هەستایە سەرپا؛ هەمووان بەرزەپا وەستان بەپاوە. خەلیفە عوسمان تەواوی کاروبار و چۆنیەتی ڕەفتاری شێخی دەناسی، بۆ مەبادا مەقاڵەشی ئامادە کردبوو.

شـێخ بەرەو لای چاڵ و خـەڵکیش بەدوایدا هەر کە گەیشتـە لێواری چاڵ نووکی گاڵوکەکەی لە دیواری چاڵ گیرکرد و گاڵوک پەنجەیەک چوو بەلێواری چاڵا بەفەرمانی شێخ سکڵ و پشکۆکانیان لە نێو چاڵ وەدەرهێنا. مەقاڵەیەک پڕ لە پشکۆیان خستە نێو چاڵەوە. ڕۆسەمیان لە سووچی چاڵدا دانا و چینکۆیان دا بەسەردا سەری چینکۆیان پڕکرد لە سکڵ و بەپێنج شەش گابەردیان لە پشکۆکاندا دانا و دەرگای مزگەوتیان خستە سەر گابەردەکان و دۆشەکێکیان بەسەر دەرگا تەختەکەی مزگەوتدا ڕاخست. شێخ بەسەر دۆشەکەوە وەک حاجی لەقلەق و لە هێلانەیدا بێت قامەتی نوێژی بەست و دوو ڕوکاتی ئەنجام داو چوارمشقی لەسەر دۆشەک لێی دانیشت. ڕۆسەم هاواری لێ هەستابوو.. شێخ دەیوت:

– مەلعوون! بێ سوودە ناویان بڵێ..

ڕۆسەم هاواری دەبیسرا: ئای خەفە بیم، مەترسە. تو ناخنکیەی، ئەو مەلعوونانە دەیخەنە دەمت. چارەیان نییە، هەر دەبێت بێنە دەرەوە.

– کورە هاوار، هەی داد.

شێخ ڕوو بەخەڵکەکە. گوێتان لێیە چۆن هێناومنەتە تکاونزا. بەگاڵۆکەکەی دووسێ جار دای بەسەر کەمی چنکۆکەدا.. ناویان بڵێ. ناوم دەوێت. ڕۆسەم لە هاوار کەوتبوو. کەتبووە نووزە. مەلعوونە. مەلعوونی شێخیش تا دەبوو بەرزتر دەبوو. گەرماییی کەوتبووە نشینگای شێخ، عەرەقیش کەوتبووە ناوچەوانی. ڕۆسەم لە نووزە کەوتبوو. شێخ ڕوو بەخەڵکەکە:

– گوێم لە هاژەی باڵی جنۆکەکان بوو دایان لە شەقەی باڵ ڕوو بەکێوی قاف.

شێخ هەستایە سەر پا، خەلیفە عوسمان لێی نزیک بوویەوە شێخ

دەستی لەسەر شانی خەلیفە داناو لەسەر دۆشەک هاتە خوارەوە. فەرمانی دا سەری چاڵ هەڵدەنەوە.. بەشێنەیی سەری چاڵیان لابرد نەکا سکڵێک لە ڕۆسەم کەوێت، ڕۆسەم سەری بەلای شانیدا چەرخابوو ڕوخساری شین هەڵگەڕابوو.. ڕوحی ئازاردیدەی دایبوو لە شەقەی باڵ. کوێخا ئەڵماس و هاوڕێیانی دەستیان بەبانگ و سەڵاو باوکە ڕۆ و برا ڕۆ کرد. شێخ ویستی پێیان بسەلمێنێت دێوێکی یەکجار کافر و نامەرد چووبوو بەلەشییەوە بەئاسانی دەستی لە جێگە و شوێنی هەڵنەدەگرت خووی بەڕۆسەمەوە گرتبوو، بێ ڕۆسەم نەیدەکرا. دەست بەردار نەدەبوو ئاخری لەگەڵ خۆیدا بردی، کە بردی. ئیننا لیللا وەئینا ئیلەیهی راجیعون.

هەرچی شێخ ویستی بمێننەوە دوای نانی نیوەڕۆ بڕۆنەوە نەچوونە ژێر.

لەشی خنکاوی ڕۆسەمیان ڕوو بەدەم دایە سەر ئەسپدا و ڕوو بەکانی توو گەڕانەوە.

## ٨

ئاسمانی تاران کەم و زۆر هەور دایپۆشیبوو جارەوبار جریوەی چەندین ئەستێرەی عەجوول و لاسار لە توێی هەورەوە دەبینران، مانگ توند و تیژ هەڵەپەڵە لە چەپەوە بۆ ڕاست دەڕۆیشت و هەناسکە برکێتی پێوە دیاربوو، شار یەشتا ملی بۆ کار و کردەوەی شەوانە دانەهێنابوویەوە، لە ڕوخساری زۆر کەسدا گیروگرفتی کار و کردەوە و ململانی ڕۆژ دەبینرا، شەو کەوتبووە جموجوڵ.

ماڵی بیژەن کەوتبووە یەکێک لە شەقامەکانی شارۆچکەی تاران ڤیلا. باوکی بیژەن وەک تەواوی دانیشتووانی گەڕەکەکانی تاران ڤیلا بەکار و کردەوەی ڕۆژانەی ژیانەوە خەریک و لە تەقالادا توانیبووی ئاسایشێکی دوور لە هەرا و دەردەسەر بۆ خێزانەکەی پێک بهێنێ و دوای سی و پێنج ساڵ ئەفسەری، خانەنشین کرابوو بەلای فەرش فرۆشێکی ناو بازاڕەوە سەرگەرمی کار بوو. زۆریش دەمی لەوەی دەکوتا کە لە وردەکاریی فەرش و چۆنیەتی ڕیساندن و چنین ئاگادارە؛ لێی دەزانی بەڵام نەک بەو ئەندازەیەی کە دەیوت. ئینجا دەکەوتە باسی فەرشە بەناوبانگەکانی مێژووی ئێران چەند ڕووداوێکی تێکەڵ بەپەل و پۆی زۆر دەگێڕاوە.

هەرچی لەبیر چووبا قاڵیەکەی ئەیوانی کیسرای لەبیر نەدەچوو کە بەجەواهیری جۆراوجۆر چنرابووەوە شەڕکەرانی ئیسلام پارچە پارچەیان کردووە و هەر یەکە پارچەیەکیان لێ بردووە بەتاڵان.

دانیـتشـووانی گەڕەکـە تازەکانـی تاران هێندە پەیوەندییان لەگـەڵ یەکدا نەبوو. دانیشـتووانی تاران ڤـیلاش هـەریەکە لە گۆشـەیەک و لە شـار و قـوژبنێکەوە هاتبـوون و هـەریەکـەش بەکـارێکی جـیـاوازەوە دەژیان. دایکی بیژەن لە بنەماڵەیەکی تێکۆشـەری چەپگەرادا هاتبووە دونیـاوە، یەک دوو کـەس لە کـەس و کـاری لەلایـەن ڕژێمـی شـاوە بەتۆمـەتی تـودەیی بوون تیرباران کرابوون. ئیرەج و مـەنوچەهر چەند دەقیـقـەیەک دەبـوو گەیشـتبوون، چاوەڕوانی یاسـەمین و فەلامـەرزیان دەکرد. چارەکێک لە کاتی ژوان تێپەڕیبوو درا لە دەرگا. بیژەن دەرگای کردەوە.

یاسـەمین و فـەلامـەرز پێکەوە هاتـنە مـاڵەوە. فـەلامـەرز داوای لێبووردنی دەکرد دەربارەی دواکەوتنی، خستبوویە سەر پەنچەربوونی ماشینەکەی. ئیرەج لە وەڵامیدا وتی:

– ئەوی خەربزە دەخوا ناچاری لەرزینەکەشیەتی. نابینی ئێمەی بێ چارە پاسکیلشـمان نییە تا پەنچەر بێت، خـوا خوامانە کەوشـەکانمان بەرگەی پا و هەنگاوەکانمان بگرێت و هـەڵنەتەکێت و ناچاری دووبارە پێڵاو کڕینی دی نەبین.

– کـاک ئیـرەج! ئەوە یاسـەمین و لێی بپـرسـە بزانە بۆ مـەبادا مـاشـینەکەم هێندە لەیراوە دوور ڕاگرتووە بەپێیان هاتووین. تێکڕای ئەمـانە داوای لێبووردن دەکەم و ئەگەرنا. ئەمە سەری من و ئەویشـە چەقۆی ئێوە، چی دەڵێن ئامادەم. هەمووان پێکەنین، دوو پڵـتۆک درا لە دەرگای میوانخانە؛ بێژەن هەستا و سینییەک چای لە دەستی دایکی وەرگرت، ئیرەج ڕوو بەبیژەن:

– چاکـتـرە دەست پێ بکەین. هیـچـی تر ناخـۆین هەرچیشـمـان

پێویست بوو داوای دەکەین.. ئینجا ئاوڕێکی تێکڕایی دایەوە و وتی:

– دەمەوێت بەوردی بڕیاری تازەی ڕێکخراوتان پێ ڕاگەیەنم.. ئەوی لە منی دەبیسن بەوردی بیری لێ کەنەوە و هەڵیسەنگێنن هیچ شەرمی پێ ناوێ. ڕێکخراو شانازی بەهەموومانەوە دەکا و هەر یەکە لە ئێمە دەتوانێ هەموو کارێک بکا و لێمان دەوەشێتەوە؛ بەڵام هەموومان بەوردییەوە بەچاکی کارێکی وا هیچ جۆرە هەڵە و هەڵەشەیی تیا نەبێت ڕەنگە هەموومان نەتوانین ئەو کارە بکەین. تا بەئەمڕۆ پێکەوە کاری تێکڕاییمان کردووە، ڕێکخراو وا دەڕواتە قۆناغێکی دی ململانەوە. ئەم قۆناغە قۆناغێکی سەخت و دژوار و خوێناوییە. دەزگای دەوڵەت ناچار بکرێت، دەست دەوەشێنێت. ئێمەش وەک ڕێکخراوێکی ململانکەر وا بەئەندامەکانمان ڕادەگەیەنین و دەڵێین کاتی دەست بەچەک بردن هاتووە و دەمانەوێت لەیراو لەوێ لە شارەکانی سەرتاسەری ئێرانا دەستەی چەکداری چوار پێنج کەسی پێک بهێنین و دەست بەکار بین. جا بۆ مەبەستی کاری باشتر و سەرکەوتنی زۆرتر، داواکارم ڕاستگۆیانە ئەوی لە توانامانە.. بێ شەرم بیهێنینە سەر زمان؛ چونکە کەس نییە بەئەندازەی خۆمان خۆی بناسێت. هەرکەسە لە هەموو کەس باشتر خۆی دەناسێ، جا تکام ئەوەیە ڕک و ڕاست هەرچی پێی دەکرێ و پێی ناکرێت با بڵێت. با ئەویشە بڵێم تا بەئەمڕۆ یەشتا چونیەتی کارەکانم پێ نەگەیشتووە؛ بەڵام ئەوەندەی دەزانم پڕە لە مەترسی. یانی ئەوەی تیادایە یا دەبێ بکوژێت، یا بکوژرێت.

باسەکەی ئیرەج تا ڕادەیەک خامۆشییەکی تێکەڵ بەتێفکرینی پێک هێنابوو، بەچاوپرتان و لێوتەڕکردن و تف قووت دانا قووڵایی

تێـــفکرینـی تێکەڵ بـەدوودڵـی و تـرس دەبـینـرا . وردە وردە هـاتـنـەوە سـەرخـۆ، یەشـتـا بێ دەنگیی بەردەوام بوو ئـیـرەج دووبارە کـەوتەوە قسەکردن:

– با ئەویشتـان پێ بڵـێم بەندە ئەوپەڕیم پێـڕاگـەیاندن نیـازوکـاری ڕێکخـراو تەنـها کـوشـتن و بڕین نییـە جـا وا بەچاک دەزانم هـەریەکە لە ئێمە بەو شێوەی لێی دەوشێتەوە با ئامادەگی خۆی ڕاگەیەنێت.

لە پێش هەموویاندا فەلامەرز دەستی بەرز کردەوە و وتی:

– بەئەوپەڕی بـاوەڕ بەخـۆبـوونەوە ئامـادەی هـەر کـارێکی گـۆڕەپـانیم کەڕێکخـراو پێم بسپێرێت.. جگە لەوەش دەتوانم زۆر کاری تریش هـەیە بیکەم.

ئێرەج: وەکو چی؟

– وەک دەزانی من قوتابی دوا سـاڵی کۆلێـژی هـەندەسەی معـماریم و لە نووسـینگەی کەسـێکدا کـاردەکەم پەیوەندییێکی ڕاسـتـەوخـۆی هـەیە لەگـەڵ دەربـاردا، پێـشم وایە یەکـێک بێت لـە کـەس و خـوێشی شـاژن، ئەگـەر بمەوێت بەئاسـانی دەتوانم زۆر خـۆمی لێ نزیک کـەمـەوە. جگە لەوە تەواوی دیکراسـیـۆن و ڕازاندنەوەی کـۆشکەکـانـی دەربار لەلایەن نووسـینگەکـەی ئێـمـەوە ئەنجـام دەدرێت، ئەگـەر ڕاتان لەسـەر بێت دەتوانم سـەر لە زۆر کار و ڕاز و جووڵانەوەی دەربارییەکان وەدەربهێنم و بیگـەیەنمە ڕێکخـراو. وەک لە پێـشـدا وتم زۆرتر شـیـفـتـەی کـاری گۆڕەپانیم ئەوی عەرزم کردن، سەرباقی.

نۆرە هاتە سەر یاسەمین و وتی:

– بۆخـۆم دەزانم تـرسم لە مـەرگ نـیـیـە، بەمـەرجـێک ئەو مـردنە لە ڕێگـای گـەل و وڵاتـەکـەمـدا بێت؛ بەڵام تـرسم لە خـۆمـە، دەترسـم بێ

دەسـەڵاتیم ببێتە هـۆی گرفتـاری ئەزیەت و ئازاری هـاوڕێیانم. بەسـەر ئەوەشدا هـەرچی ڕێکخـراو فەرمان بدا و پێم بسپێرێت. بێ یەک و دوو ئەنجامی دەدەم.

نۆرە هاتبـووە سەر بێژەن. بێژەن پەروەردەی بنەماڵەیەکی سـەربازی و کۆنە تودەیی.. ڕوحی سەربازگەری شـەڕەئەنگێزی لە دڵ و دەروونیدا شـەپۆلی دەدا، بێ هیچ دوودڵییـەک ئامادەیی خـۆی دەربڕی بۆ مـردن و کوشـتنی هـەرکەسێک ڕێکخـراو فـەرمـانی لەسـەر دا. ئەوەشـی وت کـە دەمێکە کاری گۆڕەپانی و دەستوەشـان کەوتبووە خولیایەوە و یەک دوو جـار کـەوتە کـەڵکەڵەی ئاوا پێـشنیـازێک بـۆ ڕێکخـراو هـەر ئەمـڕۆ و سبـەینێم دەکرد. دیارە برادەرانیش وەک من لە هـەمـان خـولیـادابوونە بێ گـومـان ئەوان لە من چاکـتـریان لێ زانیـوە و بەوردە کـارییـەوە هەنگاویـان ناوە تا گـەیشـتـوونـەتە ئەم ئاکـامـە وا ئەو ڕۆژە نـزیک بووەتەوە دەست لـە دەست و هێـزیش لە خـوا. ئیرەج ڕوو بـەفـەلامـەرز وتی:

پێـشنیـارەکـەت دەگـەینمـە برادەران. بڕیار بـەلای ئەوانەوەیە لە ئێـسـتـاشـەوە پێت دەڵێم برادەران پێـشنیـازەکـەت بەوردی لـەیەک دەدەنەوە؛ چونکە لە سەرتـاسەری ڕێکخراودا کـەسێکی وەک تۆ لە ئاوا جێگـەیەکدا پێم وانییە لە ڕێکخـراودا هـەبێت، هەر نەبێت من وادەزانم. شـوێن پا پەیداکـردن لـە دەرباری حـەمـە ڕەزا شـادا ئاسـان نیـیـە. دەرباری ئەوڕۆی شا قەڵای سەنگ بارانە بۆ غەیری هەزار فامیل.

جـا بۆ قایمکاری و سـوودی گشـتیی خـەڵک و خوا و ڕێکخـراویش وا چاکە لـە ئەمشـەوە لە کـۆڕ و کۆبوونەوەی برادەرانـی نێو کۆلێژ و زانکۆ و ڕێکخـراودا پەڕ بگرێت و هـەڵسـان و دانـیشـتن و جـۆری قسـەکردن و

گفتوگۆ و شێوەی ژیان و هەتاوەکو چۆنیەتی جل لەبەرکردنیشت دەبێت بگۆڕیت. تەنها بازنەی نێوان ئێمە و تۆ یانی مەبەستم ڕێکخراوی یاسەمینە. لەبیرت نەچێت کە دەڵێم گۆڕانکاری لە ژیانتا یانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بۆ لەمەودوا دەکەوێتە ستایش لە کار و کردەوەی شا و دام و دەستگای سەڵتەنەتی.

– کاکە ئەمەی تۆ دەیڵێی بە من ناکرێت لام خۆشە بکوژرێم لە ئاوا بۆگەن کارییەکدا بەردەوام نەبم. تازە دەڵێت برادەران بەو شێوەی وا فەرمووت ڕازی دەبن؟

– لە خۆمەوە نایڵێم، بێ گومان ئاگاداری بڕێک شت هەم.

– یانی بەم شێوە بێت بۆ لەمەولا هەر ڕۆژێکم مردنێکە.

– مردن جۆرەکانی جیاوازە. هەر مردنێک لە پێناوی پەرژەوەندیی گشتیدا بێت سەرفەرازییە و هەنگاوێکە بەرەو دوا ڕۆژێکی ئازاد و ژیانێکی بەختیار؛ بەو شێوە مردنەش بەلای بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوەوە مایەی شانازییە.

– ئاخر کاک ئیرەج یەک جار مردن سەرسەرم بەم شێوە من هەموو ڕۆژیک دەمرم و زیندوو دەبمەوە.

– تۆ داستانی پرۆمیتۆست بیستووە؟

– داستانەکەیم نەبیستووە؛ ئەما بۆ خۆی دەناسم و ناویم بیستووە.

– پرۆمیتۆس خوایەک بوو لە خواکانی میتالۆژی یۆنان کە دەیدی ڕەگەزی مروڤ وا بێ دەسەڵات و بێ دەرەتان یا لە برسا یا لە ترسا یا لە سەرما تیا دەچن بێ پرسی خوای خوایان (زئوس) دەسا گیرسێنییەک ئاگری بەخشییە مرۆڤ. مرۆڤی لەو هەزاران دەردە سەر و تیاچوون ڕزگار کرد.. کاتێک خوای خواکان (زئوس) بەم نافەرمانی

و تاکڕەوییەی زانی فەرمانی دا پرۆمیتۆس بەسەر تەختە بەردێکی چیای قەفقاسەوە لە چوار میخەی بکێشن و هەموو ڕۆژێکیش دوبرایەکی گەورە بەسەر سنگیەوە بنیشێتەوە و سنگی هەڵدڕییەوە و ئەوی لەناو هەناویدا هەیە بیخوا و بڕوا. فەرمانی زئوس بەو شێوەی دایبوو موو بەموو ئەنجام درا. پرۆمیتۆس بەدرێژایی سەدان ساڵ بەو شێوە ڕۆژانە سنگی هەڵدەدڕا و ئازاری دەکێشا لە بێ ناوی ڕەگەزی مرۆڤدا. جا کاک فەلامەرز ئاوا ئازار چێژانێک لە پێناوی گەل و وڵاتدا مایەی شانازییە.

– بەسەر ئەوەیشدا ئەم ڕۆڵەی بەمن دەسپێرێت مەرگم لا چاکترە.

– ئەوەندە سەخت و سفتی لێ مەنوە. وڵاتەکەمان بەبارودۆخێکی فرمێسکاویدا دەگوزەرێت.. نیازی بەهەموو جۆرە خۆبەخت کردنێکە؛ ئەگینا ئەم ڕمووزنە خوێنخۆرانە تا ئەزەل بەسەر قلاندوشانمانەوە دەمێننەوە.

چاوەڕوانی وەڵامی برادەران بە یاسەمین پێت ڕادەگەیەنێت. ئیرەج هەستایە سەرپا و دەستی درێژکرد بۆ فەلامەرز و تەوقەی لەگەڵ کرد و لە ئامێزی گرت و وتی:

– پێم وایە تا دێر زەمان یەکتر نابینین بڕۆ بەئومێدی سەرکەوتن، یاسەمینیش هەڵسا و ڕوو بەفەلامەرز وتی:

– با بڕۆین.

فەلامەرز و یاسەمین لە ماڵی بیژەن وەدەرکەوتن بەپێیان کەوتنە ڕێ بەرەو لای ماشینەکەیان، هەردووکیان بێ دەنگ هەنگاویان دەنا. سواری ماشینیش بوون هەر بێ دەنگیی لە نێوانیانا بەردەوام بوو فەلامەرز لەپڕ وتی:

– چی دەڵێی لە ئێستاوە پەت ببڕم و دەست بەبەرەڵایی خۆم بکەم؟
– جارێک برادەران "OK" یان نەکردووە لە ئێستاوە پێوە مەژەنە.
– بەبیری تۆ کە پێمەوە ژەند، بژەنمەوە کوێنەوە؟
– ئەزانی سەرسەریت؟
– دەزانم، ئەگەر تا بەحاڵ نەشبم، وا بەرەو سەرسەریەت دەڕۆم. دەڵێم...
– دەی.
– لای ئێمەی کورد باوە دەڵێن: پیاو بەکلکەیەک حیز دەبێت. ئێمە لەوە دەڕوا ئەو مەترسییەمان نەبێت، چی دەڵێی بڕۆین بۆ شەقامی پەهلەوی لە یەکێک لە ڕوستۆرانەکانیدا نانێکی لێ بخۆین و ئاوڕێکیش لە ژیان و هەڵسوکەوتی خواپێداوانی ئەم وڵاتە بدەینەوە و چۆنیەتی ژیانی توێژی هەزار فامیل لە نزیکەوە ببینین، ها؟ چی دەڵێیت؟
یاسەمین چاویلکە زەرەبینەکەی لەچاو دەرهێنا و دەستی برد دەستەسڕێکی کاغەزینی لە بەستەی سەر دەشپولی ماشینەکە ڕاکێشا و بەسڕینی زەرەبینی چاوێلکەکەیەوە خۆی خەریک کرد دووبارە فەلامەرز وتی:
– ها چیت وت؟
– وەڵڵاهی خۆ دوودڵم. دەترسم ناسیاوێک بمان بینێ و بەجۆرێکی دی لەیەکی داتەوە.
– مەسەلەن چۆن چۆنین لەیەکی دەداتەوە؟
– چووزانم خەڵک لە هیچ دەیتاشێ و دەیکاتە گۆبەن.
– هاتو تاشیان چی دەڵێن؟ زۆر زۆر بڵێن بەڵی فەلامەرز و

یاسەمینمان پێکەوە لە ڕستۆرانا شەو درەنگ دیوە. ئێمە خۆ منداڵ نین، ساڵی داهاتوو زانکۆمان تەواو کردووە و بووین بەئەندازیاری میعماری. لەمانەش گوزەشتە هەم تۆ و هەم من باوەڕمان بەخۆمان هەیە مەگەر نیمانە؟

– با بەڵام دەترسم لە کۆلێژدا بکرێتە قاڵ.

– وا کرا. من نەک بترسم بەڵکو پێم خۆشە ئاوا باوێک بکەوێتە سەر زمان. مەگەر خوا بزانێت چەندەم خۆش دەوێیت، گۆشەیەکی زۆری دڵمت داگیرکردووە.

ئەی گۆشە گەورەکەی کێ خاوەنیەتی؟

– زویر نابی ڕاستت پێ بڵێم؟

– یاسەمین تۆزێک شڵەژا و وتی:

– نا..

– سوێندم بۆ دەخۆی؟

– سوێندی ناوێ، دەڵێم زویر نابم.

– گۆشەی گەورەی دڵم پڕە لە خۆشەویستیی وڵاتەکەم.

– منیش هەر وەک تۆم. جارێ با لەم قسانە گەڕێین، کاری گەورەتر و گرنگترمان لە پێشە..

– کاری گەورە و گرنگ و خۆشەویستیی وڵات، هەر هەموو ئەوانە لەسەر سەرم. پێم وایە نەشیاوە بژین بۆ مردن و نەژین بۆ ژیان. کارێکی وا دەکەین نە سیخ بسووتێت و نە کەباب. گەیشتبوونە گۆڕەپانی وەنەک سەرە و ژوور بەشەقامی پەهلەویدا سەرکەوتن ڕوو بەتەجریش. بەدەستی ڕاستدا چەندین ڕستۆرانی ڕازاوە بەگڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ جریوەیان دەهات، ڕستۆرانی سۆرینتۆیان هەڵبژارد و

تیادا گیرسانەوە. ڕوو بەشەقام لێی دانیشتن. کاتژمێر لە یانزەی شەو تێپەڕیبوو، شەو بێداران تازە دەهاتنە ژوورەوە.

– دیارە زۆرجار هاتوویتەتە ئەم ڕستۆرانە؟

– باوەڕ بکە لە سەرتاسەری ژیانمدا ئەمە دووهەمین جارە تێی هاتووم؛ جاری یەکەمیش لەسەر ورکی ئالەم تاجی خۆشکم بوو پای لێکوتام بەزەویدا و هێنامیە ئێرە.

سەرگارسۆن دوو کارتۆنی "مینۆ" ڕەنگاوڕەنگی دایە دەستیانەوە سەرتاسەری نووسرابوو، فەرامەرز ڕوو بەگارسۆن وتی:

– بەڕای تۆ چ خواردنێکتان داوا بکەین خۆشترە؟

– گۆشتی سوور یا سپی، یا خواردەمەنی دەریایی؟

فەلامەرز و یاسەمین کەوتنە مشتومڕ و سەرئەنجام وتیان:

– گۆشت.

سەرگارسۆن بەڕێزەوە لە فەلامەرز نزیک بوویەوە و وتی:

– ژمارە هەژدە.. تیبون ئیستیک پێم وایە پەشیمان نابنەوە.

وتیان: باشە، ئەوە.. ئەو

– ئەی خواردنەوە چی؟

هەردووکیان وتیان بیبسی.

سەرگارسۆن سەیرێکی سەرسامانەی کرد و ڕۆیشت.

یاسەمین هەروا خۆی بەخوێندنەوەی لیستەی خواردنەکانەوە خەریک کردبوو وتی:

– پێی سەیر بوو ناخۆینەوە.

لە گۆشـەیەکی ڕسـتـۆراندا کـابرایەک سـەنتـۆری لێـدەدا. زۆربەی ئاهەنگەکانی فلکلۆری لوڕستانی هەڵبژاردبوو. یاسەمین وتی:

– من لوڕی نازانم؛ بەڵام باوکم بەچاکی قسـەی پێ دەکـا پار هاوین هەمووومانی برد بۆ ناو خزموخوێشـانی لە لوڕستان. دونیـایەک بوو بۆ خۆی، ئەی ئێوە چی؟

– ئێمـە لە مـاڵ بەکوردی دەدوێین. دایکم کە بەفـارسی دەدوێت هەر دەڵێی کوردییە، دەزانی لوڕ کوردن؟

– ڕاســـتـت بوێت من ئـەوەنـدە پابـەندی ڕەگـــەز نیم و هـیـچ جـــۆرە دەمارگرژیم لەو بارەوە لە خۆما نابینم. بۆ من مرۆڤ گرنگە تا ڕەگەز.

– بێ شک مـرۆڤ و مـرۆڤـایەتـی بەسـەرپۆپەی درەخـتی وژدانەوەیە.. بەڵام ڕەگـەزیش گـرنـگە ئەوسـا مـیللەتە پێـشکەوتـووەکـانی دونـیـا.. بەرژەوەندیی وڵات و میللەتەکەی خۆیان لە هەمـوو لا گـرنگترە و نەک بەشوورەیی بزانن بەڵکو شانازی پێوە دەکەن.

– باشــە تۆ وا تێـدەفکرێی بـۆ پەنات هێناوەتە ئاوا ڕێکخـراوێک لە کـاتێکدا چەندین ڕێکخـراوی چەکدارانەی کوردیی لە کـوردسـتـانا لە تەقەلادان؟

– وەنەبـێت بیــرم لێ نەکــردبێــتــەوە، جـیــاوازی من لـەگــەڵ ئەو برادەرانەدا ئەوەیە ئەمرۆ شـا خۆی کردووە بـەباوانی کورد و پێم وایە زۆر ناخـــایەنێت وەک ئـەژدیـهــا بەکــوردەوە دەدا و ئـەو حـــەلە دەبـێت دیسانەوە لە سفرەوە دەست پێ بکەنەوە.

سـۆرینتـۆ جـمـمـەی دەهات چینی خوا پێداوان وەک کـرم لوولیـان دەخوارد.

دووان لە سەرخۆشەکان بوو بەهەرایان. یەکێکیان بوتڵێکی هاویشت. بوتڵ بەر یەکێک لە جامخانەکان کەوت هاڕاندییە خوارەوە لەیەک دووولاوە چەند کەسێک وتیان:

خانچی.. خانچی.. وەڵاخەکانت بەڕەڵابوونە.

## ٩

سەی سەڵمان و ڕەحمان لە قەفەسێکی ئاسنیندا بەپاوە ڕاوەستابوون ڕەحمان میلی قەفەسەکەی دەوشارد. وێنەی شا بەڕاسەری دادیارەوە هەڵواسرابوو. هۆڵی دادگا جگە لە چەند پۆلیسێک و شەش حەوت کەسی تەماشاکەر نەبێت کەسی تری تیا نەدەبینرا. دووکەس لە چەپ و ڕاستی دادیارەوە جبەلەبەر دانیشتبوون.

سێ مانگ تێپەڕی بوو بەسەر دەستگیری سەی سەڵمان و ڕەحماندا لە پاسگای پاتاقدا بەزەبری زۆر و لێدانی سەروان عەزیزی هەموو شتێکیان پەنجەمۆر کردبوو.. دانیان بەوەدا نابوو هانی ئەوکەیان داوە بۆ کوشتنی زەینەددین. دڕندەخوی عەزیزی لە دەستگای ژاندارمریدا بەناوبانگ بوو. لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران ئەوی پێویستبا بێ ترس و مەبادا دەیکرد. خەڵکە بێ پشت و پەناکەش هاواریان نەدەگەیشتە کەس. تا ئەو حەلە دووسێ کەسی لەژێر دارکاریدا کوشتبوو. هەرچی شێوەی ئازاری کۆن و تازە هەیە بەکاری دەبرد؛ لە گون جەڕاندنەوە تا بەڕووتی بەسەر بەفردا کێشان و داخکردن و سمێڵ و ئەبرۆتاشین و خۆڵەکەوەو دۆکردن و خاوە و چەپاو؛ مەغولێک بوو بۆ خۆی.

سەی سەڵمان نە لەشی و نە تەمەنی هی ئەوە نەبوو بەرگەی لێدان و ئازاری سەروان و سەرکار شەریفی بگرێت. شەریفیش پێی ڕاگەیاندبوو. ئەگەر ئەمڕۆ پەنجەی پیا نەنا. سبەی دەینا، جا ئەم

کوشتن و بڕینە بۆ بخاتە بەرخۆی پیرە پیاوێکی وەک سەید لەژێر دارکاریدا ڕوح وەدەر نابا.

سەید لە سەرەتاوە نەچووبووە ژێر و بەرگەی تێهەڵدان و کوشتن و بڕینی گرتبوو؛ سەرئەنجام خۆی پێڕانەگیرابوو ئەوی نووسیبوویان ئیمزای کردبوو. کە ئەو حەلە سەرکار ئستیوار شەریفی دابووی بەسنگیدا: ئەیرا پاسگای پاتاقە.. پاتاق. باڵدار هاتووە باڵی ڕزاوە، ناڵدار هاتووە ناڵی ڕزاوە. کێ دەتوانێ لە داوی ئێمە دەرچێت.

سەرۆکی دادگا سەری بەلای ڕاست و چەپی خۆیدا چەرخاند و لەگەڵ هەریەکەیاندا لەژێر لێوەوە شتێکی وت و ئینجا ڕوو بەسەید و ڕەحمان وتی:

– ئەم دادگایە گەیشتە ئەو باوەڕە سەی سەڵمانی کوڕی سەی مەجید دانیشتووی دێی کانی تووی ناوچەی کرند، هانی ڕێگر و پیاوکوژی ناسراو ئەوڵکەریمی ڕەزا سەعیدی بەناوبانگ بەئەوکە شامار داوە تا زەینەددینی سەفەر عەلی بکوژێت. لەبەر ئەو تاوانە دادگا بڕیاری پانزە ساڵ بەندی بۆ سەید سەڵمان بڕییەوە و حەوت ساڵیش بۆ ڕەحمانی کوڕی. دادگا تەواو بوو سەی سەڵمان و ڕەحمانیان پەلەکێش کرد.

شاری کرماشان بەندیخانەی گەورەی بەو شێوە تیا نەبوو بۆ ئەو بەندییانەی وا دادگا بڕیاری بەندی دوور و درێژیان دەدا. هەرکەسێک بڕیاری بەسەردا بدرابا دەیاننارد بۆ بەندیخانەکانی تاران و دەوروبەری، یا بەندیخانەکانی ئەسفەهان و لوڕستان و کرمان و مەشهەد.

شاری تاران و دەوروبەری چەندین بەندیخانەی جۆراوجۆری کۆن و

تازەی تیا دەبینرا.. بەتایبەت بەندیخانەی "قزل حەسار"ی دەشتی کەرەج شارێک بوو بۆخۆی. چەندین کارخانە و کارگای جۆراوجۆری تیادا سازینراو وەک ئاسنگەری و دارتاشین و بەرد و مەڕمەرتاشین و ڕیساندن و هەتاوەکو قاڵی چنینیش. دەشتەکەی دەوروبەریشی لەلایەن بەندییەکان خرابوویە ژێر کشتوکاڵەوە. سەرپەرستی بەندیخانەی "قزل حەسار" لە نێو دەستگاکانی دەوڵەتدا یەکێک بوو لەو شوێنانەی پڕ لە نان و نەوا دەژمێردرا. زۆر کەس لە دەسەڵاتداران دەکۆشان بەدەستی بهێنن. سەی سەڵمان لەگەڵ بڕێکی دی بەندیدا پارچە زەوییەکیان پێ سپێررابوو بەکشتوکاڵەوە خەریک بوون. ڕۆژان کە لە بەندیخانە دەبرانە دەرەوە تا دەمەو ئێواران ماندوو و مردوو دەیانگەڕاندنەوە بەندیخانە.

ڕەحمانیش لە کارگای بەرد تاشیندا دەست بەکار بوو بوو لە کوردستان و هەمەدان و مەشهەدەوە تلی جۆراوجۆری مەڕمەریان دەهێنا بۆ کارگای بەندیخانە.. لە هەر کوێڕا هونەرمەندێک، پەیکەرسازیک لێی قەومایە دەیان ناردە بەندیخانەی قزل حەسار و لە کارگاکانیدا دەست بەکار دەبوو. کارگای بەردتاشین لەلایەن ئەندازیارێک و چەندین پەیکەرتاشەوە دەبرا بەڕێوە. لە کۆنگرەی مەڕمەڕینەوە دەیانسازان و تا قەد و قامەت گوڵتە و قاپ و قاچاخی مەڕمەڕین و مۆمدان و تەپڵەکە جگەرە و ئایاتی جۆراوجۆر و شیعر و بەیت نووسین. لە سەرەتاوە ڕەحمانیان نابووە سەر تاشینی تلە گەورەکان و گرمۆڵە کردنیان. ئەو کارە هێز و بازوویەکی زۆری دەویست؛ ڕەحمانیش لە هەڕەتی گەنجایەتیدا تا دەبوو بەهێزتر و بەگورتر دەبوو. هێندە بەعیشق و عەلاقەوە دەجوولایەوە سەرنجی

سەرپەرشتکارانی کارگای ڕاکێشابوو. وردە وردە دەیانگوێزایەوە سەر کاری ناسکتر و زەریفتر. لە چوار مانگدا ڕێگەی یەک دوو ساڵی خەڵکی تری بڕیبوو. بەندییەکان لە بەرهەمی دەست و بازوویان شتێکی زۆر کەمیان پێدەدرا؛ بەوە ڕۆژگاری نێو بەندیخانەیان دەبردە سەر. ڕەحمان لەگەڵ کار و کردەوەی کارگا و بەندیخانەدا گونجابوو ئەوی ئازاری دەدا پیری و کەنفتی باوکی بوو جارەوبار کپی و خەفەتێکی وا دایدەگرت دووسێ ڕۆژ ورتەی لەدەم وەدەر نەدەهات.

وەک ڕۆژانی دی بەکاری ڕۆژانەیەوە خەریک بوو، یاساوڵێکی بەندیخانە هات بەدوایدا و پەلەکێشی لای بەڕێوەبەری گشتیی بەندیخانەیان کرد. هەم خۆی و هەم هاوەڵەکانی لەو بانگکردنە سەرسام بوون. بانگکردن بۆ لای بەڕێوەبەری گشتیی بەندیخانە یانی دەردەسەر و ئازار و ئەشکەنجە و سیا چاڵ. لەگەڵ خۆیدا دەدوا: ڕۆژگار چیتری بۆم ناوەتەوە، هیچ لە خۆمدا شک نابەم، هیچیشم نەکردووە بێ چارەیەکی وەک من بۆ ببرێم بۆ لای بەڕێوەبەری گشتی دڵخۆشی خۆی دەدایەوە، بۆچی دەترسێ؟ تۆ کە هیچ کارێکی ناڕەوات لێ نەوەشاوەتەوە، ئیدی بۆ دەترسی؟ بۆ خۆی وەڵامی خۆی دەدایەوە.. بۆ نەترسم؟ ئەوسا بێ هیچ تاوانێک حەوتساڵیان بۆ بڕیمەتەوە، ئەوسانی لە چوار دیوارا وەگیریان هێناوم، دەڵێی نەترسم؟ جا ئەوە ترسای چ سوود هیچ لە مەسەلەکە دەگۆڕێ؟ ئەوان هەرچییان بوێت دەیکەن قوماش و قەیچی بەدەستی خۆیانە چۆنی ببڕن دەیبڕن. ئەمانە هەمووی قەینا منێکی هیچ و پووچی لەبیر چوو بۆچی دەبەنە لای بەڕێوەبەری گشتی؟ هەروا هەنگاوی دەنا گەیشتە بەر دەرگای بەڕێوەبەر، لە دڵەوە وتی:

- یا سەی براکە!

دەرگـایان بۆ کـردەوە وەک داهـۆڵ لە پێش مـێـزەکـەی بەڕێوەبەردا ڕاوەستا. کابرایەکیش دانیشتبوو. بەڕێوەبەر بەنووسینەوە خەریک بوو. ڕەحمان ڕووپۆشێکی سەرتاسەری لە بەردا و ژمارەی چواردە هەزار و سیانزەی لە پشتەوە لەسەر نووسرابوو ناوی خۆی و باوکیشی بەسەر سنگەوە. بەڕێوەبەر هەر لە نووسینا و ڕەحمانیش لەبیری خۆیدا دەپلکایەوە: بێ گومان کارێکی نەشیاوی کردووە و بەخۆی نەزانیوە. یا هەر نەبێت پاپێچێکی گەورەیان بۆ سازاندووە. تف لە دەمیدا وشک بوو بوو، ئاڵۆز و ئاشوفتە و دوودڵ هەناوی پیری پڕ بوو لە ترس و تۆقیان، جارەوباریش دڵی خۆی دەدایەوە: چیتە کابرا؟ سەرێکە و هاوردووتە. هەرچی دێت بابێت؛ مردن مردنە لەقە فرتەی پێناوێ، شورەییە، ئەوەندە دەترسی. بەڕێوەبەر سەری هەڵبڕی و وتی:

- ئەوە دەستێک جلوبەرگە، لە بەری کە و لەگەڵ ئەم ئاغایەدا (دەستی بۆ دانیشتووەکە درێژکرد) دەڕۆیت. مەپرسە بۆ کوێ. هەرچی دەڵێن ئەنجامی دەدەی. نامەوێت لێت نارازی بن وەئیلا گاڵ دەدەم بتکەنە دۆشەک و پێشە لە ئەندامتا بەساقی نەهێڵنەوە. تێگەیشتی؟

- بەڵێ قوربان!

- وەک وتم نارەزایەتی برادەران یانی نارازی بوونی من و ئاڵوزیم. لەم بەندیخانەشدا هەمووان جۆری ئاڵۆزبوونی منیان لا ڕوونە. جا با تووشی نەبیت. لاچۆ برۆ. پۆلیسی پشت سەری ڕەحمان لە دواوە قۆڵی گرت و لە دەرگا بردییە دەرەوە. جلی بەندیخانەیان لەبەر داکەندبوو ئامادە ڕاوەستابوو چاوەڕێی فەرمان. زۆری پێ نەچوو کابرایش لە

ژووری بەڕێوەبەر هاتە دەرەوە. دەستبەندییان لە دەستی ناو کلیلەگەشیان دا بەدەستی کابراوە. پەلەکێشیان کرد و لە ساختمانی بەڕێوەبەرایەتی بردیانە دەرەوە. لەبەر دەرگاکەیدا ماشینێک ڕاوەستابوو مەچەک کەلەبچەکراو لە نێوان دوو پۆلیسدا لە دوای ماشینەکەدا سوار کرا و لێخوڕ و کابراش لە پێشەوە. ماشین لە دیواری سەرەکی بەندیخانە وەدەرهات.

بەندیخانەی قزل حەسار چەند کیلۆمەترێک لە شاری کەرەجەوە دوور دەبوو. ماشین ڕوو بەڕۆژهەڵات. ڕەحمان لە نیگەرانیی خۆیدا دەتلایەوە، بەچوار دەوردا دەینواڕی هیچ کەس و هیچ جێگەیەکی ئاشنا نەدەهاتە چاو. نەیدەزانی بۆ کوێی دەبەن و چی بەسەردا دێنن.

گەیشتنە دامێنی شار. بەشەقامە گەورەکانیدا و خەڵکێکی زۆر و ماشێنی جۆروجۆردا وای هاتە بیر کە دەبێ شاری تاران بێت لە یەکێک لە پۆلیسەکانی پرسی:

– ئەیرا تارانە؟

پۆلیس وەڵامی نەدایەوە. دوای بێدەنگییەک کابرای پێشەوە وەڵامی دایەوە:

– ئا ئەیرا تارانە. مەگەر لە مێژدا تارانت دیوە؟

– جا منی بەدبەخت لە دەشت و دەر و بەندیخانە زیاتر کوێم دیوە تا تارانم دیبێت.. بەڵام درۆی دەکرد چەندین جار لەگەڵ یارە ڕیقوی مامیدا هاتبووە ماڵی ئەمیر.

– ناپیاوی مەکە تا نەتخەنە بەندیخانەوە. بێ شک هەرکەسێک دزی و جەردەیی و ئازاری خەڵک بدا دەخرێتە بەندیخانەوە.

– من وا دە ساڵیان بۆ بڕیمەتەوە.. ئەو خوای بانی سەرە ئاگادارە

لە خۆڕا بڕیاریان بەسەرما داوە و لەو تۆمەتەی بێ تاوانم.

- تەواوی تاوانباران خۆیان بەبێ تاوان دەزانن و دان بەتاوانی خۆدا نانەن. ئەم باسە کۆنە و تۆیش یەکێکی لەوانە. ماشین لە دەرگایەکی گەورەوە ڕۆیشتە ژوورەوە لەبەر دەرگای ساختمانێکی شەش حەوت نهۆمیدا ڕاوەستا و جگە لە لێخوڕەکە نەبێت هەمووان دابەزین. ڕەحمان کەلەبچەکراو لە نێوان دوو پۆلیسدا بەدوای کابرادا ڕۆیشتنە ساختمانەوە. لەبەر ئەسانسورەکەدا ڕاوەستان. کابرا دەستی بەدوگمەیەکدا نا زۆر ڕانەوەستان دەرگاکەی کرایەوە هەرچواریان تێی خزان.

ڕەحمان تا ئەو دەمە سواری ئاوا سنووقێک نەبوو بوو، هەستی کرد وا بەرەو سەر دەڕوا، دووبارە دەرگای سنووق کرایەوە. کابرا ڕوو بەدوو یاساوڵ:

- ئێوە لێرە چاوەڕوان بن.

ڕەحمان لە پەنجەرەکانەوە سەیری خوارەوەی دەکرد.. خانووەکانی دووری گەلێک کچکە دەهاتە چاو.. زانی لە ساختمانێکی بەرزدایە بەڵام نەک بەبەرزیی چیای داڵەهو.. کەوتە بیری سەهۆڵ بەندانی زستانی داڵەهو و دارە چڕستانەکەی ڕێژاو و کانی توو و باوەیادگار و کوێخا ئەڵماس و ڕۆسەم و ڕەخشیی زەینەددینەوە لە دڵا وتی: سەد نفرین لە گۆڕت وا بەبێ تاوان گرفتارت کردین. کابرا لە ژوورێک هاتە دەرەوە دەستی کەلەبچەکراوی ڕەحمانی ڕاکێشا و بردییە ژوورەوە. کابرایەک لە پشتی مێزێکەوە دانیشتبوو. سەرمێزەکەی پڕ بوو لە کاغەز، سێ چوار تەلیفۆنی ڕەش و سوور و سپی لە بن دەستدابوو. دووکورسی لە پێش مێزەکەیەوە دانرابوو. کابرا و ڕەحمان

هەردووکـیـان ڕاوەسـتـابوون، بەدەست ئاماژەی کـرد بۆ کـابـرا تا دانیشت. ئینجا وتی:

– کەلەبچەکەی بکەرەوە. دووبارە بەنووسینەوە خۆی خەریک کرد. ڕەحمان دەستی کرابوویەوە.. دووبارە ڕوو بەکابرا وتی:

– لەو یەخچاڵەدا بیبسی تیادایە دووان بۆ خۆتان دەربێنە.. ڕەحمان ئومێدەواری کەوتە دڵییەوە، بۆ خۆیشی دەیوت:

– خێر و ئەمانە؟ کابرای پشتی مێز بەقەڵەمەکەی ئیشارەتی بۆ ڕەحمان کرد:

– بیبسییەکەت بخۆرەوە. ڕەحمان دەستی بۆ لیوان برد و مژێکی لێ دا بەدژوار لە گەرووی ڕۆیشتە خوارەوە.

کابرا سەری لە سەر نووسین هەڵگرت و ڕوو بەڕەحمان دەنگ و باسی بەندیخانە لە چیدایە؟ لە بەردتاشیندا پێشکەوتوویت؟ پێم وایە مامۆستاکانت لە کار و کردەوەت ڕازین بەتایبەت ئاغای حەقیقی.

ڕەحمان گێژووێژ دەینواڕییە کابرادا و تێدەفکرا:

– خۆ ئەمە ئاگاداری هەموو شتە.

کابرا دیسانەوە هاتەوە قسە:

– باوکت لە کشتوکاڵەکەیدا بەردەوامە وا نا؟

– بەڵێ قوربان!

– بەڕای من باوکت لە بەندیخانەدا دەوام نایەنێت و بێ گومان سەر بەسەلامەت وەدەر نابا و تیا دەچێت مەگەر تۆ بگەیتە فریایدا، وەئیلا ئەگەر حەوت باڵی هەبێت هەر حەوتی شکاوە و جارێکی دی داڵەهو بەچاو نابینێت.

– بەڵێ قوربان!

ڕەحمان لە بەندیخانەدا وا فێر کرابوو وشەی بەڵێ قوربان سەرەتا و پاینی هەر وتوێژێکی بوو. کابرای پشت مێز پێی ڕاگەیاند لە وشەی بەڵی قوربان گەڕێ.

– بەڵێ قوربان!

– باش گوێم لێ بگرە چیت پێ دەڵێم: ئەم گرفتارییەی تۆ و باوکتی تێکەوتوون کردنەوەی گرێ کوێرەکەی بەلای تۆوەیە. تێگەیشتی؟ تۆ دەتوانی هەم خۆت و هەم باوکت ئازاد بکەی.

ڕەحمان کەوتە پتە پت و لە ژێر لێوەوە وتی:

– من؟

– ئا تۆ. ئێمە کارێکمان پێتە، ئەگەر بیکەی نەک تەنها خۆت و باوکت ئازاد دەکەین بەڵکو پاداشتێکی باشیشت دەست دەکەوێ.

– هەر کارێک بە من بکرێت درێخی ناکەم.

– ئا ئا ئا.. لەوە دەڕوا کوڕی باش بیت. جا گوێ بگرە چی دەڵێم:

– بەڵێ قوربان!

– نەموت مەڵێ قوربان.

– بەڵێ قوربان!

– تۆ لەسەر چی گیراوی؟

– قوربان! تۆمەتیان پیا کردووم.

– لە تومەت و تاوان گەڕێ. هەرچۆنێک بووە دە ساڵێکیان بۆ بڕیوەتییەوە. ئەو جۆرە ئینکارە نە بەدەردت دەوا دەکات نە گرفتاریت ئاسان. بڵێ بە چی تۆمەتێک؟

- تۆمەتی هاندان بۆ کوشتن.

- هانی کێ و کوشتنی کێ؟

- هانی ئەوکە شامار و کوشتنیی زەینەددین ناوێک.

- ئافەرین کوڕی باش. وردە وردە خەریکە لە مەبەستەکەی من نزیک دەبیتەوە. وەک لە مێژدا وتم ئێمە تۆ و باوکت ئازاد دەکەین. بەیەک مەرج. ئەو مەرجەش کوشتنی ئەوکە شامارە.

چاوە زەردەکانی ڕەحمان بەبیستنی کوشتنی ئەوکە ئەوەندە کرایەوە هەر سپێنەی وە دی دەکرا بەدوودڵییەوە وتی:

- جا قوربان پیسکەیەکی وەک من ئەوکە شاماری چۆن پێ دەکوژرێت؟

- تۆ هەڵەی. بۆچی لەمێژدا ئەوکە لە تۆ پیاوتربووە؟ ئازاتر و ناودارتر بووە؟ تۆ هیچت لەو کەمتر نییە و لە ئەوکە گەورەتر و دڕتریشت پێ دەکوژرێ. دەڵێم پێت دەکوژرێ. یانی دەکوژرێت.

- وە باوەیادگار کاری وام لێ ناوەشێتەوە.

کابرا جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی دەرکرد و دایگیرساند و یەک دوو مژی لێ دا و ئینجا وتی:

- ناتوانیت.. یان ناتەوێ بیکەیت؟

- قوربان! کاری وا گەورە بەخوێڕییەکی وەک من چۆن دەکرێت. ئەوکە هەمیشە شەش حەوت چەکدار دەورەی داوە.

- وەک وتم کوشتنی ئەوکە پاداشتی زۆری بەدواوەیە. ئەگەر ئەم کارە نەکەی هەم خۆت و هەم باوکت بۆ جارێکی دی ڕۆشنایی هەتاو نابینن، پێت وانەبێت دەست بەردار دەبین و هەروا دەگەڕێیتەوە

سەرکاروبارت و بەئاسوودەگی لە بەندیخانەدا دەژی؛ ئەوەیان لەبیرت بێتە دەرەوە. بەڵکو دەردە سەرێکی گەلێک خراو بۆ دایکت و مەلیکەی خوشکت دروست دەکەین. مەیلی خۆتە چی بەچاک دەزانی بیکە.

– تو خوا لە دایکم گەڕێن!

– لەوەی دڵنیابە نە لەو دەگەڕێین و نە لە ئێوەش. ئەگەر بەڵێن نەدەی دووسبەی دەنێرمە دوایا و خراپی بەسەر دێنم.

– ئاخر دایکم فرە پیر و بێچارەیە ئازاری بۆ پەپوولەیەکیش نییە.

– ئێمەش ئەوە دەزانین وەلێ ناچارین، یانی تۆ ناچارمان دەکەی. واتە بەدەستی خۆت تۆ گرفتاری دەکەی.

– باشە دەڵێن چی بکەم. کوشتنی ئەوکە دە کەسی دەوێ.

– ئێستا بووی بەکوڕی باش. ئەگەر بەگوێرەی بەرنامەی ئێمە بڕۆیت بەڕێگەوە. بۆ تۆ ئەوکە کوشتن گەلێک ئاسانە. ئێمە ئەوە دەزانین و لە خۆڕا دەستمان نەخستووەتە سەر تۆ. گرنگ ئەوەیە تۆ بۆخۆت بکەویتە ئەو باوەڕەوە..

– قوربان! هەرچی لەیەکی دەدەمەوە ئەم کڵاوە بۆ سەری من فرە گەورەیە.

– ئەگەر بەگوێرەی بەرنامە هەنگاو بنێیت کوشتنی بۆ تۆ وەک ئاوخواردن وایە. تۆ بڵێ بەڵێ دوورینی کڵاوەکەی لەسەر ئێمە. یانی باشە؟

– ئەمری جەنابتە؟

– تۆ سەوادت هەیە؟

– بەڵێ قوربان! بەلای مام خوایارەوە خوێندوومە.

– ئەوکە خزمتانە یا نەء؟

– بەڵێ قوربان! ئامۆزازای باوکمە.

– ها! دەبینی لەخۆڕا یەخەمان نەگرتووی؟ بەئاسانی و بێ دەردە سەرییش ئەم کارەت پێ دەکرێ. ئەگەر ئێمە لە بەندیخانە وەدەرت بهێنین و بڵاوی کەینەوە کە ڕاتکردووە بتگەیەنینە نزیکی ڕێژاو و لەوێڕا خۆت بگەینیتە لای ئەوکە و دەستە و دایەرەکەی خۆ ئەمەیان ئاسانە و پێت دەکرێ وانا؟

– با قوربان! پێم دەکرێت.

– ئافەرین! ئافەرین کوڕی خاس! کە بووی بەیەکێک لە دەستەکەی ئەوکە لە هەل و فرسەتدا دەستی خۆت دەوەشێنی و وەکو بسکی بانان بۆی دەردەچیت و خۆت دەگەیەنیتە ئێمە و دەستی باوکت دەدەین بەدەستتەوە.

– ئەی ئەمە زۆر دەخایەنێت، کاری یەک مانگ و دوومانگ نییە.

– ئەی ئێمەش هەروا تێدەفکرین، دەبێ هەلت بۆ هەڵکەوێت و دەستی خۆت بوەشێنی.

– هەر نەبێت ساڵێکی دەوێ؟

– ساڵ زۆرە، بەڵام با بڵێین فرە فرە ساڵێک.

– ئێستا بەباوەڕەوە ئەو کارە دەکەی؟

– ئا دەیکەم بەڵام.

– بەڵام چی؟

– ئەی باوکم؟

– باوکت بەلای ئێمەوە دەمێنێتەوە دەبێتە بارمتەی بەڵێنەکەت.

– دەمەوێ شتێکی دیش بڵێم. بەڵام دەترسم.

– مەترسە بیڵێ.

– وا من ئەوکەم کوشت کێ دەڵێت باوکم ئازاد دەکەن؟

– کــوڕم! مـن لەخـــۆڕا بەڵـێن نادەم. بەناوی یاریدەری ســـەرەک وەزیرانەوە بەڵێنت دەدەمێ. نێوی سەرەک وەزیران بەلای ڕەحمـانەوە مـانـایەکی ئەوتۆی تیـادا نەبوو. کابـرای پشـتی مـێزیش هەسـتی بەوە کـرد و بۆیە لـە پشـتی مـێزەکـەیەوە هەسـتـا و ڕەحـمـانیش بەرزە پا هەستایە سەر پا. کابرا دەستی خستە سەر شانی ڕەحمان و وتی:

– دایرەی یاریدەری ســەرەک وەزیران یانی سـازمـان ئەمنیـەت. یانی ساواک یانی دەوڵەتی شاهەنشاهی. یانی خودی شا. تێگەیشتی؟

– قوربان تێگەیشتم.

– یانی مامەڵەی بەخشینی خۆت و باوکت بخەمە گەڕ؟

– بەڵێ.

– دەتنێـرمـەوە بەندیخـانە.. نەکـا ئەم باسـە بەلای هیچ کـەسـێکەوە بدرکـێنیت. هەتـاوەکـو باوکـیـشـت. لەم ڕووەوە ورتەت لە دەمــەوە بێت سبەی دەگاتە من. هیچ لە ئێمە گوم نابێت دوایی پێستی سەرت دێنمە سەر چاوتا..

– نە قوربان! خۆ منداڵ نیم.

– فـەرمان دەدەم لە کـارگـای بەردتاشـێن بتگوێزنەوە سـەر کشـتوکـاڵ تا ڕاکــردنەکـەت نـەبێــتــە جــێگەی گــومـــان کــە گــەڕایتــیـــەوە. بۆ چەواشـەکردنی بەندییـەکان سێ ڕۆژ دەخـرێیتـە سیاچاڵەوە. ئەگـەر لە دواییدا هـاوەڵانت پـرسـییـان بڵـێ تۆمـەتی دزییان پـیا کـردبووم. ڕەنگە دوای لە سیـاچاڵ وەدەر هـاتنت مـسـتـەکۆڵەیەک بماڵنە لا چاوتا. شـینی کـەنـەوە. تا پێـیـان وابێت کـە پاشـمـاوەی ئەشـکـەنجـەیەکی فـراوانە. با

ئەویشت پێ بڵێم کە گەیشتیتە لای ئەوکە بۆ چەسپاندنی خۆت و پتەوکردنی بیروڕای ئەوکە دەربارەت، هەرچی بەچاک دەزانی بیکە؛ یانی لەناو دەستەکەیدا دەمەوێت خۆت دەرخەی، کاری ئەوکە و دەستەکەی جگە لە پیاو کوشتن و دزی و خاوەسەندن شتێکی دی نییە. هەرچی دەکەی ئازادی و بەخشێنراوی، پاشەڕۆژیش دووچاری هیچ سین و جیمێک نابیت. نامەی ئێمەت پێدەگا بەئیمزای "ڕەبانی" تیادا دەنووسین. "جووجەڵەکان خەریکن باڵەفڕە دەبن". دووبارەی دەکەمەوە.. نابێت کەس ئاگاداری ئەم بەرنامەیە بێت تا مانگێکی دی لە کەناری جادەی ڕێژاودا داتدەبەزێنین. بڕێک پارەشت دەدەینێ. نەکا نەتوانیت چەک بەدەست بهێنی؛ بەڵام با ئەو پارەیەت پێوە نەبین، بیشارەوە ناچار نەبیت وەدەری مەخە.

– بەڵێ قوربان!

– ئەم دوا قوربانەتم بەدڵە. ئێستا دەتوانی بگەڕێیتەوە. کابرای یەکەم دووبارە ڕەحمانی کەلەپچە کرد و کابرای لێپرسراو دەستی درێژکرد تا تەوقە لەگەڵ ڕەحمانا بکات. ڕەحمان وزاقی دا پای لە تەپڵەکی نێوان کورسییەکان هەڵکەوت، تەپڵەک وەرگەڕا و لیوان و پاشماوەی بیبسی ڕژایە سەر زەوی. ڕەحمان نووسایە دەستی لێپرسراوەوە و دووسێ جار ماچی کرد.

کابرای لێپرسراو وتی:

– ئەمن مرۆڤ چاک دەناسم لەوەی دڵنیام بەئاسانی ئەم کارەت پێ دەکرێ؛ بڕۆ بەسەلامەت! چاوەڕوانی دەنگی دەستتم.

کابرای یەکەم پەلی ڕەحمانی گرت و لە ژوور بردییە دەرەوە، دوو یاساوڵ وەک داهوڵ ڕاوەستابوون بەو ڕێگەدا هاتبوون گەڕانەوە.

# ١٠

ئەو خـوای بانی سـەرە ئاگادارە چەنـدەم خـۆش دەوێیت و چەندەش لە دڵما ئازیزی.

- جا باوەڕ بکەم؟

- چارەت نییـە هـەر دەبێ بیکەی؛ ئەمڕۆ نا سـبەی، نەشت کرد، ئەمە سەری من و ئەویشـە چەقۆی تۆ وەک شاعیر دەڵێت:

قـیبلەم یە حـەیقـەن وینەی تو شـاهـی
بگـیـــرونـە دڵ خـــەشـم گـــدائـی
ئەگـەر گـوناهـێ وەتیـەم کـەرێ بار
یە سەر یە شـمشیر یە تەناف یە دار

- تۆ لە کوێنەوە فێری شیعری کوردی بوویت؟

- مەگەر ئەرمەنیم؟

- منیش کوردم، بەڵام ئەو جۆرە شیعرانە نازانم..

- بڵـێی بەوردی فێـر نەبوومـە.. لـە کۆلێژدا برادەرایەتییـەکی گەرمم لەگەڵ قوتابییەکی ناوچەی جوانرۆدا بەناوی ئیحسان هەبوو. دەمی لە شاعیری دەکوتا؛ دەفتـەرێکی لە شیـعری شاعیرە گەورەکانی کورد بۆ خـۆی ڕازاندبوویەوە بۆی دەخـوێندمـەوە. ئیـتر وای لێـهـات زۆربەیانم لەبەر کـرد ئەمــەی وا خــوێندمــەوە وا بزانم هـی شــاعـیـرێکە بەناوی بیسارانی.

– ماوە؟

– نەخەیر سەد ساڵێک زۆرترە مردووە.

– سەد ڕەحمەت لە بیسارانی؛ بەڵام ئەوانەی ئەو فەرموویەتی نە شمشێر و نە تەناف و نە دار هیچیان بەکار نابەم. تەنها پرسیارێکت لێ دەکەم.. مەردی مەردانە وەڵامم دەدەیتەوە؟

– بێ گومان!

– منت زۆرتر خۆش دەوێ یا قومار؟

ئەسفەندیار لیوانێک شەرابی سووری لەبەردەستدا بوو نەرمە مژێکی لێدا و چاوی بەرەو دوور هەڵخست، هەستی بەتەنگەبەرێکی سەخڵەت دەکرد. ئالەمتاجیش دەستبەرداری نەدەبوو چاوی بڕیبووە گلینەکانی و دەیویست بەقووڵایی ناخیدا بڕواتە خوارەوە، بەناچار سەری داخستە سەر لیوانەکەیدا و سەرگوێ پەنجەی نەرم نەرم دەهێنایە لێوی لیوانی شەرابەکەدا و هەڵقەی دەزگیرانییەکەی لە چەلەی دەستیدا دای لە لیوانی بلوور و زرنگایەوە، بێ ئەوەی سەر لە سەر لیوانەکەی هەڵگرێ وتی:

– من بەڵێنم داوە ئیتر توخنی قومار نەکەوم. چوار ساڵە لە دوورەوە بەتەماتم، تەما و حەزەکەم پڕ بوو لە دەرد و ئاشوفتەگی.. بڵێم حەزم لە قومار نەکردووە، کردوومە؛ بەڵام عشقی تۆ لەو حەزە گەورەترە و وا دەبینی بەلای قومارا ناڕۆم.

– جا سبەینێش لە سەر ئەم باوەڕ و بەڵێنە دەمێنیتەوە؟ سبەی هەوای هندوستان دووبارە بکەوێتەوە سەرت ئەو حەلە چی؟

– باوەڕم پێ بکە، بەڵێنم داوە دەیبەمە سەر.

– ئەگەر نەتبردە سەر چی؟

– ئێمە لەسەر مەرج ئەم پەیمانەمان بەستووە نەمبردە سەر ئەوی بەچاک دەزانی بیکە.

– دەبێ ئەوە بزانیت ئەگەر بێت و بگەڕێیتەوە سەر قومار و خانمبازی لە جویەی یەک منداڵ کۆزێکم هەبێت بەجێت دێڵم.

– حەیاتەکەم! ئەمشەو شەوی شەڕە دنووک نییە وا بەهەزار فەلاکەت لە یاساوڵەکانی دەوروبەرتەوە دوورین حەیفە بەو باسانەوە کاتمان لە دەست دەبەین. ئێمە دەزگیرانین و سەد بەرنامەمان لە پێشە، باسی چۆنیەتی شاییەکەمان بکە، لیستەی میوانەکان.. گۆرانیبێژ و ڕازاندنەوە و جلوبەرگ و دیکراسیۆنی ماڵ. دەزانی هەریەکە لەمانە کۆڵێک کات و لێدوانی دەوێ، ئەگەر زیرەکانە وردەکاری بەکار نەبەین زۆرمان لێ زوێر دەبن. هەتاوەکو ئەمیری باوکم و دایکیشم نیگەرانی ئەوەن شاییەکەمان دووربێت لە هەڵە و هەڵەشەیی.

– خۆ دایکی منیش بەپەرۆشی شاییەکەمانەوەیە، پێم وایە سبەی لەم ڕووەوە لەگەڵ دایکتا بدوێت.

– هەر دەبێت بگەنە ئاکام. ئەوسا هەر شاییەک بکرایا دەبوو لە کرماشان و تارانا و ناو دێیش شایی کرابا من ئەم هەموو تەشقەڵەیەم پێ چاک نییە. دایکم سوورە لەسەر هەرسێ لا و دەڵێت دۆست و ئاشناکانمان زۆریان ناتوانی بێنی بۆ تاران یان کرماشان یا وەکو دێ. باوکم شایی دێی لا گرانە؛ دەڵێت دونیا وەک ئەوسا نەماوە دەترسم کەسێک چوزانم نەفامێک، گەوجێک کودتاکەی شا بەڕاست بزانێت و کارێکی ناپەسەندی لێوەشێتەوە. پێی وایە تەنها لە تاران و کرماشانا بێت چاکترە. گێتی ئەمیر ئەلی خانیش هەر لە تارانا شایی

گێڕا. ئێمە لە کرماشانیشدا دەیگێڕین.

– دۆستانی کرماشانیان خراو لێ زوێر بوون. کابارەی "شکوفەنو" جمەی دەهات "ئاغاسی" بەرنامەی تەواوکردبوو، نۆرە هاتبووە سەر ئەکبەری گولپایگانی. هۆڵەکە لە چەپڵەڕێزانا دەلەرزییەوە. بەنانخواردنەوە خەریک بوون ئەسفەندیار بێ سەر بەرزکردنەوە وتی:

– بەڕای تۆ نێوی یەکەمین منداڵمان چی بنەین؟

– هاتو خوا منداڵی پێ نەبەخشین چی؟

– شوکری خوا دەکەین؛ بەڵام ناو بۆ من گەلێک گرنگە. پێشم وایە ناو تیشک دەخاتە سەر جۆری ژیانی هەڵگرەکەی. خۆ ڕووداوی بنەماڵەی خانەخراوی کرماشانت بیستووە؟

– شتێکی وام وەبیر دێتەوە؛ بەڵام نازانم لەسەرچی بووە.

– گوایە دکتۆر خانەخراو دکتۆری منداڵ بووە و پەیوەندیی عشقی لەگەڵ فریشتە ناوێکدا دەبەستێت کە ژنی کابرایەکی ئەندازیار و دایکی منداڵێکی نەخۆش بووە. بەهۆی نەخۆشیی منداڵەکەوە. دکتۆر هاتوچۆی ئەو ماڵە دەکا و دەنگ و باسی ئەو پەیوەندییە وردە وردە دەکەوێتە سەر زار و بڵاودەبێتەوە. پەروێزی برای فریشتە بەو کەین و بەینە دەزانێ و فرسەتیان لێ دێنێ و فریشتە و دکتۆر دەکوژێت، براکەی دی دکتۆر کە هەواڵی کوشتنی دکتۆری برای دەبیسێت دەست بەجێ تووشی خوێن ڕێژی مێشک دێ و دەمرێت هەردوو برا لەیەک ڕۆژدا دەبرێنە گۆڕستان.

بەدبەختیی بنەماڵەی خانەخراو لەیرەدا تەواو نابێت، پەشتا چلەی دوو برای مردوو تەواو نابێت تاقە کچەکەی دکتۆر کارەبا دەیگرێت و دەمرێت.. جا دایکم بیروڕای سەیری هەیە دەڵێت ئەو هەموو مردنە

هی بەدیومنی نێوی فامیلیایانە.

ورده ورده کابارەی شکوفەنو چۆڵ دەبوو. ئالەمتاج سەیری کاتژمێری کرد و وتی: سەعات سێی بەیانییە دەڵێی کوردی دۆ نەدیوین. درەنگە با بڕۆین.

– کارێکی نەشیاومان نەکردووە بەپێی وژدان و ئیمانیش تا مانگێکی دی دەبینە ژن و مێرد؛ ئەگەر ئازەرخانم درۆمان لەگەڵ نەکا.

– ئەم ئازەر خانمە کێیە؟ تا بەئێستا ناویم نەبیستووە؟

– ژنی برادەرێکمە کاروباری دیکراسیۆنی مالان دەکا خەریکی گۆڕانکاری خانووەکەمانە. وام دانابوو باسی ئەم مەوزووعەت لە لا نەکەم تا واتزانی با بۆ خۆم گۆڕانکارم تیا کردووە و ڕازاندوومەتەوە. ئەگەر دەتەوێ سبەی پێکەوە سەرێکی لێدەین تا بزانین بەکوێی گەیاندووە؟

– خۆ ئاگاداری سبەی شەو گێتی و مێردەکەی سەفەری ئەورووپا دەکەن ڕەنگە تا چەند ساڵێکی دیش نەگەڕێنەوە. ناکرێت نەڕۆین بۆ "میهراباد".

– خۆ وەڵڵا من خۆم بەقەرزاری گێتی دەزانم ئەگەر ئەو لە نێوانمانا نەبوایە بەنوێنەری عشق و ئاشتی، ئێمە بەم ئاسانییە بەیەک نەدەگەیشتین.

ئالەمتاج ئاوڕێکی تیژی لێدایەوە.

– مەگەر وانا. لێی بەزیاد بێت.

لە کابارە هاتنە دەرەوە. دەنگێکی زڵاڵ لە دەرەوە با دەیهێنا. ئەسفەندیار ژەندییە لا ڕانی ئالەمتاجەوە و وتی:

– گوێ دەگریت چەندە بەسۆزی دەڵێت؟

سواری ماشین بوون بەرەو ماڵ، لەپڕ ئەسفەندیار وتی:

– خومە ئەفشین ئەم وڵاتەی کردە خەو و بۆی دەرچوو؟

– بابم هیچ جۆرە سەختگیرییەکی لەگەڵا نەکرد و پێی ڕاگەیاند ئەوی بەچاک دەزانێت بیکات. ئەگەرچی سێ ساڵ کولێژ بەجێ هێشتن کەم نییە، بابم لە دڵەوە پێی خۆش بوو بڕوا. لەم دوادوایەدا ناخۆشی کردبوو. ڕۆژی سێ چوار جار خۆی دەشوشت. دەبوا هەموو ڕۆژێک ژووری نووستنەکەی "گلگیری" و خاوێن کرابا. پێم وانییە لە ئەوروپادا ئاوا ژیانێکی بۆ بچێتە سەر و جۆری ژیانی ئەوروپا هوشیاری دەکاتەوە و دەیهێنێتەوە هۆشا. دایکم گەلێکی بۆ پەریشانە و جارەوبار یەخەی ئەمیری بابم دەگرێ و دەڵێت. بێ دەنگییەکەت نیشانەی ڕەزابوونە و ئەو کوڕەی نازپەروەردەیەم لەو غەریبستانە کێ خزمەتی دەکا و دەیلاوێنێتەوە. ئەفشین ئەوسا لە ئەوروپایە بۆچی هەواڵی فەلامەرزم لێ ناپرسێت؟

– مەگەر چۆن؟

– مەپرسە. گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی هاتووەتە سەر تەواوی ژیان و هەڵسوکەوتیدا. دوو سێ ڕۆژ لەمەو بەر یەخەی بابمی گرت تا ماشینێکی تازەی ئاخرین سیستمی بۆ بکڕێت.

– قەت قەت باوەڕ ناکەم.

– بابیشم لە سەرەتاوە باوەڕی نەدەکرد. کە لێی پرسی دەڵێت: ژیانی نێو کۆلێژ و زانکۆ شتێکە و زیندەگیکردنیش شتێکی دی. من ئەمساڵ دەبمە ئەندازیار و دەڕۆمە نێو جەرگەی کاروبار و کۆمەڵەوە. ژیانی ڕاستەقینە دوورە لە دروشم و بژی و بڕووخێ.

– ئەم جۆرە قسانە بەم گوێیەی خۆمە لە فەلامەرز خان ببیسم،

باوەڕ ناکەم. گەیشتبوونە بەر دەرگایماڵی ئەمیر. ئەسفەندیار یەک دوو هۆڕینی لێدا. یارە ڕیقو سەری لە کونەباجەکەوە وەدەرهێنا و دەرگای کردەوە..

کزەبایەکی ساردی سەرەتای زستان تاوتاو لە چیای ئەلبورز هێرشی دەهێنا و هوژەی دەکردە خوار و دامێنی چیا و کووچە و کۆلانی شەمیران و نیوە نووستووی نیوە خومار. سایقەی سامالّ پەڵەیەک هەور بەئاسمانی تارانەوە نەدەبینرا.

ئەسفەندیار بەرەو خوار بۆ ناو شار وەڕێ کەوت. ئەلکول خومار و خەویش بێ تاقەتی کردبوو. باوەک هۆکارەی شەو بێداری و دڵەکوتەی سەر مێزی قومار بوو، تەواوی قومارخانەکانی شاری تارانی دەناسی و دەیزانی کێ لە کوێیە و کێ دەیگێڕێت کازینۆی قوماری "ئاب عەلی" بونیادی پەهلەوی بەماڵ خۆی دەزانی. جارەوبار بەوەش دانەدەکەوت بەختی خۆی لە گازینۆ و قومارخانەکانی مۆنت کارلۆ و لاس ڤیگاس تاقی دەکردەوە.

بە بۆنەی قومار و خانم بازی و شەوبێدارییەوە ناوی کەوتبووە نێو گۆڤارە هونەرییەکان و "جەمیلە"ی سەماکەر لە گفتوگۆ هونەرییەکانیدا یەک دوو جارێک ئاماژەی بۆ کردبوو. ئەو ئامـاژانە ئەمیر ئەمجەدی باوکی ئاڵۆز و ئاشوفتە کردبوو، بۆیە سووربوو لەسەر ژن هێنانی.. ئەسفەندیاریش نەیدەوت نەء؛ لە دوورەوە چاوی خستبووە سەر ئالەمتاجی ئەمیر ئینتیزام. باوەک کەمو زۆر درکاندبووی، بەلام لە ترسی ناوباویدا نەیدەوێرا بڕواتە پێشەوە. حەوت هەشت ساڵێک لە ئالەمتاج بەتەمەنتر و شەو زیندووداری نەخەوتن و ڕابواردنی زۆر شوێن پای لە ڕوخساریدا دەرخستبوو. بەسەر ئەمانەدا تا بڵێی زمان

شـرین، مـەردوم دار و بەخـشندەگـیـیـەکـەی، زۆر عـەیب و نـاتۆری بۆ داپۆشیـبوو. خەڵکەکە ڕێز و حورمەتێکی تایبەتییان لە عاستی نیـشان دەدا . لە تەنگانەدا دەڕۆیشـتـە و دەمی خـەڵکەوە، دەسـتی یارمـەتی بۆ زۆر کەس درێژ دەکرد. ئەسفەندیار، کە شەو دادەهات لەش و ئەندامی پڕ دەبوو لە هێـز و توانـا و جـووڵانـەوە. شــەو دەبووە جـادووی ڕوحی تەلیسمی شەو دەیهێنایە حەشـوکە و هەوینێکی پڕ لە ئێنێرژی دەخستە نێو دەمـارەکانیـەوە و وەک ئەسـپێکی چەمـووش و سـەرکێش دەکەوتە سـمکۆڵان. هەر شــەوێک لە "کلوب" پێک و قـومـارخـانـەیەکدا دەیبـردە سـەر و جـێگەی تایبـەتی بۆ تەرخـان و کـەس لـەسـەر کورسـی تایبـەتی خـانی کـولیـایـی دانەدەنیـشت. هەروا بەرەوخـوار دەبـوویەوە کـەوتەوە بیـری قـومـار و هاوڕێیــە قـومـارچیـیـەکـانی. نـاخـۆ ئاگـا لـە مـەکـو ناسـراوەکـانی قـومـارەوە نزیک بوویەوە. باوەک پارەی قـومـاری لەگەڵ خــۆدا هەڵنـەگـرتبـوو، دەیزانی ڕێز و حــورمــەتی لەوە زۆرتـرە و ئەوی بیـەوێت دەیخـەنە پێش دەسـتی. لەو بیـرانەدا تلی دەخـوارد و دەپلایەوە گەیشتبووە لای کلوپی "روسانا"ەی کاک فەرزین..

کلوپی ڕوسـانا بریتی بوو لـە دوو هۆڵی گەورە و بچـووک. دوو هۆڵی جیاواز. لە نـێوانی هـەردوو هۆڵدا بـارێکی خواردنەوە و چەنـدین مێز و کورسـی زەریفی ڕەنگاوڕەنگ لێـراولەوێ بەشـێـوەیەکی وەسـتـاکـارانە خێرابوون. هـەر لە دەرگـای سـەرەکی دەڕۆیشتە ژوورەوە بەپلەیەکی مار پێچدا دەڕۆیشتە خوارەوە. کونتوارێکی مەڕمەڕینیی جوان داتاشراو، بەدەسـتی ڕاسـتدا کـچێکـی شان و مل ڕووتی جوان، پەیکەر لە پشـتی کوانتوارەکەوە بزەیەکی پڕ لە عشوەی دەگرتە هـاتوچۆکەرانا و پاڵتاو و کلاوی سـەری لێ وەردەگرتن.

لە چەقی هۆڵدا تیپێکی سەما و دام و دەستگای مۆسیقای ڕۆژئاوایی و لە پشتی ئەوانەوە هۆڵی یاری و مێزی بلاچەک و ڕۆڵێت و زار هاویشتن و جۆرەکانی دی یاری بەدی دەکرا.

فەرزینی خاوەن قومارخانەکە هیچ بەڵگەنامەیەکی بەدەستەوە نەبوو مەگەسیش نەیدەوێرا توخنی کەوێ، وا باو بوو زۆر لە سەرزل و دەسەلاتداران تیا شەریکە. ئەگەر لە فەرزینت پرسیبا پێدەکەنی، نەدەچووە ژێری، ئا یا نەء. بەلام زۆر خۆی هەڵدەکێشا و ناوی دەسەلاتدارانی دەوڵەتی دەبرد.

جارەوبار تیپی هونەری جۆراوجۆری لە ئەوروپاوە دەهێنا. وا باو بوو فەرزینی ئیسحاقی پەیوەندی بەمۆساتی ئسرائیلەوە هەیە و تەواوی سەرمایەکەشی هی ئەو دەزگایە.

ئەسفەندیار زۆری نەمابوو بگاتە لای چرا زەرد و سوورەکانی "ڕوسانا" لەپڕ ڕوخساری ئالەمتاجی دەزگیرانی و بەڵێنەکانی هاتەوە بەرچاو و بیر. ماشێنی ڕاگرت بۆ تاوێک تێڕاما. ئینجا لەبەر خۆیەوە وتی:

– تاجی خانم ئالەمتاجی ئازیز بمبوورە. پیاو نەبم ئەگەر بەڵێنەکانم نەبەمە سەر.

# ١١

ئێـواره درەنگ هەتاو دووسێ داردەسـتی مـابوو ئاوابێت. مـاشـینێکی "پەیکـان" لە بەرزایەکـەی پاتاقـدا لە شـانی شـانشـینەوە لەژێر دەمی "ئاتەشگا"دا ڕاوەستا. تەواوی دەشـتی زەهاو و شـیروانە لەژێر دەمدا دەبینرا. قـەڵای شــیـروانـە لە دوورەوە نازی بـەڕۆژگـار دەفـرۆشت.. ڕەحـمـانیـان لەژێر دەمی ئاتەشگادا لە مـاشـین دابەزاند و مـاشـین سـەر بەرەو ژوور گـەڕایەوە و ڕەحـمـانیش ڕوو بەڕێگا پێچ پێچەکـەی ڕێژاو بەلێـواری ڕێگەدا ڕوو بەکانی توو بەڕێ کـەوت. هەر ورەیەکی ببیستبا لە ڕێگە دەردەچوو خـۆی دەشـاردەوە. ترسی ژاندارمـری و سـەروان عـەزیزی وا چووبووە دڵیـەوە لە خـەویشـدا شـێـوەی دەهاتە بەرچاو مەرگی هـەزار جار لا شیرینتر بوو تا بۆ جارێکی دی دوچاری ئازار و تەشقەڵەی سەروان عەزیزی و ئستیوار شەریفی بێت.

هـەتاو نیشتبوو. ڕەحـمـان لە دەری دێی "کانی توو"ەدا ڕۆیشتبووە "مـەکۆ"وە. چاوەڕوانی لە پەلەقـاژێ کـەوتنی خـەڵکی دێی کـانی تووی دەکرد. سەگەلی دێ لە چەند لاوە دەوەڕین. ڕەحمان دەنگی سەگەکانی دەناسی و ناوی خـۆیشی و خـاوەنەکـانیـشی دەناسین. سـەگـەلیش تەواوی خـەڵکی دێ و ئاژیلی دێی لا ئاشنا بوو. ڕەحـمـان بۆ دەهەمین جار دەستی برد بۆ پشتوێنی ژێر کراسەکەی و دەستی پیا دەخشاند و هەستی بەپشت قایمی دەکرد. بۆ یەکەمین جار پێنج هەزار تومـەنی پێکەوە دیبوو، ئەویش بەسرابوویە برِبرِاکەی پشتییەوە. ئەو پارەیە بۆ

کەسێکی وەک ڕەحمان بەمایەی دەردەسەر دەژمێردرا تا سەرمایە. هەرکەسێک ئەو پوول و پارەیەی پێ دیبا بەسەد جۆر لەیەکیان دەدایەوە و ئەوی ساواک ڕیسابووی، هەمووی شیی دەبوویەوە. ڕەحمان دار و درەخت و تل و دەوەنی دەوروبەری کانی تووی وەک ناو لەپی دەناسی. کەوتە بیرەوە ئەو پارەیە لە کوێنەوا بشارێتەوە. لەناو دارەقرِوڵی کەوانەی دێدا؟ ناترسی دۆزینەوەی زۆرە. بۆ خۆی چەندین جار خۆی داهیلابووە ناوییەوە؛ لە یەکێک لەو جارانە مارێکی تیا خبکەی دابوو ئەگەر ئازا خۆی دەرباز نەکردبا پێوەی دەدا. ئەی لەژێر دەمی بەردە "تەرام"دا چۆنە؟ تا ئەویش ڕێگەی کانی قرژاڵە و هاتوچۆی زۆری بەسەرەوەیە. ئەو پارەیەی لێ بووبوو بەئەژدیهایەک و چیای داڵەهوو ڕێژاوی بەبچووک دەزانی و دوودڵ بوو لە کوێنەدا بیشارێتەوە. ژێر پردەکەی دۆڵە بێ چۆنە؟ ناترسی لافاوی زۆرە. سەرئەنجام بڕیاری دا لە کونەکۆترا بیخاتە چاڵ. بەرەو دۆڵی کونەکۆتر وەڕێ کەوت هەنگاو بەهەنگاو تل بەتلی کونەکۆتری دەناسی. پشتوێنی کردەوە، دووبارە چەندین گرێی تازەی لە پشتوێنە قوماشەکەدا و قەڵەمبڕی لە گیرفان دەرهێنا و بەچاڵ کەندنەوە خەریک بوو. جارێکی دی کەوتەوە گرێدانی پشتوێن و گرێیەکانی ماچ کرد و خستییە چاڵەوە. سەری داپۆشی و بەلەقە کوتایەوە. گابەردێکی گەورەی تل دا و نایە سەر چاڵەکەوە بەجۆرێکی وا سەرنجی کەس ڕانەکێشێت و کەوتە ڕێ بۆ کانی توو.

سەگەلی دێ هەر دەوەڕین نەک وەک دەمەوئێوارە. دێ بەرەو نووستن دەچوو. دەرگای ماڵی سەی یاقو لە دوولاوە بەتەنەکەی ڕوونی شاپەسەند داپۆشرابوو. ڕەحمان دەیزانی چۆن چۆنین لە دەرەوە

دەرگـــاکـــەیان بکاتەوە بێ ئەوەی لە دەرگـــا بدا. بەئاســـانی کلۆمی دەرگەکەی تەرازان و دەرگا جیڕەی لێهەستا و گەماڵەکەی ماڵی سەی یاقو ناوناو دەوەڕی. کە بۆنی ڕەحمانی بیست لە وەڕین کەوت و لێی نزیک بوویەوە و کەوتە نووزە و پووزەی دەخشاندە پاوپلی ڕەحماندا.

ئەگەرچی لە مێژەوە ساردیی لە نێوان باوکی و سەی یاقودا ڕووی دابوو، بەڵام خزم و خوێشی لە لێقەومانا ئەو جۆرە ساردییانە لەناو دەبات و کۆنەقین لەبیر دەباتەوە. ڕەحمان دووسێ جار لەسەرخۆ دای لە دەرگای دالان و "هەمینی" کچی سەید هاتە دەمیەوە. کە ڕەحمانی دی حەپەسا و دووبارە گەڕایەوە لای باوکی و لەسەر یەکە وتی:

- ڕەحمانە ڕەحمان.

ڕەحـــمـــان چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی ســـەیدی نەکـــرد و ڕۆیشـــتـــە ژوورەوە.

لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا مەقاڵەیەک پڕ لە سکڵ قۆری و کترییەکی ڕەش داگرساوی بەسەرەوە دانرابوو. سەید کەوڵی دابووە سەر شانیدا ویستی هەڵسێت. ڕەحمان خۆی گەیاندیە و دەستی ماچ کرد.

سەی یاقو پەشۆکاوانە وتی:

- بیشەرام! چ جوری هاتیتەسەو؟

- چ جوری؟ ڕاکردمە.

- وە زندان ڕاکردیتە؟ مەگەر ئەوت؟

- ئەڕا نیەوت؟ فرسەتی وەگیر هاوردم و ڕاکردم. خودا هەڵگرت وەزندانا بپوسیەم و تەواو جوانیم لە دەست بچت. بێ هیچ گوناهی؟

- ئەی قەرە خەر کی نیت وابزانی توانیت وەی دەورە بمینیت؟

- نا شەوسو چم توام خۆم برەسنمە ئەوکە.

– چیتە لای ئەوکە؟

– جای تری شک وەیت؟ ئادەم فەراری هەر بایەت بچتە لای ئەوکە. نەوتیت ڕووە کورەکەم ئیرنگە ئەوکە ها وە کورە؟

– دورست نیەزانم. گومانم هاوە دەورو وەر بەردە ڕەش یا شترکو.

– داڵکەم چونە؟ ترسم بچمە ماڵ تەواو کانی توو ڕشنتە سەرم.

– چونە؟ فەقەت مەنییە. نەوتی ورسیت نییە؟

– وە ئەلی ڕیخۆڵەم ڕیخۆڵەم خوات. فرە ورسیمە شەو و ڕۆژێکە تام زباد نەکردیمە. مەگەر خوا بزانێ وەچی دەردە سەری ڕەسیمەسە ئەیرا.

هەمین ڕاپەڕی زۆری نەخایاند نان و پەنیر و کاکڵە گوێزی خستە بەردەستی و ڕەحمان پەلەپەل تیکەی بەدوای یەکدا هەڵدەدا. کەس ورتەی لە دەمەوە نەدەهات. ڕەحمان لە پڕ وتی:

– وەنەزەرم بکەفمە ڕا خاسترە. ترسم کەسی وەیرانە بوینتەم و بانە ڕوژ گرفتاری ئەڕاتان دروست کەن.

سەی یاقو ڕوو بە"هەمین": یەکەمی تویشەی ڕا بخەتەکی وە ورسیا تەلف وت. خود خوا وەدادەمان برەست.. سەروان ئەزیزی شەوسو نەیت بانە ڕوژ خوی ڕەسنتە ئەی ئاواییە و ڕوزگارمان سیاکەت.

– فکر نیەکەم وەی زویانە بات. من ئمڕو سەعات نوی سوبح ڕاکردمە تا وە دایەرەی زندان خەوەر بگاتە ژاندارمری و وەویەوە تەلگراف ئەڕا مەرز بکەن وەخت توات.

ڕەحمان دەیزانی دووسێ ڕۆژێک هەواڵی ڕاکردنەکەی دەخەنە دوا تا بەشێنەیی خۆی بگەیەنێتە ئەوکە.

– وەیادگار یا سەرم چت یا حەق خۆم و باوگم لە عەزیزی برا سەگ سنم. فەقەت سەورکە و بوینەم. دەشت فرە سەرد کردیە هیچ وە وەر نەیرم یە شەروال و فەرەنجییەک وە ئەمانەت بەن پیم دوای کلی کەمەو.

– فەرەنجی دەم پیت وەلی نەوەتی چجوری فەرار کردیتە؟

– داستان فەرارم فرە درێژە. ئەگەر توای شەوسو وەیرا بمینمەو باسی کەم.

– نا، نیەتوام. بچو یادگار هامراهت.

مانگ هەڵهاتبوو، هەور و هەلاّیش بەئاسمانەوە بەیەکدا دەهاتن. ڕەحمان لە کانی توو دوور کەوتبوویەوە. بایەکی سارد لە دۆڵ و دەربەندەکانی داڵەهووە لوولی دەخوارد و هاژەی دەهات.. ڕەحمان فەرەنجییەکەی بەخۆوە پێچابوو، بەنێکی بەستبووە ناو قەدییەوە، خوا خوای بوو باران نەبارێت. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا سەد جنێوی بەسەروان عەزیزی و زەینەددینیش دەدا. بەردە ڕەش کەوتبووە سەر سنووری عێراق و ئێرانەوە؛ لە کانی تووە ڕۆژ ڕێگەیەکی پیاوی بەقول دوور دەبوو. ڕەحمان بێ وچان تەکانی دەدا.. لە مێژدا لەگەڵ باوکیدا بەو ڕێگەدا ڕۆیشتبوو، نەک بۆ هاندانی کوشتنی زەینەددین. جارەوبار مانگ دەکەوتە ژێر هەورەوە. ڕەحمان لە تاریکیدا پای لە بەرد و تل و دەوەن و بنچک هەڵدەکەوت و سویسک و کەو و باڵندە لەژێر پایدا هەڵدەفڕین و دەیانتۆقان. دیسانەوە دەکەوتەوە جنێودان بەسەروان عەزیزی و شەریفی و زەینەددینی دۆزەخی لامەسەب جارجاریش سەری بەرەو ئاسمان و ئاسۆ هەڵدەبڕی و لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– فکر نیەکەم ڕوژ باتەو. مەگەر شەوگار ئەیقەرە درێژەو من نیەزانم.

دەنگی پەلەوەرێکی لانەواز هاتە گوێ. ڕەحمان لەبەر خۆیەوە وتی:

– بخوین.. بخوین.. مەگەر تویش سەروان عەزیزی لیت تاین بییە لانەوازت کردییە، سەورکە حەقت سینم.

ئاسۆ وردە وردە تاڵی ڕۆشنایی تێ دەکەوت، ڕەحمان بۆ پشوودان بەسەر بەردێکەوە دانیشت و لەبەر خۆیەوە وتی:

– ئەڕا هەڵەپەڵەی؟ چ مەرگتە؟ سەروان عەزیزی وە دووسەد ژاندارمە و نیەتوانت بڕەستە ئەیرا. کەسێک وەنواتەو نییە، تا ئیوارە ڕەسیتە بەردەڕەش؛ شەکەتی دەرکەو ئەو دەم بکەفە ڕا.

سوزی بای ساردی دواهەناسەی شەو چزەی لە ڕوخساری هەڵدەستان لەسەر بەردەکە خۆی خزانە خوارەوە و خۆی دا بەپاڵی گابەرد و پشتی پێوەنا و پای ڕاکێشا زۆری نەکێشا خەوی لێکەوت. یەک سەعات دوو سەعات خەوتبوو هەستی کرد لوولەی ساردی تفەنگی ئیم یەکی سەروان عەزیزی لەناو دەمیدایە و پاو پۆستاڵیش بەسەر سنگییەوەیە. زەردە خەنەیەکی گەرانەی بەسەر لێوەیە، هەستی سەرکەوتن و دەسەلاَت لە ڕوخساریدا شەپۆل دەدا، چەندین ژاندارمی پڕ چەک دوور و نزیک ڕاوەستاون عەزیزی برێکی دی لوولەی تفەنگەکەی ئاخنیە نێو دەمییەوە و نەڕاندییە سەریا:

– تووله سەگ! مەگەر عەزیزی مردووە وا بەم ئاسانییە لە بەندیخانە ڕاکەیت و خۆت بگەیەنیتە ناوچەی دەسەلاَتی من؟

عەزیز قاقایەکی وای لێدا لە دەربەندەکانی داڵەهودا چەندین جار دەنگی دەدایەوە.. ئینجا بەتەواوی تواناوە شەقێکی ماڵییە بندەستیدا. ڕەحمان بەدەم قیژەیەکی پڕ لە ژان و ترسەوە لە خەو ڕاپەڕی. لەشی شەلاَڵی عەرەق بوو. دەستی برد بۆ دەم و لووتی، پێی وا بوو خوێناوڵە.

هەستایە سەر پا. دیسانەوە بەسەر بەردەکەوە دانیشت لەبەر خۆیەوە:

– ئەی براسەگە دەست وەردار نییە، خەویش لەلیم حەرام کردییە

هەتاو بەرز بووبوویەوە، بەردەڕەش لە دوورەوە دیار بوو، ڕووی کردبووە شترکو وەک دوو دەزگیرانی ئەزەلی ڕاز و نیازێکی ئەفسانەیان لەگەڵ یەکدا دەکرد. ئەگەرچی بەشێکی هەردووکیان تەم و مژ داییۆشیبوو، پۆپەکانیان کەم و زۆر وەدەر دەکەوتن. جگە لە دابڕاوی بەردەڕەش نەبێت لاسارانە خۆی بەرەو ئاسمان هەڵدابوو زنجیرەی شترکو بەرەخوار وەک حوشترێکی ماندوو ملی ڕاخستبوو ڕوو بەسنووری عێراق لە نەخشەی جوگرافیای عێراق و ئێرانا ئەو زنجیرە چیایە لەسەر هیچ لا نەدەژمێرا خۆیان نەدەکردە خاوەنی.. بەپێی ڕووداوەکانی ڕابووردوو ئەو زنجیرە پەیوەستە هەوارگە و جوڵانگای یاخی و ڕێگر و ملهوڕەکان بووە ڕەحمان کەوتەوە ڕێ؛ سەد بیری گەورە و سەرە لە بیر و ئەندیشەیدا وزاقی دەدا. لافاوی سەرکێشی ڕووداو تلی دابووە نێو بەزم بەرنامەیەکی گەلێک لە خۆی گەورەتری پڕ لە گرێ؛ هەروا بیری لە بەسەرهات و دەردەسەری خۆی دەکردەوە لەپڕ قیڕاندی:

– بیلەم! مەگەر ئایەم چەن گلە مرت.

گەیشتبووە سەر ئاوی هواسان، دووکەڵی ئاگری شوانێک توولە مارئاسا لەوبەرەوە دەچوو بەئاسمانا. ڕانەکەشی دابەش بووبوون، پەخش و بڵاو بووبوونەوە. ڕەحمان ڕانەک و فەرەنجی لێ داکەند و خستییە سەرسەری و لە ئاوی هەواسان پەڕییەوە. دووبارە خۆی ڕێکخستەوە و ڕوو بەشوانە وەڕێ کەوت. شوانە میلی تفەنگی لێ هنیایەوە و وتی:

– هەر لەوێدا ڕاوەستە و نەجووڵێی. بەئاسپایی فەرەنجییەکەت داکەنە تا بزانم چەکت پێیە یا نا یەک دوو سەگی زل زەلام ڕوو بەڕەحمان پەلاماریان هێنا. شوانە تێیانی خوڕی. ڕەحمان فەرەنجی داکەندبوو سەگەکان لە دەوری ڕەحمانەوە دەوەڕین. شوان لوولەی تفەنگی گرتبووە ڕەحمان. ڕەحمان سوێنی دەخوارد کە لە قەڵەم بڕێک زیاتر هیچی تری پێ نییە کابرای شوانە گورگی باران دیدە و پەروەردەی دەردە سەری ڕۆژگار و ئازموونی ژیان بوو، دوودڵ تێی دەنواڕی و وتی:

– پێم ناڵێی کوێنەریت بۆ کوێ دەڕۆیت؟

– خزم و خویشی ئەوکەم و توام بچمە لای. ئیشن ها وە بەردەڕەش.

– باشە لە کوێنەوە هاتوویت؟

– کانی توو.

– وەی زویانە ئەوکە نەدێسەی؟

– با دوێنێ چەند چەکدارێکی لەگەڵابوو لە چەرموسوار عێراقەوە دەگەڕایەوە بۆ بەردەڕەش.

– یانی ئێرنگە هاوە بەردەڕەش.

– دەبێ لەوێ بێت. چای دەخۆی؟

– مەرحەمەت کەیت فرە مەمنوونم.

سەگەکان لەولاترەوە چنچکەیان دابوو؛ بەگومانەوە دەیان نواڕی شوانەکەش تفەنگەکەی لە خۆی دوور نەدەخستەوە فیشەکیشی بردبووە سەرکار و بەو دەستەکەی چای بۆ ڕەحمان تێ دەکرد.

ڕەحمان ئەگەرچی تازە پای نابووە دونیای پیاوەتییەوە، بەڵام سەرو

گەردن و شان و ملی هێز و توانای لێ دەباری، بەتایبەت دەمارەکانی گەردنی لە خوێنا هەڵئاوسابوون. دەست و مەچەک و بازووی توانایی پێوە دەبینرا.

شوانە هەزار تەڵەی بەکلک تەقاندبوو باوەک دەیزانی ڕووتەڵەیەکی تاک و تەنها لەو دەشت و دەرانەدا نە هیچی پێ دەکرێ و نە دەگاتە هیچ کوێ بۆ مەبادا هەر بەپارێزەوە دەجووڵا. ڕەحمان چای ڕژاندبووە نێو ژێر پیاڵەوە، فووی لێ دەکرد و قومی لێ دەدا لە شوانەی پرسی:

– ئەی ڕێنە هیی کییە؟

– بۆچی دەپرسی؟

– هەروا.

– ڕانی حاجی حەمە فەرەجی چوار کلاوە و هاتووینەتە کەژماڵ.

– یانی توایت بیشیت تەک تەنها وەل ئەی ڕێنە هاتیتە.

– نەخێر جگە لە من سێ چوار تفەنگی دیش هەن ڕۆیشتوون بۆ ڕاو.

– تو بیشی تا دەم عەسر بڕەسمە بەردەڕەش؟

– ئەوە بەردەڕەشە بەردهاوێژێکە ئەگەر چاپک و بەقوول بیت بۆ چێشتەنگا دەگەی.

ڕەحمان هەستا بکەوێتە ڕێ، سەگەکان مڕیان لێ بردەوە. شوانە تێی خوڕین.. سەگەکان تۆزێک چوون بەولاوە و دوودڵی ڕاوەستان. خواحافیزی کرد و بەرەو بەردەڕەش. زۆر نەڕۆیشتبوو چوار سوار ڕووبەڕووی هاتن. کە نواڕییە سەروڕیش و جلوبەرگیاندا زانیی خەڵکی ئەودیون. سوارەکان ڕاوەستان یەکێکیان دەمانچەیەکی

چواردە خۆری کردبوو بەلاقەدیا ڕوو بەڕەحمان وتی:

– کوێنەریت و بۆ کوێ دەڕۆیت؟

– ڕێبوارم.

– ڕێبوار ناوی هەیە، دەشزانیت لە کوێنەوە هاتووە و بۆ کوێش دەڕوا.

– قەڵخانیم و وەکانی توو هاتمە چمە لای ئەوکە

– کێ دەڵێت ڕاست دەکەی؟

– ڕاست نەکەم چەوە دەستم تێت؟ ئەگەر باوەڕ نێکەی یەکی بخە تەکم تا لای ئەوکە.

– بۆچی من مواشیری ئەوکەم؟ ئەگەر دیت بڵێ با سەرێکم لێدات.

– بیشم کێ؟

– باسی منی بۆ بکە بۆخۆی دەزانێت.

خوار و ژوور دووبارە کەوتنە ڕێ، ڕەحمان ڕوو بەباکوور و سوارەکانیش بەرەو باشوور. هەشت مانگ تێپەڕیبوو بەسەرگرتنی ڕەحمان و باوکیدا. گێچەڵ و پیلان و بەرنامەی ساواک گەیشتبووە دامێنی بەردەڕەش لە پڕ کابرایەکی چەکدار لە پشتی تاشێکەوە تێی خوڕی:

– کورە کوشیایت.. وە ئەلی یەک پاتر بایتە نوا سەرت فڕدەم.

– خاڵۆ ئەڕا کوشیتەم، مەگەر خوین هاوەلام؟ خاس ئەوینی دەست خاڵی خاڵی بەو بوەرەم.

– وە کورە بوەمەت؟

– ئەی حەمکە ڕا هاتمە و وەی بندەستە توای بکوشیتەم. بەوە خوار

بوەرەمە لای ئەوکە. من قەوم و خویش ئەوکەم. کابرا بڕێک هێمنتر بوویەوە بەڵام نەڕاندی:

- هاتمە خوار وەسەی براکە جووڵە بکەی، نەفەست بڕم نەیشی نەوت؟

کابرا هەروا لوولەی کلاشینکۆفەکەی کردبووە ڕەحمان تاوێک سەیری بەرپای دەکرد و تاوێک سەیری ڕەحمان شەش حەوت گەزی شا لێی نزیک بوویەوە و وتی:

- فەرەنجییەکەت بکەنە تا بزانم تفەنگ و دەمانچە وەپیت نییە.

بەدەم فەرەنجی داکەندنەوە دەیوت تفەنگ مەگەر قەڵەمبڕە بشارمەوە خاڵۆ بەو بوەرەم لای ئەوکە، ئەدا و ئەتوار دەرنەیار.

کابرا هەر لێی نزیک نەدەبوویەوە ئەو شەش حەوت گەزەی کردبووە ئەندازەی نێوان و وتی:

- بکەفە سەر ئەی تووڵە ڕا منیش هاومە دواتەو. ڕەحمان دووبارە فەرەنجی کردەوە بەروو ڕوو بەئەشکەوتی بەردەڕەش کە بەناوەڕاستی بەردەڕەشەوە دەمەکەی ڕەش دەنوا تا سەردەکەوتن دەمی ئەشکەوت گەورەتر دەبوو. چەند زەلامێک لە دەمی ئەشکەوتدا ڕاوەستابوون بەوردی سەیری خوارەوەیان دەکرد، زۆریان نەمابوو بگەنە لای زەلامەکان. ڕەحمان ئەوکەی تیایاندا ناسییەوە یەک دوو گوریسێکیان مابوو بگەنە لای زەلامەکان شەلاڵی عەرەق هەناسەیان سوار ڕەحمان لە پێشەوە چەکداریش لە دواوە، ڕەحمان و ئەوکە بەیەک گەیشتن و دەست ماچایان کرد ئەوکە دەمانچەیەکی لە پەرەبەلوومی ڕووتی کردبووە بەرۆکدا دووربینێی لە ملدا بوو وتی:

- هەر وە دوور ناسیتمەوە، با هاوردیتەسەی یا واران؟

– بیلەم با بامە سەرخۆم نەفەسم دەرنێتێت. ئەوکە نەڕاندی:

– کەمی ئاو بارن با بخویتەو. ڕووی کردە یەکێک لە چەکدارەکانی و وتی:

– ئەخلە! یە چای ئەرامان دەم کە.

ئەوکە باوشکێکی دا و وتی:

– ئیرنگە بیشەرام.

– چە بیشم، شتێگ مەنییە تا بیشم. خانە بیتە و تەواو. تو ئادەم کوشیت و ئێمە خەنە پای دار. هەرچی داشتیم چو. فکر نیەکەم یە جارتر باوکم وەچاو بوینم.

– تو فەقەت بیشە چ جوری وەزندان هاتیتە دەر؟

– نەهاتمەسە دەر فەرار کردمە؟

– مەگەر شەهر هرتە هەرکەس بتوات فەرار بکەت.

– کەی وتمە شار هرتە. من کە وەناو چوار دیوار نەویمە تا فەرار مەحاڵ وت. وە زندان قزل حەسار زندان فرە گەورەیەگە سوبحانە زندانیەل وەزندان دەرکەن بەنەیان ئەڕا بیل کاری و شوخم زەدەن و زەمین کاری جووت درەو ڕوژی چەند ماشین تێت و چت یونجە بار کەن سێ نەفەر بین، یەکیمان وەت:

– یەکساڵم مەنییە فەرار نیەکەم ئەو مەنی و من و ڕەفیقەکەم دەم ئاخر ماشین کەفتە ڕی وەناو بار یونجە خۆمان شاردەو لەولای شار کەرەج خۆمان وە ماشین فرِدا خوارەو. ئیرنە سێ ڕوژە هاومە ڕیێوە و تا گەیشتمەسە لات.

– ڕەحمان تو خوین گوشت منی. وەلی ئەی فەرار کردن توە فرە نیگرانم کردییە.

– خالۆ نیگرانی نیەتوات. من نەهاتمە ڕوزگار بگوزەرانم ئەگەر کومەکم کەیت حەق خۆم بسینم. خاسە، نیەکەیتەی منیش یە خوایی دیرم.

– توای چە بکەی؟

– چە بکەم؟ توام سەروان عەزیزی بکوشەم وە سەی براکە بال بگرەت و بچتە ئاسمان چمە نوایای. باتە ئاو و بچتە ناو زەوی دوینمەوەی.

– فکر نیەکەم کار ئاسانی بوود. عەزیزی بی بیست ژاندارم پا وە هیچ جا نیەخەت.

– دوایی ئەڕات باس کەم. تو فەقەت قەول بدە کومەکم کەیت بەقیەی کار وەسەر من.

– کومەکت کەم. کەمەی. وەلی فکر مەردوم نەکردیتە. کوشتن عەزیزی دەردەسەر فرەیەک وەنواوە دیرت. ئاخر فرە شت تر هەس تو نیەزانی.

– سەریگە هاوردمسەی و نیەمەوە دوا قەول کومەک دەی منم، وەئیلا چمە ڕیمەو.

– چتە ڕیتەو بچوو وەلی بیش وە کورە چیت؟

ڕەحمان دەستی بەرەو چیای شترکو و دالەهو درێژکرد و وتی:

– بنوڕ بنوڕ! یە عالەمە کو. تو وەماڵ هاتیتە دەر پشت و پەنا نەداشتی، داشتی؟ من هەم ئەو کارە کەم وا تووو کردیتەی.

– ڕەحمان بووڕەو.. دیارە دڵت فرە گەرمە. فیعلەن بمین با چەو و گوش بدریتە و ئەو دەم فکری کەین ئینجا دەستی بەبەرانبەری درێژ کرد و وتی:

– بنورِ ئەو بەرد چەرمگە دۆینی؟

ڕەحمان دەستێکی کردە سایەبانی چاوی وتی:

– ئا دوینمەی.

– بنورِ بزانە دەم لە لی یا نا؟

ئەوکە قۆناغی کلاشنکۆفی لە شانی گیرکرد و ڕۆیشتە قەرەوڵەوە دەنگ لە دەسیەوە هات بەردی چەرموو بەسەر لێواری تاشەوە کەوتە خوارەوە. یەک دوو کەس وتیان دەست خۆش.

## ١٢

دوو سێ جـــار ئارام دای لە دەر. فـــەلامـــەرز و سێ ئـەندازیاری دی سەریان لەسەر بۆردی نەخشەکەشی بەرزکردەوە.

نوشـینی سکرتێـری بەڕێوەبەری نووسـینگە بەعیـشـوەوە چەند تاڵ مـووی ڕەشی بـەردابووە سـەر ڕوومـەتیـدا نـەختـێک خـۆی لەخـشـاند و وتی:

– سـەعـاتێکی دی ئاغـای کـامـەران چاوەڕوانتـانـە کـۆبوونـەوەتان لەگەڵیا هەیە، جا تکایە بۆ هیچ کوێ مەڕۆن. ئەوەی وت و بەهەمان ناز و ئەداوە ڕۆیشـتە دەرەوە، ئەندازیارەکانیش دووبارە بەکاری خـۆیانەوە خەریک بوون.

یەکێک لە ئەندازیاران ڕوو بەفەلامەرز وتی:

– تۆ لە ڕیکۆردەکەوە نزیکتری دەکرێت تۆزێک دەنگی بوڵەنتر کەی، زۆرم حـەز لەو گـۆرانیـیـەیە. فـەلامـەرز هەروا بەکـارەوە خـەریک بوو دەستی برد و دەنگی ڕیکۆردی بەرزکردەوە.. دەنگی "دیمیس ڕوسوس" " هوڵەکەی پڕ کرد. فەلامەرز یەک دوو کـۆکەی لەسـەر یەکـەی کرد و وتی:

– لـەوە دەڕوا بەدەردی خـــوایی نـامـــرین، بەڵام دووکـــەڵی پـایپی موهەندیس فـولادی دەمانکوژێت. بنوارە چۆن ئـەم هۆڵەی قانگ داوە. بەزەییت بەخـۆتا نـایەتەوە ئێـمـە چی؟ مـەگـەر دەتەوێ ڕێوی لـە کـون وەدەربهێنیت؟

– سەختی لێ مەنوە. یانی جەنابت دەفەرمووێ دەست لە دووکەڵ هەڵگرم؟

– نەخێر وام نەوتووە. دەنوارِی تەواوی سەر و جلوبەرگمان بۆنی دووکەڵی لێ دێت.

– لەم ژوورەدا هەر جەنابت جگەرە ناکێشیت. ئێمە هەموومان جگەرەکێشین، ئەوەندەش جیکە جیک مەکە.

– نەختێک لەسەر خۆت. من هیچم نەوتووە تا تۆ وەڵامی وام دەیتەوە.

– ببوورە جەناب ئاغای ئینتیزامی. ئومێدەوارم فێری ئەتەکیت و ئەدەبمان بکەی. ئینجا لە ژێر لێوەوە وتی:

– بێ قیمەت.

– دیارە هاتوویتەتە وەرِین. ئەگەر تۆزێک ئەدەب و ئەتەکێتت بزانیبا وشەی جیکە جیکت بەکار نەدەبرد. ئەو دوو کەسەکەی دی سەریان لەسەر نەخشەکێشان هەڵگرت و یەکێکیان وتی:

– پێم وا نییە پێویستی بەم جورە قسانە بێت، ئێمە لای خۆی رِەفیق و هاورِێی یەکترین.

کابرای پایپ کێش سوور هەڵگەرِابوو بەتوورِەبوونەوە پەنجەی شایەتمانی بەهەرِەشەوە رِوو بەفەلامەرز یەک دوو جار رِاوەشاند و وتی:

– من قەت نابم بەهاورِێی کوردە لادێییێکی بێ ئەدەب و بێ سەروپای وا.

فەلامەرز تا ئەو حەلە هەر بەدەم خەت کێشانەوە وەڵامی موهەندس

فولادی دەدایەوە. ڕاپیتەکەی تووڕ دا و بە تووڕەبوونەوە وتی:

– تا بەئەمــرۆ نەمــدەزانی ئەوەندە یابوو و پەت بڕیت تۆ شــایانی ئەوەی ئەدەب کرێیت. فولادی قیڕاندی:

– دەی.. فەرموو.. ئەمە گورز و ئەویشە مەیدان فەرموو بزانم چیت پێدەکرێ؟

تۆزە تۆزە شــەڕە قــســە خــەریک دەبوو بگاتە دەست و مــشت دوو هاوڕێیەکەی دی هەریەکەیان چوونە لای یەکێکیانەوە. فولادی دەستی بەخۆ ڕاوەشان کردبوو. کابرای دی گرتبووی. خۆی ڕادەوەشاند و دەیوت:

– لێی گەڕێن بابزانم ئەم کوردە بێ سەروپایە دەیەوێ چی بڵێت، تەواوی ژیانی لە ناو دووکەڵی پشکەڵ و سەنیرو تەرس بردووەتە سەر کەچی لە دووکەڵی پاپیی من نارەحەتە.

فەلامەرزیش دەیوت:

– ئەو مەیموونە بەردەن با نەختێک سەنیر و تەرسی لای ئێمەی بگرمە ڕوو تا بزانێت کوردە لادێیی دەزانێت چۆن چۆنین میرازی بێ ئەدەبان دەگرێت، بەری دەن.

یەک دوو کەسی تریش لە ژوورەکانی ترەوە هاتن.

فەلامەرز دانیشتەوە سەر "ستول"ەکەی فولادیش لە خۆ ڕاوەشان کەوتبوو. بەڵام هەر بۆڵەی دەهات. فەلامەرز وەڵامی نەدەدایەوە. وردە وردە هۆڵ بێ دەنگ بوویەوە یەکێک لە ئەندازیاران هەستاو پەنجەرەکەی کردەوە.

فەلامەرز پەشتا نەبووبووە ئەندازیار ساڵێکی مابوو، ئەوانی تر

هەریەکە سێ چوار ساڵێک بەسەرکارکردنیانا تێپەڕ بوو بوو لە مێژدا ساردییەک لە نێوان فولادی و فەلامەرزدا ڕووی دابوو. باوەک فولادی لە کاروباردا چوار پێنج ساڵێک لە فەلامەرز بەئەزموونتر بوو، بەڵام خەت و ختووتەکانی هیچ جۆرە ڕوح و زەرافەتی تیا نەدەبینرا بەپێچەوانەی ئەوانەوە فەلامەرز پەیوەستە دەکۆشا کارێک نیشان بدا هی خۆی بێت و لە لاساییکردنەوە دوور بێت. هەمیشە موهەندیس کامەران لە کۆبوونەوەکاندا دەیوت:

– شێوەی کاری فەلامەرزم لا پەسەندە. زۆر باوەڕی بەخۆی هەیە. لەوەی دڵنیام بانە ڕۆژێکی درەخشان چاوەڕوانیەتی. ئەو ستایشانە هۆی کینەیەکی دەروونی لە ناخی فولادیدا شاکامی پێ بردن. سکرتێرەکەی موهەندیس کامەران دیسان هاتە ژوور و وتی:

– ئاغاگەل فەرموون بۆ لای بەڕێوەبەر.

ژووری بەڕێوەبەر کەوتبووە نهۆمی دووهەمەوە. دەینواڕییە شەقامی بلواری ئەلیزابت لە ژوورەکەیەوە تاقگەی گۆڕەپانی وەلیعەهدی تیا دەبینرا کە چوونە ژوورەوە موهندیس کامەران پشت بەدەر ڕوو بەشەقام دەینواڕی، سێ وێنە لە ژوورەکەیدا هەڵواسرابوو، شا ناوەڕاست و فەرح چەپ و وەلیعەهدیش لە لای ڕاستی شاوە یەکێ لە سیمفۆنییەکانی بتهۆفن ئارام دەهاتە گوێ. شیک پۆشی موهەندیس کامەران دەماودەم لە تاران بیسترابوو ڕەنگی سەیرسەیری لەبەردەکرد. لە گفتوگۆ هونەرییەکانی نێو گۆڤارە هونەرییەکاندا زۆرجار وتووبووی:

– ڕەنگی ڕەشی بەلاوە فرە پەسەند و ئازیزە. کە لای کردە لای ئەندازیارەکانەوە پایپێکی بەدەمەوە بوو بەدەستێکی سەڵگەکەی

دەوشـارد و بەو دەسـتـەکەی ئامـاژەی کـرد کە دانیـشن. ژوورەکەی پڕ بوو لە تابـلۆی جـۆراوجـۆر پەیکەری گـەورە و بچـووکی هونەرمـەندانی ئێران و بیانی چوو بەلای گرامـەکەوە و مۆسـیـقاکەی بێ دەنگ کـرد و پایپـەکـەشی دانـا و دووڵەپی بەیەکدا خشـاند و جریوەی ئەنگوشـتـەرە ئەڵماسەکەی دای لەسەر یەکێک لە تابلۆکان ئینجا وتی:

– قـاوە دەخـۆنـەوە یان چا، یا هـیچ کـامـیـان و هـەڵی گـرین بۆ دوای باسەکەمان؟

فولادی وەڵامی دایەوە:

– لە دواییدا لەزەت بەخشترە

– منیش هـەروای بەباش دەزانم. ئـەملاولا لە نـاڕۆم و دێمە سـەر کـار و بەرنامەی ئەمجارەمان. وەک دەزانن خـزم و خوێشێکم لەگەڵ شـاژندا هەیە دوێشـەو لە خـزمـەتیـدا بووم ڕایگەیاند کـە عـەلاحـەزرەت بڕیاری داوە کـۆشکێک لە سـاحـیـبـقـرانیـەدا بۆ وەلیـعـەهد بسـازێنێت. ئەم نووسـینگەیە یەکـەمین نـووسینگەیە پێی ڕاگەیەنراوە. بێ گـومـان هـەر ئێمـە نابین و چەندین نـووسـینگەی تری بەدەسـەڵات وەکـو ئەفـخـەمی و ئەعلەم چوزانم هـی دیش بەشدار دەبن؛ بەڵام ئەوەی دەیزانم ئەم کـارە لەوە دەڕوا هـی مـن بێت. ئەگـەر ئێـوە و من نەخـتـێک خـۆمـانـی پێـوە خـەریک کـەین دەمـەوێ ئەوە بزانن زۆر لە زرتە زەلامـی دەسـەڵاتداریش بەتـەمـای ئەم کـارەیە و ڕەفـتـاری نـامـەردانـەش زۆر بەکـار دەبـەن بۆ بەدەست هـێنانی و ڕەنگە سـەدان داویش بنـەنەوە. ئەم پرۆژەیە خـودی شـا ڕای لەسـەر دەدا. بەناچار ئەم جـارە شـێـوەیەک بـەکـار دەبەم تا بەئیـستـا لـەم نووسـینگەدا نەمکردووە دەمـەوێت ڕابگەیەنم کـە لە نێـو خـۆمانا ئەو پرۆژەیە دەکـەینە مـوسابەقـە بۆخـۆمیش بەشـدار دەبم یانی

بەمنەوە دەبینە پێنج کەس نەخشەی هەرکامیان پەسەند کرا ئەوەیان دەبەمە دەربار و بەعەرزی دەگەیەنم. جا وا نەخشەی زەوییەکەم هێناوە و ئەوی نیازی دەربار و داپێویستەکانی نەخشەکێشانی کۆشکێکی سەڵتەنەتە ئەویشم هاوڕای ئەندازەی زەوییەکە کردووە. لە بیرتان نەچێت ئەم پرۆژەیە مەرجێکی تیادایە بەلای شابانووەوە زۆر گرنگە یانی لە هەمان کاتدا کە نەخشە و قەد و قامەتی مودێرنانە و ئەمڕۆیە، دەبێ بۆن و هەناسەی یەکێک لە شێوەکانی میعماریی ئێرانیی تیادا بێت، سا هی چ دەورە و چەرخێک بێت قەیناکە گرنگ ئەوەیە لە مێژووی میعماریی ئێرانەوە دوورنەکەوینەوە.. بەچی شێوەیەک دەست بەکار دەبی ئازادی. هەرچی بەکار دەبەی. ئازادی. با ئەویشەتان پێ ڕاگەیەنم دەبێ نەخشەکانمان لە چەندین لاوە "سکێچ"ی ڕەنگیشی لەگەلا بێت و دووسێ "پرسپکتو"ی ڕەنگاو ڕەنگیش هاوڕا بێت چاکترە. یانی دەمەوێ ئەوە بڵێم کە دیکراسیۆنی ناوی کۆشکەکەش بەشێوەیەک کە خۆتان پێتان باشە بخرێتە بەرچاو. هی هەرکامان لە هەمووان چاکتر هاتە چاو دەکرێتە "ماکێت"و دەبرێتە بەردەستی شاهەنشا.

موهەندیس کامەران چەندین فایلی ڕەنگاوڕەنگی لەبەر دەستدابوو، هەر یەکەی بەیەکێک لە ئەندازیاریانیدا و وتی:

– چاوێکی پیا بگێڕن، گەر پرسیارێکتان بۆ بێتە پێش دەتوانن بپرسن.. ئینجا دەستی بەزەنگ دانا و قاوەچی هاتە ژوورەوە. وتی:

– قاوەمان بۆ بێنە. تەلیفۆن زرنگایەوە، ئەفسانە ناوێک لە پاریسەوە قسەی دەکرد، دیاربوو چاوەڕوانی ئەوە بووە کامەران خان بڕوا بۆ سەردانی و لە جەژنی لەدایکبوونیدا بەشدار بێت بۆیە وتی:

– ئەفسانە گیان! خوا شایەتە ئەوەندەی کەژی ئەلبورز بەتاسۆتم. بەڵام کاروبارێکی گەلێک گرنگم بۆ هاتووەتە پێش. کاتی سەر خوراندنیشم بۆ نییە. کامەران تۆزێک ڕاوەستا و ئینجا وتی:

– گرفتاری کارە، هیچی خراو ڕووی نەداوە. دڵنیا بە حەیف کە ناتوانم بێم وا نەبوا تا دووسێ ڕۆژی دی دەگەیشتمە خزمەتتان. دیسانەوە تەلیفۆنت بۆ دەکەمەوە. تۆزێک بێ دەنگ بوو ئینجا وتی:

– داوایەکم هەیە بەڵێن دەدەی بیکەی؟

لەوە دەڕوا ئەفسانە خانم وتبووی سەرچاوان، بۆیە وتی:

– ئاوینەت لاوە نزیکە؟

وادیاربوو وتوبووی. لە بندەستیدام.

بۆیە کامەران خان وتی:

– لە باتی مندا دەم و لێوی خۆتم بۆ ماچکە. دیاربوو بەم قسەیە پێدەکەنی بۆیە ئەمیش قاقا پێدەکەنی و بەدەم پێکەنینەوە وتی:

– بەئومێدی دیدار و سەد ساڵ بەم ساڵانە و تەلیفۆنەکەی داخست. ئەندازیارەکان لە خوێندنەوەی فایلەکە بووبوونەوە و چاوەڕوانی تەواوبوونی دڵداری موهەندیس کامەران بوون.

کە لای کردە لای مەهندیسەکانەوە. لە پێش هەمووانا وەک هەمیشە ئاغا لە فولادی پرسی:

– کات چی؟ لەم پڕوشورەدا هیچی دەربارەی کات و زەمان نەنووسیوە.

تۆ کارت بەکاری وەختی سەر پڕوشورەکەوە نەبێت ئێمە لە نێو خۆمانا لە سبەینێوە بیست ڕۆژمان بەدەستەوەیە یەکێکی دی لە موهەندیسەکان وتی:

– وەک فەرمووت هەر دەورەیەکی میعماری هەتاوەکو هی سەردەمی هەخمنشیانیش؟

– هەخامنشی، ئەشکانی، ساسانی، سەفەوی. چوزانم قاجاری هەرکامیان بەلاتەوە پەسەندە بیکە. نۆرە هاتە سەر فەلامەرز و وتی:

– وەک دەردەکەوێ ئەم کارە و شێوەکەش لەگەڵ تەواوی کاری ئەم نووسینگەدا جیاوازە بەرانبەرکییەکە دووانە. یەکێک لە نێو خۆمانا و دووهەمیان لە نێو نووسینگە بەشدارەکاندایە. جا من داوادەکەم بیست ڕۆژ مۆڵەتم بدەنێ و دەمەوێت ئەم کارە دوور لە نووسینگە ئەنجام بدەم. ئەگەر داواکەم قورس دێتە چاو با مورەخەسیەکم بێ پوول و پارە بێت.

کامەران قەڵەمێکی بەدەستەوە بوو یەک دووجار دای لە دندانی و وتی:

– مەیلی خۆتە. بەڵام بۆ لە ئاتیلیەی ئەیرا نەبێت؟

– وا هەست بەئازادی دەکەم. ڕەنگە بەو شێوە کاری باشترم پێ بکرێت.

کامەران ڕوو بەهەمووان:

– ئێوەش ئەگەر واتان پێباشە دەتوانن لە دەرەوەی نووسینگەوە دەست بەکار بن.؟

ئاغای فولادی بەزەردەخەنەوە وتی:

– ئاغای موهەندس! بۆچی ئێمە منداڵین و تازە فێری خەت و ختوت بووین و ئەوەندە باوەڕمان بەخۆمان نەبێت هەر کارێکمان پێ بسپێرن. ئازا بڕۆینەوە ماڵەوە؟ نە ئاغا من هەر بەسەر بۆردی خۆمەوە کاری

خۆم ئەنجام دەدەم و پێشم وایە برادەرانی دیش وەک من تێدەفکریەن.

ئاغـای مـوهـەندیس ئاوڕێکی لـە دوو کەسـەکەی تر دایەوە بێ دەنگ دیانی. هەسـتایە سـەر پا و ئەوانیش بەپاوە ڕاوەسـتان پەنجەی بۆیان درێژ کرد و وتی:

– لە سبەینییەوە حساوە. یانی لە سبەینییەوە بیست ڕۆژ بەرەو خـوار دەست پێدەکـا. تەوقەی لەگەڵ هەر چواریانا کـرد و لە ژووری بەڕێوەبەر وەدەرهاتن.

قـاقـای پڕ لـە گـاڵتـە و چەفـەنگی فـولادی لە پلەکـانەکەدا دەنگی دەدایەوە. فـولادی بەلای بەڕێوەبەرەوە پشـتی لە هەمووان قـایمـتر بوو کامـەران خان کەم و زۆر نازی دەکێشا و بڕێک شتی لێ قبوڵ دەکرد. مەستانە خانمی هاوسەری کە دەهات بۆ نووسینگە پێش ئەوەی چاوی بەفولادی مێردی کەوتبا یەکڕاست خۆی دەکرد بەژووری بەڕێوەبەردا. وا باو بوو مـەسـتـانە خـانم لە ڕێکخسـتنی کچ و ئافرەتاندا دەسـتێکی باڵای هـەیە و جـوانی و قـەد و هـەیکەلـەکـەش سـەرباقـی و لە کـۆڕ و کۆمـەڵ و پارتییە شەوانەکانی کامەراندا بەشدار دەبوو. فولادی پشت گـەرمـی مـەسـتـانە و هەرزە هەوەسـی کـامـەران بـڕێک لە خـۆی بایی کردبوو، لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– ئیـتر ڕەفتـاری ئـەم کوردە بێ تەربیـەتەم پێ قـووت نادرێتەوە کـاتی ئەوە هـاتووە لـە بن و بێخ کلکی هەڵکەنم و لەم نووسـینگە تووڕی دەمـە دەرەوە. ئەتۆ بڵێ هەتیـوە خـوێڕی یەشـتـا لە گـاوڵکیـە و گـڕوگـالای بەچیـتـەوە ئـەوەندە دەم هەراشی.. سـەبرم لێکە بزانە چۆن ڕسـوات دەکەم.

فەلامـەرز بەکۆکردنەوەی داپێویستـەکانیـیەوە خـەریک بـوو ئاغـای

فــەرەجی پـێش خـزمــەت هـاتە هانایـە و گـولْدانـی پڕ لە نێــرگـزی لە فــەلامــەرز وەرگـرت و کــەوتە دوای. پـای لە مــێـزی نـاوەڕاســتـی هـۆڵ هەڵکەوت گــولْدان و فـــەرەچی لە نـاوەڕاســتـی هـۆڵا بـەخش بـوونەوە. دووبـارە موهـەندیس فولادی دای لە قاقای پێکەنین.

# ١٣

نازانم سبەی دێی بڕۆین بۆ ئەو شانۆییبە؟

– سبەی؟ بوەستە بوەستە. ڕەنگە بتوانم؛ بەڵام دەربارەی چییە و کێ کارگێڕیەتی؟

– دەربارەی کشتوکاڵ لە کودتای سپیدا بەکارگێڕی شاهەنشا.

یاسەمین و فەلامەرز شان بەشان دەچوون بەڕێگەوە دەستی یاسەمینی وشارد و وتی:

– تێم گەیەنە، مەوزووع چییە؟

– سبەی سەعات پێنجی ئێوارە لە تالارە گەورەکەی زانکۆی میللیدا یاریدەدەری وەزیری کشتوکاڵ کۆڕێک دەگێڕێ دەربارەی چۆنیەتی پیادەکردنی دابەشکردنی زەویوزار لە ئێرانا.

– باشە بۆ زانکۆی میللی و ناو قوتابیان؟ لەوە دەڕوا باوەڕیان بەخۆیان نەبێت.

– مەبەستیان پڕوپاگندەیە و دەیانەوێت بزانن خەڵکەکە تا چ ڕادەیەک پڕۆگرامەکانیانی سەلماندووە؛ قوتابییانیش بەڕەگ و دەماری ڕاستەقینەی توێژەکانی میللەت ناسراوە. قەینا لە زانکۆی میللیدایە و سەرتاسەری قوتابییانی کچ و کوڕی خوا پێداوانی ئەم وڵاتەن.

– دەترسم لە پرۆژەی کۆشکەکەدا وەدواکەوم. بیست ڕۆژ بۆ ئاوا پرۆژەیەک زۆر نییە.

– دووسێ سەعاتێک هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.. مەگەر لەبیرت چووە وتم یارمەتیت دەدەم؟

– من برسیمە.. تۆ چی؟

– منیش. زەمانێکە چلەوکەبابم نەخواردووە.

– چاکت کرد خستتەوە بیرم. با بڕۆین بۆ چلەوکەبابی "یاس" لە هەموو لا پاکترە.

لە دەرگای سەرەکی زانکۆ هاتنە دەرەوە.. هەروا بەشەقامی شارەزادا دەچوون یاسەمین وتی:

– ئەمەیە ئاوجۆی سیروسیی بەناوبانگ تۆیش لە موریدانی ئەوی.

– خوا هەڵناگرێ ئاوجۆ ڕەشەکەی سەفابەخشە.

– لە ئاوجۆگەڕێ با بڕۆینە ئەو کتاوخانەوە؛ دەڵێن ئسماعیلی رائین کتاوێکی لە چەند بەرگدا دەربارەی ماسۆنییەکان دەرکردووە ئاوڕووی بۆ زۆر کەس نەهێلاوەتەوە دووقۆڵی چوونە کتاوخانەکەوە داوای هەمان کتاویان کرد کابرای کتاوفرۆش وەڵامی دانەوە کە بەدەم دەستییەوە نییە ئەگەر پێشەکییەکی بدەنێ سبەی بۆیان دێنێ..

لە کتاوخانە وەدەرهاتن لای ماشینێکدا ڕاوەستان فەلامەرز دەرگاکەی کردەوە سواربوون.

– ئەم ماشینەت تازە کڕیوە یا هی بابتە؟

– تازە کڕیومە. ئەوانەی دەرباری بن ناکرێت ماشینەکانیان شەق و شڕ بێت.

– وتت ئالەمتاجی خوشکم خەریکە شوو دەکا، کردی؟

– ئا کردی. لەگەڵ مێردەکەیدا ڕۆیشتوون بۆ پاریس بۆ مانگی هەنگوین.

فـــەلامـــەرز و یاســـەمـین لـە چلـوکـــەبابـی یـاس چوونـە ژوورەوە سـەرگارسون هاتە دەمیانەوە:

- چەند کەسن؟

- بەوانەی نێو گیرفانمانەوە حەوتین.

- قــوربان ویســـتم بزانم مـیــوانی ترتان پێـوە نانووسی، یا هـەر هـەردووکتانن.

- وەک دەبینی هـەر ئەم دووانەین.

- کە وایە فەرموونە سـەر ئەو مێزە.

هـەر کە دانیشتن یاسـەمین ئاوڕێکی لە دەوروبەری دایەوە و وتی:

- ئەم جێگە بـۆ ئێمـە نەشیاوە چاوت لە دانیشتوانیـەتی دەڵێی بۆ شـەونشینی هاتوون؟

- ڕەنگە بۆ تۆ نەشێت، بۆ من شیاوە و زۆرتریش.

یاسـەمین چاوی لێ زیت کردەوە.

- ئەوە نییە خەریکم دەبم بەدەرباری؟

- یەشتا برادەران وەڵامیان نەدایتەوە، ئەوەندە لە سـەرپای.

- دەی پیاو بەکلکەیەک حیز دەبێت.

- حیز دەبێ و زیادیش.. کلکەی پێ شوورەیی نەبێت هەموو شتێکی پێ دەکرێ.

- خـەریکی قسـەکانی هاوڕێ ئیرەج لـەبیر دەچێتـەوە. مەگـەر نەیوت بۆ قایەمکاری دەبێ تەواوی ڕفـتـار و کـردار و کـفـتـار و هـەتـاوکـو جل لەبەرکردنیشم بگۆڕم.. ئەوەنییە ماشینی تازەشم سەندووە.

- جا وا بێت دەبێ من و تۆیش بەپارێزەوە یەکتر ببینین.

– لە کاتی خۆیدا بیر لەوە دەکەینەوە.. دەنگ و باسی ژیلا چییە؟

– دوێنێ دیم ئەو هەواڵی ئەم کوڕەی پێگەیاندم. ڕەنگە پێش ئێمە لەوێ بێت..

– تۆ دەزانی من هیـــــــچی دەربارە نازانم. لەوە زیاتر لە کولێژەکەماندایە و لە ڕشتەی موسیقایە.

– لەوە زیاترت بۆ چییە. خۆ نانێریتە داوای؟

– لام خۆشە شتێک دەربارەی ژیانی بزانم. هەر نەبێت هاوڕێی تۆیە.. لام خۆش بێت یا نا جارەوبار دەیبینم.

– هاوڕێمە.. هاوڕێمە.. منیش هەر لە کۆلێژدا ناسیومە خەڵکی شیرازە، بابی پێم وایە بازاڕییەو لە کاروباری ئازووقە و شتی وادایە. دایکی ڕەگێکی "گورجی" تیادایە وەک خۆی دەڵێت:

– زۆرم لەسەر بێت دەگەڕێمەوە لای خاڵوانم بۆ گورجستان.. لێی بپرسی نەنکت چۆن گەیشتووەتە ئێران نازانێت. هەر کاتێک بمانەوێ سەربەسەری خەین و تووڕەی کەین پێی دەڵێین:

– نەنکت لە شەڕەکانی ئاغا محەمەد خانی قاجاردا لەو قۆڵەوە بەدیل گیراوە و دەست بەدەست کراوە، ڕەنگە لە بیست جار زۆرتر سیغە کرایە تا گەیشتوەتە باپیرە گەورەت.

– باشە لەیرا لەگەڵ کێدا دەژی؟

– باوکی ئەپارتمانێکی بۆ گرتووە لەگەڵ کچێکی پوورزایدا دەژی ئەویش وەک ئەو قوتابییە و مانگی دەپانزە ڕۆژێک دایکیش بەلایەوە دەمێنێتەوە. لە زانکۆیشدا پەیوەندی لەگەڵ قوتابییەکی کۆلێژی پزشکیدا هەیە بەناوی میهران هەمی ترت دەوێ؟

– مەبەستم تەنها قایمکارییە و بەس. چەلوکەبابەکەت بەدڵ بوو؟

– ئەم دەوڵەمـەندە نامـەردانـە دەزانن چی دەخـۆن و هـەرچی کـون و قوژبنی چاکی ئەم وڵاتە هەیە دەستـیان بەسـەردا گرتـووە. هەتاوەکو چەلوکەبابی نایابیش.

– بڕۆین؟

– ئامادەم.

کە هاتنە دەرەوە سەرگارسونەکـە دووسێ کارتی ڕستـورانی دایە فـەلامـەرز و بەدەمـیش وتی لە جـەژن و بـەرنامـەکـانیـشـدا ئـامـادەی پەزیرایین.

ڕوو بەزانکۆی مـیللی سـەرەوژوور بوونەوە. سـەعـاتێکی مـابوو بۆ دەست پێکردنی کۆڕ. بەچاکیان زانی لە کافەتریادا لەنگەری لێ خـەن و ئەو سـەعـاتە بووەنە سـەر. کـافـەتریا لـە خـەڵکدا جـمـەی دەهات لە قـوتـابیـیـانی نازپەروەرانی سـەرتاسـەری ئێـران مـانگی جـارێک ئاهەنگێکی شـەوانەیان دەگێڕا هیچ دیسکۆیەکی شارەکانی ئەورووپای پێ ڕانەگەیشت ململانێکی ئاشکەرا و شاراوەی لە نێوان قـوتابییـانی زانکۆی مـیللـیدا لە جلوبەرگی مـارکەداری گـرانقـیـمەت و مـاشـێنی ئاخرین مۆدێل و شەونشینی شـەوانە. لە سـەرتاسـەری زانکۆدا وەدی دەکرا.. قـوتابیی کۆلیژەکانی نێـو شـار بۆ گاڵتـە دەیانوت با بڕۆین بۆ کابارەی زانکۆی میللی دە دوانـزە دەقیقەیەکی مابوو بۆ دەستپێکردنی کـۆڕ بـەرەو تالاری کـۆڕ وەڕێ کـەوتن. لە نـاوەڕاسـتی تـالاردا ژیلایان وەدی کـرد دەسـتی بۆ ڕادەوەشـاندن، بـەرەو لای ڕۆیشتن و بـەلایەوە دانیـشتن.. وردە وردە خـەڵک کـۆ دەبوونەوە. لەمـلاولاشـەوە هاتبـوون. بڕێک لە پێـشـەوە گـەورە مـەئابانە پایان لەسـەر پا دانـابوو لەسـەر

شانۆی کە لە پارچەیەکی پیرۆزەیی بەخەتێکی گەورە نووسرابوو: خوا، شا، وڵات.

لە ژێریەوە نووسرابوو: بۆ پێشەوە بەرەو کشتوکاڵێکی مودێرنیتر و.. ڕۆژگارێکی باشتر.

ناوباوی تالاری زانکۆی میللی لە گۆڤار و ڕۆژنامە نییە و لە ناو خەڵکدا وەک شتێکی دیاردە پەنجەی بۆ ڕادەکێشراو زۆر کەس دەکۆشا لەوێڕا بڕواتە سەر شانۆ و کاروباری بخاتە پێش چاوی خەڵکی. زۆربەی کاربەدەستە گەورەکانی دەوڵەت لەوێڕا کۆڕیان دەگرت یا کەسە ناسراوەکانی بواری ڕۆشنبیری و زانستی و هونەری، کۆڕگرتن لەو تالارەدا بەدەستکەوت دەزانی جارەوبار نۆرە دەهاتە سەر پرۆفیسۆر هشتدەوریان و ئەخوانی ثالث و ئەحمەدی شاملو و خانلەرییش.

کۆڕ دەستی پێکردبوو. کۆڕگێڕەکە کەوتە ناساندنی یاریدەدەری وەزیر کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە ڕشتەی کشتوکالا لە زانکۆی میشیگانی ئەمریکا. تا بەئەمرۆ حەوت کتاوی دەربارەی کشتوکاڵ و گیروگرفتی کشتوکاڵ لەچاپ داوە. کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان شیکردنەوەی چۆنیەتی گیروگرفتی کشتوکاڵ و زیندەگی جوتیارانە.. ئەم باسە بەندێکە لە بەندەکانی کودتای سپی کە بەڕابەری شاهەنشا ئاریامیهر ئەنجام دەدرێ و دەڕوا بەرێوەوە فەرموون ئەمە د. جەمشیدی و ئەوەش ئێوە.

مێزێکی درێژ لە چەقی شانۆدا دانرابوو ڕووکەشێکی نارنجی درابوو بەسەردا دەستەیەک گوڵی ڕەنگاوڕەنگ لە ناوەڕاستیدا بەوردەکارییەوە بەخش کرابوویەوە. د. جەمشیدی مژێکی لە لێوانە

ئاوەکە دا و پلێتوکیەکیش لە سەلگی میکرۆفۆنەکەی بەر دەستی و وتی:

– بەختەوەرم ئەم هەموو خەڵکە لەم تالارەدا بەرانبەر خۆ دەبینم. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت یەکەم یەشتا ئەم وڵاتە هاتیەتی و منیش بەختم لە گەشەدایە ئەگەر خاوەنی ئاوا شانس و بۆهاتێک نەبووما نەدەگەیشتمە خزمەتی ئەم هەموو ئازیزە.

دوور نارۆم ڕاستەوخۆ دەڕۆمە نێو باسەکەمەوە، ئەگەر بەوردی بنوارینە مێژووی ئەم وڵاتەدا بەچاکی دەردەکەوێ کشتوکاڵ بەکاروکردەوەیەکی ئاینی ژمێراوە لە ئاویستادا وتراوە "ئەوی گەنم دەوەشێنێت ئایینیی مزدیسنا بتەو و ڕاستیی بڵاودەکاتەوە". دیسانەوە لە سرووودی ویندیداتا زەردەشت لە پەروەردەگار دەپرسێت:

– ئەو کەسە کێیە خاک و خۆڵ شاد و بەختەوەر دەکا؟ ئاهورامزدا وەڵامی دەداتەوە:

– ئەو کەسەیە وا زەوی بێ ئاو ئاویاری دەکا و گووم و گەنکاو وشک دەکاتەوە و دەیکێڵێت.

دەبینن لەم وڵاتەدا چەندە وتەی پرشنگداری تیادایە و لە مێژەوە بۆمان ماوەتەوە. مێژووی ئێمە پڕە لە ستایشی کاروکردەوەی پەسەند بۆ بووژانەوەی مرۆڤ و فەرهەنگی خەڵکی. هیرودوت دەربارەی هێرشەکەی خشایارشا بۆ سەر وڵاتی یۆنان لە کاتیکدا بەوڵاتی "لیدی"دا دەگوزەرێت چاوی بەدرەختێکی چناری بەرز و بوڵەند و ئەستوور دەکەوێ سەوز و سەرحاڵ با دەیشەکێنێتەوە فەرمان دەدا تەواوی چڵ و لق پەل و پۆی هەیە بیگرنە زەڕ و زێوەوە. چەندین چەکداریشی بۆ دەکاتە پاسەوان لەم ڕووەوە "هێل" شاعیری بەناوبانگی ئەڵمانی پارچە هەڵبەستێکی نووسیوە و "هندل"

ئاهـەنگسـازی بلیـمـەت ئەو هـەڵبـەسـتـە دەکـاتـە هـەوێنی ئۆپـێـرا بەناوبانگەکەی بەناوی "خشـایارشـا" . ئەمڕۆ ئەو ئاهـەنگە بەیەکێک لە ئاهـەنگە بەناوبانگەکانی ڕۆژئاوا دەناسرێت.

سەیر دەکەن مێژووی ئەم وڵاتە چ خەرمانێکی پڕ پیت و بەرەکەتی پڕ لە زیندەگانییە؟

گزنفون کە لەگەڵ دە هەزار چەکدارەکەیدا بەکوردستانا گەڕایەوە بۆ یۆنان لـە کـتـاوی "ئیکونومیک"دا وتەیەکی سـوکـرات دەگـێـڕێتـەوە و دەڵێت: شـاکـانی ئێـران جـارەوبـار بەسـەرزەوی ژێر دەسـەڵاتیـاندا دەکـەوتنە گـەشت و گـوزار ئـەگـەر والیـیـەک لە والیـیـەکـانی بدیبـا بەکشتوکاڵ و درەختکارییەوە خۆی ماندوو کردووە پاداشێکی زۆری دەدایە و چەند ناوچەیەکی دی دەخـسـتـە ژێر دەسـەڵاتیـیـەوە، وە بەپێچەوانەشەوە سزای دەدا. ئەو کەسانەی لە عاستی سەوزەڵانی و درەخت کاری و کشتوکاڵ پاداشتیان وەردەگرت بەناوچەکەیان دەوت "پردیس". جا لەیرەدا دەمەوێت پەنجە بۆ شاکانی تری قووڵایی مێژوو درێژکـەم کـە چەندە شـانازییـان بە لە ڕیشـوهـێنانی دارودرەخت و سەوزەڵانی وڵاتی دوژمنانیانەوە کردووە.

هەروەها "پولبپ"ی مێژوونووسی یۆنانی دەڵێت:

لە سەردەمی ماد و هەخامنشیدا ئەوانەی کارێزیان هەڵدەکەند و زەویوزاریان پێ ئاوەدان دەکردەوە شای وەخت ئەو زەویوزارە تا پێنج پشتی ببێت بەموڵکی. بەم جۆرە بۆمـان دەردەکـەوێ کـشـتـوکـاڵ و درەختکاری و ئاژەڵ داری بەئەرکێکی ئایینی و نەتەوایەتی زانراون و مایەی ڕەزامەندیی ئاهورامزدا بووە. بۆیە تەواوی میللەتی ئێران لە مێژەوە دابەش کراونەتە سەر سێ چینا: "پیاوە ئایینییەکان، سوپا،

جوتیاران". لە سەردەمی ساسانییەکان چینێکی تازە پێگەیشت بەناوی چینی نووسەران. لە مێژیشدا چینی جوتیاران بەدوو بەش ژمێراون خاوەن موڵک و جوتیارانی زەویوزار. هیچ جۆرە تێکەڵاوێک لە نێوان ئەو دوو چینەدا بەدرێژی زەمان پێک نەهاتووە، بەڵکو خاوەن موڵک وەک کۆیلەیەک نواڕیویەتە چینی جوتیارا و بەکۆیلەی زەوی ژمێراون، لە سەردەمی ئەشکانییەکانا دەسەڵاتداران تا بیانتوانیا زەویوزاریان داگیر دەکرد و بەناوی خۆیانەوە تۆماریان دەکرد و بێ دەربەست لە مافی ئینسانی و ئابووری کرێکارانی زەویوزار. ئەو جۆرە ژیانە هەروا لە سەردەمی ئەشکانیدا بەردەوام بوو تا دەسەڵات کەوتە دەستی ساسانی و وەک دەزانن هێز و توانای دەسەڵاتییان لە خاکی ئێرانیش ڕۆیشتە دەرەوە. لەو سەردەمەدا یاسایان گۆڕی، دەمێک بەسوودی دەرەبەگەکان و دەمێکیش لە سوودی جوتیاران. سەرئەنجام یاسایان بەسوودی دەرەبەگەکان چەسپاند و ئەو گۆڕانکارییە بوو بەهۆیەکی گەورەی دەسەڵاتی ساسانی. دانیشتوانی ئازیز! داوای لێبووردنتان لێ دەکەم.

باسەکەی من باسی مێژووی کشتوکاڵ و چاکردنەوەی سیستمی کشتوکاڵە. گەرچی سەرتان دێشێنم بەڵام ناچارم..

دەڵێن: بەهرام شای ساسانی زۆر لە زەویوزار وڵات دەبەخشێتە دەربارەییەکان و دەست پا و چاوساقانی.. ئەوەندە ڕفتاری دڕندانە و ناپەسەندانە لەگەڵ جوتیارەکانا بەکار دەبەن بەناچاری زەویوزار و دێهاتەکانیان بەجێ دێڵن و سەری خۆیان هەڵدەگرن. یەکێک لە "موبەد"ەکان لە گەشتێکدا لە خزمەتی شادا دەبێت، دەیەوێ چۆنیەتی کۆچی جوتیاران بەعەرزی شا بگەیەنێت، بەڵام دوودڵ بەدوای

دەگەڕێت.. تا گوێی لە دەنگی دوو کونەبوو دەبێت ڕوو بەشا دەڵێت:

– ئەی شا دەزانی ئەو دوو کونەبووە چی دەڵێن؟

شا دەڵێن:

– چی دەڵێن؟

دەڵێن:

– نێرەکە بە مێکە دەڵێت مەترسە و نیگران مەبە وەزعی وڵات وا بڕوات نەک کەلاوەیەک بەڵکو سەدانت بەشیربایی دەدەمێ.

بە دوای ئەودا بارام شا تەواوی زەویوزارەکان دەگێڕێتەوە بۆ جوتیاران.

هەروا دەگێڕنەوە پەیامبەر سەلاوی خوای لێ بێت بەدەستی خۆی چەندین چالاوی کەندووە و بۆیسانی پێدروست کردووە حەزرەتی عەلی بیست و پێنج ساڵ کارێزی کەند و دارخورمای نا.

لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسیدا دەسەڵاتداران بەزۆریی سەرەنێزە و چەپاو داگیرکردن بوونە خاوەنی جێگە و شوێن و زەویوزاری بەربڵاو. لە سەردەمی مەغولەکانا ئەمیر چوپان و ڕەشیدەدین ناوێک – کە مێژوونووسی مەغولیان بووە – بوون بەخاوەنی نیوەی ڕاستی ئێران و کوردوستان. لەم ڕووەوە دوو مێژوونووسی ئیسلام یاقوتی حەمەوی و حەمەدولای مستەوفی دەڵێن : لە ناوچەی هەمەدان و کرماشانا کە بەدوا ناوچەی پڕ لە ئاو و شینایی ژمێراون شەش سەد و شەست ئاوایی پڕ لە دار و درختی تیادابوو ئەوڕۆکە بووە بەدووسەد و دوانزە. لە ئەسفەهاندا چوارسەد و پەنجا و یەک ئاوایی سەرزەوزی تێادا بووە ئەمڕۆکە بووە بەپەنجا لە ناوچەی "بەیهەق"دا سێسەد و پەنجا ئاوایی هاتوەتە سەر چل دێ، لە ناوچەی "جوین"دا لە

سەدوهەشتا دێوە هاتوەتە سەر بیست و نۆ، لە نەیشاپورا تاکە دێیەکی ئاوەدان بەدی ناکرێت. هۆی ئەو هەموو ماڵوێرانییە دەگەڕێتەوە بۆ زوڵم و زۆریی دەرەبەگەکان.

ئێمە وا لە دوا بەشی سەدەی بیستەمداین شاهەنشا بڕیاری داوە یاسای دەربەگایەتی لە ڕیشوو وەدەربهێنێت.

بڕێک لە دانیشتووان دایان لە چەپڵە، یاسای دەربەگایەتی دوورە لە مرۆڤایەتییەوە، دوورە لە ژیانی سەردەمانەوە، بەهۆی سەرەکی دواکەوتنی کشتوکاڵ ناسراوە، ئەو یاسایە مایەی ڕسواییەکی وژدانییە.. ئەوانەی وا زۆربەی زۆری زەویوزاری ئێرانیان بەدەستەوەیە، ژمارەیان لە سەد کەس زیاتر نییە ئەو سەد کەسە بەهیچ جۆرێک ئاگاداری چۆنیەتی زەویوزار نین تەواوی کاروباریان سپاردووەتە مواشیرەکانیان بۆ خۆیان یا لە پایتەخدان یا لە دەرەوەی وڵاتدا دەژین.. دەڵێن "ڕیشیلو" جوتیاری ناونابوو هێستری بارکێشی وڵات. دەرەبەگەکانی ئەم وڵاتەش یەشتا چینی جوتیار بەهێستری خۆیان دەزانن.. ئایا ئاوا تێفکرینێک لەگەڵ ژیانی سەردەمدا دەگونجێت؟

دووبارە درا لە چەپڵە.

نەشیاوە زەحمەتکێشترین چین برسی ژەمێک نان بن؟ یەکێک لە دانیشتووان هەڵسایە سەر پا و نەڕاندی:

– دەبا بڕووخێت یاسای بۆگەنی دەرەبەگایەتی.. دووبارە درا لە چەپڵە.

شا دەیەوێت یاسای بۆگەنی دەرەبەگایەتی لەم وڵاتەدا بۆ هەمیشە لەناو با. ئاوا بەرنامەیەک بووە بەهۆی نیگەرانیی نۆکەرانی سوور و

ڕەش. وا لەیراو لەوێ جـــووڵانەوەیان دەست پێکردووە پڕوپاگندەی جۆراوجۆر بڵاودەکەنەوە.. بەڵام خەیاڵیان خاوە چەقۆیان کول بووە، ئەوەندە دڵ ڕەشن هەر بەر پای خۆیان وەدی دەکەن. با ئەویشە بزانن دەوڵەت بەمە ڕاناوەستی، ئەوی بۆ زەویوزار پێویست بێ دەیکا، لە کودی کیمیاوییەوە بیگرە تا سەر ماشین ئالاتی کشتوکاڵ و پێکهێنانی پەیمانگای جۆراوجۆری کشتوکاڵ و بڵاوکردنەوەی شێوەی ڕاستەقینەی کشتوکاڵ و کۆمەڵگای جۆراوجۆر و قەرزی بانکی.

بانکێکی گەورە وا لە پێکهاتنە بەناوی «بانکی کشتوکاڵ» بۆ یارمەتیی جوتیاران سەدان کاروکردەوەی سوودبەخشتر. جا نامەوێت لەمە زیاتر درێژە بدەم بەباسەکەم و لەیرەدا دەیبڕمەوە.

کۆڕگێڕ دووبارە مایکرۆفۆنی بەدەستەوە گرت و وتی:

– گەلێک سوپاسی د. جەمشیدی دەکەم بۆ ئەو زانیارییانەی وا باسی کرد. ئێستاش دەروازەی لێدوان ئاواڵە دەکەین لە نێوان ئێوەی ئازیز و دکتۆردا بەشێوەی نووسین یانی هەرکەسێک پرسیارێکی هەیە لە پسوولەیەکدا دەینووسێت و بۆمان دێنێ. ئومێدەوارم پرسیارەکان بەستەگی ڕاستەوخۆی هەبێت بەباسەکەوە تکایە خاوەن پرسیار با ناوی خۆیشی لەسەر بنووسێت زۆری نەخایاند لە چەندلاوە پسووڵە بەدەست ڕوو بەکۆڕگێر کەوتنەڕێ.

ژیلا وتی:

– چی دەڵێی منیش پرسیارێکی بۆ بنووسم؟

فەلامەرز وتی:

– وەک چی؟

– چوزانم، مەسەلەن ترکتۆر و کۆمباین بەنرخی بازاڕی ڕەش

دەفرۆشنە جوتیاران یا بەنرخێکی کەمتر یا هەروا؟

– کی دەڵێت تراکتۆر و کۆمباین لە کوردا هەیە! مادام لات خۆشە پرسیار بکەی، پرسیار بکە زەویوزاری دەرەبەگەکان بەم ئاسانییە دابەش دەکەن. ئافەرینی دەوێ و شیاوە ئەی ئەو هەموو زەویوزاری بونیادی پەهلەوی بە چی؟ بۆچی مردن هەر بۆ دراوسێیە؟

– وەڵا خۆ دەینووسم. بەڵام پێم وانییە وەڵام بدەنەوە.

– زەرەری نییە.. وەڵامیان دایەوە، دایەنەوە؛ نەیاندایەوە نازانن کێ خاوەنی پرسیارەکەیە.

– یانی دەڵێی ناوی ڕاستەقینەم نەنووسم؟

– ئەلبەتە کە ناینووسی.

دووبارە کۆڕگێڕ هاتەوە قسە و وتی:

– لەبەر ئەوەی پرسیارەکان یەکجار زۆرن و کاتێکی زۆر دەخایەنن. جا پێشنیار دەکەم تەواوی ئەم پرسیارانە بخەینە کیسەیەکەوە و پێنج دانەیان هەڵبژێرین و وەڵامی هەر ئەو پێنج دانە بدەینەوە. پێتان چۆنە؟

وتیان:

– بەڵێ.

جا کێ دێت بۆ ئەیرا تا دەست بەکیسەکەدا کا؟ زۆرکەس دەستی بەرز کردەوە وتی:

– من.. بوو بەمن من من.. من هەر بەردەوام بوو کابرای کۆڕگێڕ پەنجەی بۆ کچێک درێژکرد لە پێشەوە دانیشتبوو وتی:

– وەرە..

کچە سەرکەوتە سەر شانۆ و بەنۆرە پێنج پسوولەی وەدەرهێنا و

دای بەدەست کۆڕگێڕەوە. کچە گەڕایەوە سەر جێگەی خۆی. کۆڕگێڕ وتی:

– من هەر پێنج پرسیارەکە دەخوێنمەوە د. جەمشیدی دەتوانێت دانە دانە وەڵامیان داتەوە.

یەکەم پرسیار

وەک گوێمان لە دکتۆر گرت دوو هەزار ساڵە وەزعی کشتوکاڵ بەشێوە پڕ لە خوێن و فرمێسک بەڕێگەوە چووە و پێشی زانراوە. باشە بۆ ئەم بڕیارە لە شەو و ڕۆژێکدا گەڵاڵە کراوە؟ ئایا لەسەر ئامۆژگاری دەوڵەتەکانی دەرەوە بوو مەبەستم ئەمریکای جیهان خۆرە یا هەستی نەتەوایەتی و دڵسۆزی؟

ڕەزا سادقی

پرسیاری دووهەم..

زەویوزاری دەرەبەگە گەورەکان دابەش دەکەن، مەرحەمەتتان زیاد! ئەی زەویوزاری بونیادی پەهلەوی چی خاوەنی سەرتاسەری شیمالی ئێرانە.. یا مەرگ و میر تەنها بۆ دەرو دراوسێیە؟

مەنیژەی ڕەهبەر

پرسیاری سێهەم..

من زۆرم حەز لە گەمەوگاڵتەیە؛ بەڵام ئاوا گاڵتەیەک نەک بمکەنێنێ، دەمگرێنێ. ئەوە دەڵێی لایەلایە بۆ منداڵان دەکەن. تۆبەی گورگ مەرگە؟

غولامحوسەینی عابدینی

پرسیاری چوارەم..

بانکی کشتوکاڵ پێک دێنن ئایا ئەو بانکەش دەبێتە ئاخوڕی دەست ڕۆیشتوان یا لە ڕاستیدا شتێکیش بەر جوتیاران دەکەوێ و دەستی ماندوویان دەگرێت؟

ئەشرەف سەلامەتیان

پرسیاری پێنجەم..
من نازانم مانای ئیستعماری ڕەش و سپی یانی چی؟
ئەساسەن ئیستعمار یانی چی؟

ڤیدا سوڵتانی

د. جەمشیدی کەوتە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانەوە سەرەتا ڕوو بەڕەزای سادقی کە لەناو دانیتشوانا نووقم بووبوو وتی :

– دەمەوێت بەبرای ئازیز ڕاگەیەنم کە بۆچی دەوڵەت وا درەنگ کەوتووەتە ئەم گۆڕانکارییە هۆی درەنگییەکەی نازانم، بەڵام لە هەرکوێدا بەری زەرەر و زیان بگیرێت سوودبەخشە بۆ هەمووان؛ بەڵام بەشی دووهەمی پرسیارەکەت بەتۆمەت دادەنێم.

دەربارەی پرسیارەکەی خانمی مەنیژەی ڕەهبەر دیارە باوەڕی بەوە نییە کە دەوڵەت ڕاست بێت لە گۆڕانکارییەکەیدا و بەچاوی گومانەوە دەڕوانێتە کودتاکەی شاهەنشاوە، تا ئەوێ من ئاگادارم تەواوی زەویوزاری بونیادی پەهلەویش دابەش دەکرێت بەسەر کۆمپانیا تازە پێکهێنراوەکانا. یەکێک هەڵسایە سەر پا و وتی:

– ببوورە قسەکانت دەبڕم ئەو کۆمپانیانەی نیازە پێک بێت دیسانەوە دەدرێنە دەست ئەو کەسانە وا بەدزییەوە لە دایک بوون و بەدزییەوە دەژین و بەسەر دەخەلییەوە ژیان دەگوزەرێنن یان سوود لە

توێژی ڕۆشنبیران و کارناسان دەبەن؟

تالار هەستایە سەر پا بوو بەچەپڵە لێدان هەم هەمە لەو چوارلاوە بەرزبویەوە.

کۆڕگێڕ چەندین جار وتی:

– تکایە.. تکایە بێدەنگی.. تکایە دانیشن.

قوتابیان هەستابوونە سەر پا تا دەبوو گاڵەوهەرا بەرزتر دەبوویەوە خەڵکەکە چاوەڕوانی وەڵامەکانی دی نەبوون و لە تالار چوونە دەرەوە.

# فەرهەنگۆک

کرند: شارێکی جوانکیلەیە بەسەر جادەی نێوان کرماشان و بەغداوەیە، ئیلاخێکی تەواوە. لە هاوینا پلەی گەرما لە ٣٠ نمرەی سانتیگراد ناڕواتە سەرەوە. تەواوی دانیشتووانی پەیڕەوی مەزهەبی ئەهلی حەقن.

مەنیتە: لەو دەچی.

چیەسە: ڕۆیشتووە.

ئەم گلە: ئەم جارە.

لەوەر: شینایی ئاژیل.

سوقان: پیشە.

دیرت: هەیەتی.

شکنمەی: دەیشکێنم.

ڕێژاو: دۆڵی ڕێژاو دارستانێکی چڕوپڕە مەزاری باوەیادگاری تیادایە، کەوتوەتە نێو دامێنی چیای داڵەهووەوە.. لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی.. کرماشاندایە.

تایفە: وشەیەکە بەپەیڕەوانی ئەهلی حەق دەوترێت.

نادرشاھ: دوای هێرشی ئەفغانییەکان بۆ سەر ئێران و داگیرکردنی پایتەختی دەسەڵاتی سەفەوییە لە سەردەمی شاھ سوڵتان حوسینی سەفەویدا.. نادرشاھ وردەوردە هەڵکەوت و لە شەڕ و شۆڕێکی زۆروزەبەنەدا توانیی هێزی ئەفغانییەکان لە ئێران ڕاوبنێ و تەواوی ملهوڕەکانی نێو ئێران سەرەتا بخاتە ژێر ڕکێف و پەرچەمی دەسەڵاتی دوا سوڵتانانی سەفەوییەوە و سەرئەنجام لە دەشتی موغان دا کارێکی وای کرد خەڵکەکە بەشای هەڵبژێرن و لەسەر تەختی شاهی دانیشت (کتاوی "نادرشاھ" نووسینی لیکھارت و وەرگێڕانی بەعارەوی خوسرەو جاف بخوێنەوە).

باوەیادگار: پیرێکە لە پیرەکانی پەیڕەوانی ئەهلی حەق مەزارگەی لە دۆڵ و

دەربەندی ڕێژاوی نێو چیاکانی داڵەهویە.

ڕیامە: تورانمە.

ڕەخش: بە پێی ڕووداوەکانی "شاهنامەی"ی فیردەوسی ڕۆسەمی زاڵ ئەسپێکی هەبووە بەناوی ڕەخش لە زۆر ڕووداودا هاتووەتە هانای ڕۆسەمەوە.

تەموورە: ئالەتێکی مۆسیقایە لە نێو ئەهلی حەقدا زۆربەی زۆری دەروێشەکانیان دەیژەنن.

شاڵ پۆش: بە برێک لە دەروێشە ناسراوەکانی نێو تایفە دەڵێن.

تەوزەرین: برێک لە دەروێشەکان ""تەوزین" هەڵدەگرن تەوزرین لە تەور دەچێت.

جامەسروود: برێک سروودی تایبەتی پەیڕەوانی ئەهلی حەقە.

سوڵتان ئیسحاق: یەکێکە لە پەیامبەرانی مەزهەبی ئەهلی حەق.

سەحنە: شارێکی کوردنشینە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی شاری کرماشانەوە.. زوربەی زۆری دانیشتووانی تایفەن.

تاقوسان: ئاسەوارێکی بەردینە لە دامێنی چیای بیستوندا لە باشووری شاری کرماشاندایە.

کرماشان: شارێکی کوردنشینە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدایە و زوربەی زۆری شیعەمەزهەون.

چالەمەیدان: گەڕەکێکە لە ناو شاری کرماشاندا لەوێڕا هەرچی کەللەشەق و شەڕفرۆش هەیە کۆدەبنەوە.

پەریبوڵندە: ئافرەتێکی خۆفرۆشی ناسراوی شاری کرماشانە.

ئەلواتی: خانم بازی.

داڵەهو: کۆمەڵە شاخێکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا لە ئوستانی کرماشان.

ئیلاتی: تیرە و عەشایەری.

گیرم: هاتوو.

ساواک: یانی سازمانی ئەمنییەتی ئێران سەردەمی شا یەکێک بوو لە گەورەترین و پڕپێچ و خەمترین دەستگای ئەمنییەت نەک تەنها لە نێو ئێرانا بەڵکوو لە سەرتاسەری جیهانا.

کریستال: جۆرێکە لە قاپ و قاجاخی شووشە زۆرتر دەوڵەمەندەکان بەکاری

دەبەن "کریستال" بۆ خۆی لە دونیادا جۆر و دەست کردی زۆرە، بەڵام لە هەموو بەناوبانگتر هی وڵاتی چیکوسلۆڤاکیای ئەو ساکەیە.

بوهیم: چاکترین نەوعی کریستالە.

ناسرووددین شاه: بە چوارهەمین شای زنجیرەی شاهەنشاهی قاجارییە ناسراوە.. تا بڵێی تەوحی بەلای ئافرەتەوە هەبووە و شاعیریش بووە.

سەفەوییە: سەرەتای زنجیرەی سەفەوی لە ساڵی "٩٠٥ هـ ق" دەستی پێکردووە، بەڵام لە ڕاستیدا شاه ئیسماعیلی یەکەم بەدامەزرێنەری ڕاستەقینەی دەناسرێت سەرەتا بەبنەماڵەیەکی ئایینیی سۆفیگەری دەناسران و "٢٤٠" ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە تا لە ساڵی "١١٣٥" لە لایەن ئەفغانەکانەوە پەلامار دەدریەن و ئەسفەهان داگیردەکرێت. لە بەشێکی کەمی ئێرانا دەسەڵاتیان بەدەستەوە دەمێنێتەوە سەرئەنجام لە ساڵی "١١٤٨" لە لایەن نادرشاه ڕیشەکەن دەکرێن.

لالە: بە چرایەکی شووشەیی دەڵێن برێکیان بەدیوارا هەڵواسرا و برێکی دییان لە ناو تاق و سەرمێزدا دادەنرێ و بەچرای بەرقی ئاوێنەداریش دەوترێ لالە.

هویدا: سەرەک وەزیری بەناوبانگی سەردەمی محمد ڕەزاشا لە لایەن جەهورییەتی ئیسلامییەوە وە خودی خەڵخاڵی تیرباران کرا.

ئیران نوین: حزبی حاکمی سەردەمی محمد ڕەزاشای ئێران.

کودتای سپی: گۆڕانکارییەک بوو شای ئێران کردی تا فشاری دونیای ئازاد و دیمکراسی بەسەرەوە کەم بێتەوە زەویوزاری دەربەگەکانی دابەش کردە سەر جوتیارانا.

قوزاق: سوپایەکی شەڕەئەنگێزی دوا دوایی دەسەڵاتی قاجاری بوو ڕەزاشا باوکی محمد ڕەزاشا ناسراو بوو بە"ڕەزاقوزاق" و سەرئەنجام خۆی کردە شا و دەسەڵاتی پەهلەوی بونیادنا.

لیدەر: سکرتێر و گەورە چاوساق.

مواشیر: سەرکار.. جاران دەربەگەکان بۆ هەر دێیەک چاوساقێکیان دادەنا و لە ڕێگەی ئەوەوە کاروباری دێ و موڵک بەڕێگەوە دەچوو.

ڕومانۆف: دوا بنەماڵەی پاشایەتی ڕووسیا بوو کە لە لایەن کۆمەنیستەکانەوە

کودتای ئوکتۆبەر تەواویان کوژران.

ئەبولهـول: بتـێکە بەلەش شـێـرە و بەسـەر مـرۆڤـە هـی سـەردەمـی دەسـەڵاتی فـیرعـەونەکانە زۆرتر وەک چاودێر لە گـۆڕسـتـاندا دادەنرا گـەورەتـرینیـان ئەوەیە کە لای ئەهرامەکاندا یەشتا هەر ماوە.

شمس ئاباد: گەڕەکێکە کەوتوەتە ڕۆژهەڵاتی شاری تارانەوە.

تۆنی دەنگ: پلەی دەنگ.

خۆش نووس: خەتات.

ئەسـفـەهـان: شـارێکی گـەورەی ئێـرانە و چەنـدین سـاڵ پایتـەخـتی دەسـەڵاتی سەفەوییەکان بووە.

برۆنز: مادەیەکە زۆرتر بۆ پەیکەرسازی سوودی لێ وەردەگیرێت.

خـورەم ئاباد: شـارێکی گـەورەی کـوردە کـە سـەرتاسـەری لوڕن بێـشـک "لۆڕ" ڕەگەزێکی پاک و خاوێنی کوردن "لوڕ کوردە یا لوڕە؟"ی خوسرەو جاف بخوێنەوە.

ڕەزاشـا: دەسـەڵاتی پەهلەوی پێک هێنا و لە لایەن دەسـەڵاتی ئینگلیـزەوە لە ئێران دوور خرایەوە و لە دەرەوەی ئێران مرد.

قـەدەم خـەیر: شـێـرەژنێکی لوڕ بوو دژ بەدەسـەڵاتی ڕەزاشـا دەسـتی بەچەک دا و سـەرئەنجـام خـۆی پێڕانـەگیـرا و ئاوارەی وڵاتان کرا و لە شـاری قزرەبات "سعدیە" بوو بەپەنابەری عبدلله بەگی کەیخوسرەو بەگی مەحموود پاشـای جاف سا ساڵ لەوێڕا مایەوە.

جەڵەب: ناباب.

ئاژانس: ڕێکخراو.

وردە برژوا: وردە برژوازی.

وردەمالیک: ئەو کەسانەی وا خاوەنی زەویوزارێکی کەمن.

پەهلـەوی: نێـوێکە ڕەزاشـا هەڵیـبـژارد بۆ نێـوی خـێـزانی و بنەمـاڵەی خـۆی. لە کاتێکدا ئەو ناوە هی بنەماڵەیەکی دی بوو ناچارکران دەستی لێ هەڵگرن.

هامون: ڕووبارێکە کەوتەوەتە ئاسیای ناوەڕاستەوە.

ئەشنو: ناوی جگەرەیەکی هەرزانی میللییە.

کەپشدان: بنمێچێکە بەسەر پلەوەیە کە دیوارەکانی لەسەر بانەوە قووت بوەتەوە.

شەوی: کراس.

بەلووج: میللەتێکن لە نێو میللەتەکانی ئێران کەوتەوەتە باشووری ڕۆژ هەڵاتی ئێرانەوە.

هیرۆئین: پۆدرەیەکە لە ڕوحی تریاک دروست دەکرێت و دەیکێشن.

نیاوەران: گەڕەکێکی دەوڵەمەندنشینی شاری تارانە.

ئەلبورز: چیایەکە شاری تاران لە دامێنیدا خۆی خەپکەداوە.

دریچە: فەتحە، لە دەر بچووکتر.

ڕیقو: لەڕ و لاواز و چەق و ڕەق.

بالکون: ڤیراندا. ئەو ئەندازەیە کە لە نهۆمی سەرەوە تەرخان دەکرێت زۆرتر بەدەم ژوورەکانەوەیە.

ئەسکەمیل: کورسی پائاسن.

ئارەش کەمانگیر: بە پێی داستانەکانی نێو شانامە بەتایبەت شەڕی نێوان ئێران و توران کەوتنە ئەو باوەڕەوە شەڕی نێوان ڕاگران و سنووری نێوان دوو دەسەڵات نیشان کەن ئارەش پاڵەوانێکی بەناوبانگی ئێران بوو.. بڕیاردرا ئارەش تیرێک بهاوێژێت لە هەرکوێڕا دای لە زەوی ئەوە بۆ خۆی سنووری ئێرانە جا بەو بۆنەیەوە ناونرا ئارەش کەمانگیر.

کڵاوشابو: شەبقە ڕەشەکان.

پەروێزیاحەقی: هونەرمەندێکی کەمان ژەنی بەناوبانگی شەست و حەفتاکانی دونیای هونەری ئاواز و مۆسیقای ئەو دەمە بوو. لە هەمان کاتدا هاوسەری "حومەیرا" ژنە گۆرانیبێژی ئێرانی بوو.

ڤیلۆن: کەمان.

حومەیرا: ژنێکی گۆرانیبێژی فرە جوانکیلە و دەنگ خۆشی حەفتاکانە و دوای لە ناوچوونی یاسای شایاتی لە ئێران بەرەو ئەمریکا کۆچی کرد و یەشتا هەر ماوە.

سموکینک: جلێکی تایبەتی شەونشینییە پیاوان لەبەری دەکەن.

جندەخانە: قەحپەخانە.

هەنگامە سروود: برێکە لە ئەشعاری مەزهەبی ئەهلی حەق.

بەدەڵ: نائەسڵ.

تەک نەواز: بە تەنها مۆسیقا ژەندەن.

چرووت: جۆرێکە لە جگەرە کە بەگەڵای تووتن پێچ دەدرێ بەناوبانگترینیان چرووتی "هاڤانای" وڵاتی کوبایە.

هاڤانا: پایتەختی کوبای کۆمەنیستە.

دەریای خەزەر: دەریای قەزوینیشی پێدەوترێ کەوتوەتە باکووری ئێرانەوە سنووری حەوت دەوڵەتی بەسەرەوەیە هەروەها بەگەورەترین دەریاچەی جیهان ناسراوە.

موفت: بەلاش.

جەیران: ئاسک.

چەریدە: لەوەڕاو.

پروپاگندە: دیعایە .

جێلی: جۆرێکە لە شرینی نەرمە و لەرزوک.

خەیام: شاعیر و حەکیم و فەیلەسووفی بەناوبانگ عومەر خەیام خاوەنی چوارینە بەناوبانگەکانە لە شاری نەیشاپووردا مەزارەکەی هەوراگەی شەیدایان و زیندوودڵانە. "کورد و خەیام نەناسین"ی خوسرەو جاف بخوێنەوە.

باروکە: قژی دروست کراو کەچەڵەکان یا ئافرەتە کەم مووەکان لە سەری دەکەن یا دادیاری برێک لە وڵاتە ئەوروپایەکان.

هیگل: فەیلەسووفێکی ئەوروپاییە.

پانسیۆن: ژوورێکە یا دووژوورە لە ساختمانێکدا دەدرێ بەکرێ بەنان و خواردن و خزمەتەوە.

عەباس ئاباد: گەڕەکێکی کۆنی نێو شاری تارانە.

ئاتلیلیە: دالانی شێوەکاری.

"T.B.T" کۆمپانیایەکی کەس بەرە لە ئێراندا لە نێو شارەکاندا لە هات و چودایە.

کاشان: شارێکی کۆنی نێو ئێرانە بەدووشت بەناوبانگە دوپشک و بێ دەرماڵی خەڵکەکەی کەوتووەتە دامێنی سارای کەویرەوە.

پیری طوس: بە فیردەوسی دەوترێ.

دیوەسپی: دیوێکی بەناوبانگی نێو ڕووداوەکانی شانامەی فیردەوسییە لە لایەن ڕۆستەمی زاڵەوە دەکوژرێت و کەلەکەشی دەکاتە کڵاوخۆزی خۆی و لە سەری دەکا.

ئەسفەندیار: یەکێکە لە قارەمانەکانی شاهنامەی فیردەوسییە لە لایەن ڕۆسەمی زاڵەوە هەردوو چاوی کوێربووە.

شانامە: لەلایەن فیردەوسییەوە نووسراوە بەیەکێک لە سەرمایەکانی ئەدەبیاتی جیهان دەژمردرێت.

ڕۆسەم: کەڵەقارەمانی داستانەکانی شاهنامەیە.

ئەسلامبول: گەڕەک و شەقامێکە لە ناو تارانا.

تۆپخانە: گۆڕەپانێکە لە ناو تاراندا کەوتەووەتە باشوورییەوە.

بەهەشتی زەهرا: گۆڕستانێکی گەورەیە لەلایەن دەسەڵاتی شاوە دروست کراوە.

ئەمبوڵانس: ئەو ماشینەیە وا نەخۆشی پێدەگویزرێتەوە.

قوم: شارێکی مەزهەبی ئێرانە مەعسومەی خوشکی ئیمام ڕەزای تیا نێژراوە.

سوهان: شرینییەکە شاری قوم بەوەش بەناوبانگە.

کولاژدم: دوپشک.

بۆرد: ڕاستە تەختەیەکە لە شێوەکاریدا سوودی لێ وەردەگیرێت.

مەعسومە: خوشکی ئیمام ڕەزایە و لە شاری قومدا نێژراوە.

مەشهەد: شارێکی مەزهەبی ترە لە ئێرانا کەوتەووەتە ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە و ئیمام ڕەزای تیا نێژراوە.

ترانزێت: تێپەڕبوون بەناو وڵاتێکدا.

گۆریلا: گەورە مەیموونێکی زل زەلامە.

ئەعزەم خان: یەکێک بووە لە دەسەڵات دارانی سەردەمی خۆی لە شاری کاشان دا ژیاوە.. خانووبەرەیەکی فرە نازداری سازاندووە.

باخیفین: باخێکی یەکجار مێژووییە یەکەم ئەمیر کەبیری تیا کوژراوە دووهەم بۆ خۆی تەواوی گۆشە و کەناری هونەری تیا وەدیدەکرێت.

ئەمیرکەبیر: سەرەک وەزیری خێرخوا و دوورئەندێشی سەردەمی ناسرەددین شاه

و هەروەها زاوایشی بەپاپیەچی "مهدالعلیا" بەفەرمانی ناسرەددین شا لە حەمامی باخیفیندا کوژرا.

مەهدعلیا: دایکی ناسرەددین شا بووە ئافرەتێکی بەدەسەڵاتی پامێەج بازی ململان کەر.. یەکێک لە کارە لە بیر نەچووەکانی گۆبەنی کوشتنی.. ئەمیر کەبیر کە زاوای بووە.

ئسکیەج: ئەو شێوە سەر دەستییانەن کە شێوەکار بۆ خوی دەیکێشیت بۆ کارێکی هونەری تا دەگاتە دوا بڕیار و ئەنجام.

قۆنگ: بەو کەسانەی دەڵێن درێژن و قەد و باڵایان خەمیدەگی لە پشت و گەردنیدا هەبێت بەتایبەت لە ڕێ کردنا.

لۆفە: بۆ بەرزە وڵاخ بەکاردەبرێت لە نێوانی ڕەوت و ڕادایە.

شینەشاهو: باڵندەیەکی گەورەیە لە خیزانا لەق لەق هەر وەک ئەو پا و دونکی درێژە.

گوڵستان: کۆشکێکی سەردەمی قاجارییە ئێستا مۆزەخانەیە لە شاری تارانا.. هەروەها یەکێکە لە نووسینەکانی سەعدی شیرازی.

بوستان: بەرهەمێکی ئەدەبی شێخی شیراز "سعدی" نەمرە.

سعدی: سەعدی شیرازی یەکێکە لە کەڵە شاعیران و حەکیمێکی ناسراوی سەردەمی خۆی بووە گۆڕەکەی مەزارگای عاشقانی ئەهلی دڵە.

حافز: شێخی شیراز مورشیدی تەواوی عاشقانی ڕێگای عشق و حەقیقەت مەزارەگەی لە شاری شیرازدایە.

گاوارە: ناوچەیەکی ئیلاخە کەوتەووەتە نێو زنجیرەی چیای "داڵەهو"وە دانیشتووانی پەیڕەوانی ئەهلی حەقن.

داڵەهو: زنجیرە چیایەکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دایە لە ئوستانی کرماشان بەسەر سنووری دوو دەوڵەتی عێراق و ئیرانەوەیە بڕێک لە لوتکە و نزارەکانی لە هاوینا بەفری لێ نابڕیت.

مەهاباد: شاری سابلاخی تێکۆشەر و ململان کەری هوارگەی قازی "پیشەوا"ی نەمر و پایتەختی جەمهوریەتی کوردستان.

گۆران: هۆزێکی گەورەی کوردە و پەیڕەوی مەزهەبی ئەهلی حەقن و لە ڕۆژئاوای

ئوستانی کرماشاندا دەژین.. هەروەها عەشایەری جاف بەغیری جاف دەڵێن گۆران یانی ئەوانەی شارنشینن، چونکە بۆ خۆیان تا پەنجا شەست ساڵ لەمەوبەر زۆربەیان کۆچەر بوونە.

پاتاق: ملە و گەردنەیەکە لە دەشتی زەهاو دەتەوێ بەرەو کرماشان بڕۆیت سەردەکەوی ئیتر تا شاری کرمانشان هەر ئەو بەرزاییە "پاتاق" بەپێی ڕووداوەکانی مێژوو شەڕوشۆڕێکی فراوانی تیا کراوە هەر لەبەر باری ئستراتیژییەکەی.

بەمۆ: زنجیرە چیایەکە لە بەشی ڕۆهەڵاتی ڕووباری سیروانەوەیە دەنوارێتە دەشتی گەرمیان و شیروانەدا هەمیشە پشت و پەنای کوردی لێقەوماو هەروەها هەوارگەی پێشمەرگەی کورد بووە.

شیخ سەلە: دێیەکی گەورەیە لە ناوچەی "زەهاو"دایە لە کوردوستانی ڕۆژهەڵات دا.

ئوردۆ: سوپا

تەڵەکە: خاوە سەندن بەبەڵگەی درۆینەوە.

پاپیەچ: گرفتار کردنی کەسێک بەناڕەوا.

شائەباد: شارێکی کوردنیشنە لە نێوان شاری کرماشان و کرند دایە ئێستا ناوی گۆڕاوە بەئیسلام ئاباد.

ئەرای: بۆ ئەوەی.

دق: مەراق.

وەیشەوە: بەم شەوە.

مەردوم: خەڵکی.

چە: چی.

زنوقە: تۆقیان.

توای: دەتەوا.

بووت: بووە.

سەربورە: پیاهەڵدان بەگریانەوە لە کاتی مردنا.

نەیشیت: نەڵێیت.

بییە: بووە.

خەمەتە: دەتخەمە.

ئەرا: بۆ.

دیرین: هەمانە.

نەفەر: کەس.

ئەتوار: ڕفتار.

چەس: چییە.

خەوەر: خەبەر، هەواڵ.

هێمان: یەشتا.

دووسۆ: دووسبەی.

مرت: دەمرێت.

چەنەچەن: چەقەچەق.

سەیبراکە: پەیام بەرێکی مەزهەبی ئەهلی حەقە.

شکنم: دەیشکێنم.

بیشە: بلێیس.

دزیایە: دزراوە.

ڕەپ: ڕەق.

وەی: گرفتاری، شەڕ.

چەواشەکردن: گومڕاکردن، هەپیەکردن.

قەیچی: مەقەس.

پاسگا: مەرکەز.

ئەڕا: بۆ.

زانن: دەزانن.

توای: دەتەوێ.

نفلە: لەناوچوون.

ئەیقەرە: ئەوەندە.

پەنەمیایە: پەنەماوە.

چمانە: دەڵێی.

بایەت: دەبێت.

ئەیجوری: ئاوەها.

نیەزانم: نازانم.

ڕەست: دەگا.

دیتەو: دەگەڕێتەوە.

شەوەکی: سبەینا.

خەڕگ: قوڕ.

لاک: لەش.

بیشم: بڵێم.

دزیایە: دزراوە.

ڕچ: شوێن پا.

نەوا: دەنگی موسیقا.

وەنەزەری من: بە ڕای من.

مەرد: پیاو.

بردنەسەی: بردوویانە.

بەد: خراو.

وەلی: بەڵام.

بڕەسین: بگەین.

پەتک: بەن و گوریسێکی پچڕپچڕی بەدەردنەخۆر.

شوخی: گاڵتە.

ئیشم: دەڵێم.

ئەرام: بۆم.

بارەی: بیهێنە.

چو: وەک.

وەلما: لەگەڵما.

فرە: زۆر.

ترسیەن: دەترسن.

کوشیمنەی: دەیکوژین.

وسیایە: وەستاوە.

حەڵەبی: تەنەکە.

بەتەی: دەیبا.

قەسرشرین: شارێکە لە کوردوستانی ڕۆژهەڵات دا نزیکە لە ناوچەی زەهاوەوە بەسەر سنووری عێراق و ئێرانەوەیە یەکێک بووە لە زستانە هەواری سەردەمی ساسانییەکان.

عەجەب: سەیرە.

بێئورزە: بودەڵە، هیچ لە دەست نەهاتوو.

خەفتیە: خەوتووە.

ئەژدیها: جانەوەرێکی ئەفسانەییە لە خێزانی مارە.

خواست: ویستی.

موازب: هوشیار.

جممە: جووڵە .

مەغز: مێشک.

شەوسو: سبەینێ.

زانت: دەزانێت.

تورابەخوا: توەوخوا.

بارانە: بیهێنە.

گازەرە: بڕبڕاکە.

فەرامین: ئەوامر.

هاوڕاتان: لەگەڵتان.

ئۆلۆسیس: یەکێکە لە قارەمانەکانی میتالۆژی یۆنان "ئودیسە و ئەلیازە" کە

لەلایەن هۆمیرۆسەوە دانراوە.

تەروادە: شەڕێکی دوورودرێژی ئەفسانەئامێز لە نێوان ئسپارتە و تەروادەدا ڕووی دا بەپێی داستانەکانی میتۆلۆژی یۆنان "ئۆدیسە و ئەلیازە" سەرئەنجام ئسپارتەپەکان کەوتنە فێڵێکی گەورەوە ئەسپێکی دارینیان بەئەندازە و قەبارەیەکی زل سازاند و بە جێیان هێلا و سواری کەشتیەکانیان بوون و بەناو گەڕانەوە تەروادەییەکان هاتن ئەسپەکەیان بردە نێو شارەوە.. سکی ئەسپ پڕبوو لە شەڕکەر شەوێ لە سکی ئەسپ هاتنە دەرەوە و دەرگای شورەی شاریان کردەوە و سوپای ئسپارتە شەوێ گەڕابوونەوە و چاوەڕوانی دەرگا ئاواڵە بوون.. هەرواش کرا و شاری تەروادە بەو شێوە داگیرکرا و سوتێنرا.

نەچیمن: نەڕۆین.

وەجەب: بنگۆس. ئەنگوس.

باد: بێت.

قورە: ناوهاتن بۆ سەربازێ.

ناکەس: نامەرد.

ناکەس بەچە: توخمە نامەرد.

سەرەتاتکێ: بە دزییەوە سەیرکردن، ناوناو سەیرکردن.

چویەسە: ڕۆیشتووەتە.

شمر: ئەو کەسەی سەری حەزرەتی حوسەینی بڕی.

کانیتوو: دێیەکە لەناو دۆڵ و دەربەندی چیاکانی داڵەهودا.

بیچارە: بەدبەخت.

دەخەڵباز: فێڵ باز، گەنەدەخەڵ.

ئایەم: ئینسان.

خەر: کەر.

توای: دەتەوێ.

دادوبێداد: هەی هاوار.

حەتم دیرم: لەوە دڵنیام.

ملاڵیەلم: منداڵەکانم.

ئیرنگە: ئێستا وا.

بردیەسەی: بردوویەتی.

بیەنەمەک: بێ تام و چێژ.

چەتە: یاخی.

وەل: لەگەڵ.

گام: هەنگاو.

میخ: بزمار.

چوو: وەک.

کێسک: لە کار گەورەتر و لە بزنیش کچکەتر.

پەز: مەڕ.

هیزە: پێستی ئاژیلە ڕۆنی تێی دەکرێت.

دیرم: هەمە.

چوارکڵاو: دێیەکە لە ناوچەی قۆرەتو نزیک بەسنووری عێراق و ئێران لە دامێنی چیای وشک و برینکی ترشاوەدا.

زوور: هێز.

زەڕ: زێڕ.

عەسەبانی: توڕە.

کەفینە: دەکەوینە.

خاسە: باشە.

چمە: دەڕۆم.

تیمەو: دێمەوە.

دیمەی: دێم.

دەردت لێم کەفیە: قەزات لێم کەوێ.

کێوی قاف: نێوێکە لە شانامەی فردەوسیدا هاتووە کەژ و کێوێکە هەوارگەی دیۆ و پەریانە.

نەڕە گەور: دێوی زل زەلامی عفریت.

یەک عدە: بڕکەیەک.

توان: دەیانەوا.

فەرمایش: وتن، ئەگەر نیشانەی پرسیاری بەدواوە بێت وەک "فەرمایش؟" چی دەفەرمووی وەلامێکی ئیعترازییە.

بەرزەقلا: ناوی دێیەکە لە کوردوستانی ڕۆژهەلاتدا.

غەیرەددین: بە تایفە و ئەهلی حەق دەلێن بەتایبەت لە لایەن دەمارگرژە سوونی مەزهەبەکانەوە.

چ حاجەت: چ نیاز.

لامەزو: لامەزهەب.

لورستان: ناوچەیەکی گەورەی بەربلاوە دوو ئوستانی ڕۆژئاوای ئێرانی داگیرکردووە.

هەمەدان: شارێکی ئیلاخە و لە سەرەتاوە بەئکپاتانا دەناسرا کە پایتەختی مادەکان بێت.

ئەوانگەل: دیۆ و درنج.

تەکیە: بە دیوەخانی سەید و شێخ و مشایەخ دەوترێت.

خەلیفە: چاوساقی شێخی تەریقەتە.

گشت: هەموو.

سیروان: ڕووباری سیروان.

ئیشک: چاودێر، حەرەس.

متەکا: پشتێ، سەرین.

هەمکە: زۆر.

قەومیایە: قەوماوە.

بنوڕن: سەیرکەن.

چاویەل: چاوەکانی.

پشی: پشیلە.

ناشتا: بەرچایی .

تەنورە: سوورِخواردنی گەردەلوول ئاسا.

گێژنگە: دەرگای ئەوسا کە دەکرایەوە و سووڕی دەخوارد لە بازنەدا بەوە دەوترا گێژەنگە.

خلسە: زکرێکی بێ دەنگ و ڕاز و نیاز لەگەڵ خوادا یا لەگەڵ خۆدا.

ویرد: دوعا.

خەفە: خنکاو.

تاران ڤیلا: گەڕەکێکی نێو شاری تارانە کەوتووتە ڕۆژئاوای شارەوە.

چەپ گەرا: کۆمەنیست.

تودەیی: حزبی شیوعی ئێران ناسراوە بەتودە.

دیکراسیۆن: ڕازانەوەی ناوی ساختمان.

قەڵای سەنگ باران: قەڵایەکە لە نێو داستانی "ئەمیر ئەرسەلان" دایە. بەرد دەبارێنێت.

هەزار فامیل: وا باوبوو دەوڵەتی شاهەنشاهی پەهلەوی بەتەواوی کاروبار و چاوساق و دەسەڵات دارانییەوە لە لایەن هەزار خێزانەوە دەبرا ڕێگەوە و چەپاویش دەکرا.

سەڵتەنەتی: ئەو شتانەی پۆ و پەیوەندی بەدەربار و دەستگای شاوە هەیە.

پرۆمیتۆس: یەکێک بوو لە خوا ئەفسانەیەکانی میتالۆژی یۆنان و بەزیوی کێوی "ئۆلپ" کە مرۆڤ دەبینێت وا پەریشانی سەرما و برسیەتی و لە ناوچوونە گریک ئاگر دەبەخشێتە مرۆڤ و فێری ئاگرکردنەوەیان دەکا.. ئەو کارە "زئۆس"ی خوای خوایانی پێ ئاڵۆز دەبێ و فەرمان دەدا لە کەژەکانی قەفقاسیادا بەسەر تەختە بەردێکەوە دەیبەسنەوە و هەموو ڕۆژێک دوبرایەکی گەورە و زەلام دێ سکی دەدڕێ و ناوسکی دەخوا و دووبارە خۆش دەبێتەوە و بەسبەینێدا هەمان کار و هەمان ئازار و ئێش.

زئۆس: لە میتالۆژی وڵاتی یۆناندا کێوی "ئولەمپ" هەوارگەی شوێنە ژیانی خواکان بووە لەوێڕا جیهانیان بردووە بەڕێگەوە بەسەرۆکایەتی "زئۆس" خوای خواکان.

دوبرا: باڵندەیەکی گۆشت خۆرە.

ڕۆڵ: دەور.

ڕستوران: چێشتخانە.

دەشبول: سنگی ناوەوەی ماشین.

وەنەک: گەڕەکێکی نێو شاری تارانە پڕە لە دار و درەخت.

شەقامی پەهلەوی: شەقامێکی دوور و درێژە لە شەمیرانەوە یانی لە دامێنی ئەلبورزەوە دەست پێ دەکا تا ناوەڕاستی شار.

تەجریش: گۆڕەپانێکە لە سەرەتای شەقامی پەهلەوییەوەیە خەڵکی تاران ئێواران لەبەر ئاو و هەواکەی خۆیانی پێدەگەیەنن.

سورینتۆ: ڕستورانێک بوو حەفتاکان لە شاری تاراندا هەوارگەی چینی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوو بەسەر شەقامی پەهلەویەوە بوو.

شەوبێدار: ئەوانەی لە شەودا نانوون.

گارسۆن: کرێکاری نێو ڕستوران.

مینو: کتاوچەیەکە نێوی تەواوی خواردەمەنی و نرخەکەی تیا نووسراوە بەتایبەت لە ڕستورانە ناسراوەکانا.

تیبون ئستیک: پارچە گوشتێکە لە لاشانی گا دەیبڕن و بەشێوەیەکی تایبەت دەیبرژێنن.

سەنتور: ئامیرێکی موسیقای کۆنی ئێرانییە.

خانچی: ئەوانەی وا بەرزە وڵاخ بەلای خۆیانەوە دەهێڵنەوە و دەپیارێزن تا گەڕانەوەی خاوەنەکەی.

مەغۆل: میللەتێکن لە مەغولستاندا دەژین دوای هێرشی جەنگیزخان بەرەو ڕۆژهەڵات و داگیرکردن و کوشتن و بڕین ناوباوێکی جیهانییان بەدەست هێنابوو دەسەڵات و تۆقیان.

کرمان: شارێکە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی باشووری ئێرانەوە.

قزل حەسار: بەندیخانەیەکی گەورە و بەربڵاوبوو لە دەشتی کەرەج دا بەندییەکانیان خستبووە گڕ، کار و کشتوکاڵ و کاری دەستیان تیا فێردەکردن و بەرهەمەکانیان دەفرۆشرا.

کۆنگرە: سەر گوڵتەی نەخش و نیگاردار.
یەخچال: سەلاجە.
بیسارانی: شاعیری دڵ ناسک و شیرین کەلامی ئەدەبی کوردی خاوەنی هەڵبەستی لە بیرنەچوو.
جوانڕۆ : ناوچەیەکە لە ئوستانی کرماشان و بەهەوارگەی سەرەکی هۆزی جاف دەژمێردرێت.
کۆز: ئەو جێگەیەی بەرخی تیا دەپارێزن.
تەشقەلە: گەر پیاکردن. گۆبەن.
کابارە: مەلها.
شکۆفەنەو: یەکێک بوو لە کابارە بەناوبانگەکانی سەردەمی شا.
ئەکبەری گولپایگانی: گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی حەفتاکانی دونیای بەزم و گۆرانی ئێران بوو.
ئەلکول: ئەو خواردنەوانەیە وا سەرخۆشی دێنن.
خانەخراو: بنەماڵەیەک بوون بەو ناوە لە دوومانگ دا چوار کەسیان بەڕووداوی جۆراوجۆر مردن.
میهراباد: فڕۆکەخانەی شاری تاران.
گڵگیری: پاک کردنەوە.
شەمیران: سەرەوەی شاری تاران بەبناری ئەلبورز دەوترێت.
ئاب عەلی: جێگەی پاخلیسکەکردنی سەر بەفر "ئەسکی بازی" کەوتووەتە نێو زنجیرە چیایەکی سارد و ئیلاخەوە لە سەردەمی شادا قومارخانەیەکی گەورەشی تیا بوو سەر بەبونیادی پەهلەوی.
بونیادی پەهلەوی: ڕێکخراوێک بوو تەواوی دارایی شای بەڕێگەوە دەبرد.
مونت کارلو : وڵاتێکی فیدرالیزمی ئەمیرنیشنە کەوتووەتە باشووری وڵاتی فەرانساوە تەواوی کاروباری ئابوورییان کەوتووەتە سەر گەشت و گوزار و قومار.
لاس ڤیگاس: شارێکە لە وڵاتی ئەمریکا جێگەی قومار و ڕابواردنە.
جەمیلە: کچە سەماکەرێکی حەفتاکانی ئێران بوو لە "سەمای عەرەبی"دا.

ئینرژی: هێز.

کلوپ: یانە.

کونتوار: پێش خوان.

موساد: دەستگای جاسوسیەتی ئیسرائیل.

پەیکان: وەک وشە یانی "تیر" بەلام جۆرێکە لە ماشین لە ئێراندا کۆمپانیای ئێران ناسیونال کۆیدەکردەوە بەناوی ماشینی پەیکان.

ئاتەشکا: ئاسەوارێکی سەردەمی ساسانییەکانە بەسنگی پاتاقەوەیە زۆرتر لە ئاگردان دەچێت.

قەلای شیروانە: قەلایەکی دوو نهۆمی قووللەدارە لە لایەن حەمە پاشای جافەوە لە ساڵی ١٨٢٧ وە دروست کراوە لە دەشتی گەرمیان و شیروانەدا.

کلۆم: کلیل دراو.

تولە: سەگی بچووک.

دەست وەردار نابێت: وازناهینیەت.

بەردەڕەش: چیایەکە کەوتووەتە سەرەوەی شاری پێنجوینەوە.

چەرموسوار: چیایەکە لە ڕۆژهەلاتی ڕووباری سیروانەوە.

خەر: کەر.

فەراری: ڕاکردوو.

شترکو: چیایەکە لە کوردوستانی ڕۆژهەلاتە.

لە ورسیا: لە برسا.

تویشە: نان هەڵگرتن.

مەرز: سنوور.

کلیکەمەو: دەینێرمەوە.

بەقوول: ڕاکەری توندوتێژ.

ئەیقەرە: ئەوەندە.

هەڵەپەڵە: عەجەلە.

شەکەتی: ماندووبوون.

تەلەف: لە ناوچوون.

سەورکە: سەبرکە.

ئیم یەک: تفەنگێک بوو بەو ناوە لە وڵاتی ئەمریکا دروست دەکرا.

ڕیەن: ڕان.

کەژماڵ: هێلانەوەی ڕان بەدەشت و دەرەوە بۆ چەن شەوێک بۆ لەوەڕ.

تڕن: تڕکەن.

قەڵخانی: هوزێکی گەورەی ئەهلی "حەق"ن فرە ئازاشن.

فڕدەم: هەڵیدەکەنم.

بەو: بێ.

بوەرەم: بمبە.

خویش: خزم.

گەزی شا: ئەندازەیەکە لە مەتر کەمترە.

پەرەیە لوم: جۆرێک بوو لە دەمانچە.

واران: باران.

ئەخل: ئەحە = ئەحمەد

بۆچی شەهری هرتە؟: بۆچی هەرکەس بۆ خۆیەتی؟

سوبحانە: ناشتا، بەرچایی.

بەنەیان: دەیانبەن.

شوخم: وەرد.

زەدەن: لێدان.

دەم ئاخر: سەرئەنجام.

فەردا: سبەی.

کومەک: یارمەتی.

منم: دەمێنمەوە.

بچۆ: بڕۆ.

نەداشتی: نەتبوو.

چەرموو: سپی.

بورد: مێزی نەخشەکەشی.

ڕیکورد: تەسجیل.

دیمس ڕسوس: گۆرانیبێژێکی جیهانییە بەنەژاد یۆنانییە.

پایپ: سەویل.

جیکەجیک: بۆ مریشک و پەلەوەر دەوترێت.

ئەتیکت: ئاداب و نەریەتی سەردەمانە.

ڕاپیت: ئەو پێنووسەی نەخشەی پێ دەکێشرێت.

بشکڵ: هی مەڕ و بزنە.

سەنێر: هی گا و گویرەکە.

تەرس: هی ئەسپ و هێستر و کەرە.

میراز: لێدان.

ستول: کورسی پشت مێزی نەخشەکێشان.

بلواری ئەلیزابیت: شەقامێک بوو بەو ناوە لە شاری تاراندا.

وەلیعەد: کوڕی شا.

سیمفۆنی: جۆرە موسیقایەکی ئەوروپاییە

بتهۆڤن: موسیقاژەنێکی ئەڵمانی بووە سیمفۆنییەکانی لە دونیای مۆسیقادا هەتاهەتاییە.

ئەنگوشتەر: ئەنگوسیلە، کلکەوانە.

ساحیب قەرانیە: گەڕەکێکی کۆنی نێو تارانە کۆشکی شایش لەوێدا هەر بەو ناوەیە.

ئەفخەمی: یەکێکە لە بنەماڵە کۆنەکانی ئێران و هەزار فامیل.

ئەعلەم: بنەماڵەیەکی دەست ڕۆیشتووی زەمانی شا بوو.

زرتەزەلام: پیاوی لەندەهور.

پرۆژە: بەرنامەیەکی داڕژێراو .

مودیرن: تازە بابەت.

ماکیت: نموونەی بچووکی ساختمان.

بروشور: چاپەمەنی برپیش پروژەو بەرنامە.

هەخامنشی: زەنجیرەی هەخامنشی لە لایەن کۆرشەوە بونیادنرا دوای ئەوەی توانی بەفێڵ دەسەڵاتی ماد کە لە دایکەوە باپیری بوون لە ناوبەرێت و ئیمپراتۆریەتی هەخامنش پێک بهێنن.

ساسانی: دوای لە ناوبردنی دەسەڵاتی ئەشکانی زەنجیرەی دەسەڵاتی ساسانییەکان دەست پێ دەکا.

مورەخەسی: ئیجازە، مۆڵەت

جەفەنگ: گاڵتە.

پارتی: ئاهەنگی تایبەتیی نێومالان.

زانکۆی میللی: زانکۆیەک بۆ قوتابیان پارەیان دەدا زۆرتر بووبووە هەوارگەی منداڵانی دەوڵەمەندی ئێران.

چلەوکەبابی یاس: بەناوبانگ ترین چلەوکەبابی لە هەفتاکاندا لە شاری تاراندا.

ئاوجوەی سیرۆس: ئاوجو فروشیەک بو بەرانبەر زانکۆی تاران تەنها ئاوجوی ڕەشی نیو بەرمیلی دەفروشت.

ئسماعیل رائین: نووسەرێکی بەناوبانگی ئێرانییە کتاوێکی نووسی دەربارەی ماسۆنییەکان لە کاتی خۆیدا گۆبەنی نایەوە.

شیراز: شاری حافز و سەعدییە.

گورجی: ئەوسا ئافرەتی گورجی لە نێو خولەفای ئیسلام و دەسەڵات داراندا باوێکی زۆری هەبوو.

کورجستان: وڵاتێکە لە ئاسیای ناوەڕاست کەوتووەتە سەر دەریای قەزوینەوە.

ئاغا محمد خان قاجار: دامەزرێنەری دەسەڵاتی قاجارییە.. لەلایەن دەسەڵاتی زەندیەکانەوە بەگەنجی دەستگیر دەکرێت و دەخەسێنرێت.

وزاق: ڕاپەڕین.

ئاوی هەواسان: ڕووبارێکە لە داڵەهووە سەرەوخوار دەبێ و لە ناوچەی مەیدان دا دەڕژێتە نێو سیروانەوە.

نەدیەسەی؟: نەت دیووە؟

سیغە: جووت بوون لەگەڵ ئافرەتدا بەشێوەیەکی کاتیی بەپێی مەزهەوی شیعە.

موبەد: پیر و چاوساقی ئاینیی زەردەشتی.

سەروان: ئەفسەری سا ئەستێرە.

ژاندارم: پۆلیسی دەرەوەی شار.

سایەبان: سێوەر پێک هێنەر.

قانگ: پەنگ خوارنەوەی دوکەڵ لە جێگەیەکی تەنگەبەریدا.

دیسکۆ: جێگەی سەما.

مارکەدار: بەرهەمی کارخانە ناسراوەکان.

مودێل: ئەو کەسەی ڕادەوەستی تا شێوەی لێ بکێشن.

گەورە مەئاب: گەورە ڕفتار.

خوا، شاە، وڵات: دروشمی سەردەمی محمد شای پەهلەوی بەنۆرە ڕێز و پاراستن لە خوا و شاھ و وڵات.

تالار: هۆڵی گەورە.

پڕۆفیسور هشترودیان: کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری ئێرانی بوو ساڵەکانی حەفتا.

ئەخوان ثالث: شاعیرێکی شیرین قەڵەم و شیرین کەلامی ئێرانی.

ئەحمەد شاملو: شاعیری بەناوبانگ و ململان کەری دژ بەهەرچی کۆن و کۆنەپەرستی.

خانلەری: شاعیرێکی ناسراوی ئێرانی.

میشیگان: ولایەتێکە لە وڵاتی ئەمریکا.

ئاڤێستا: کتاوی ئایینی زەردەشتییەکان.

مزدیەسنا: بەشێکی سەرەکییە لە کتاوی ئاڤێستا.

وندیداد: بەشێکی زۆرە لە کتاوی ئاڤێستا.

زەردەشت: پەیامبەر و دامەزرێنەری ئایینی زەردەشتی بووە کە ئیمانی بەخوای خێرو خوای شەڕ بووە. "ئاهورا مزدا – ئەهریمەن" و تا بەئەورۆ پەیڕەوانی ئەو ئاینە ماون.

ئاهورا مزدا: خوای خێر و بەرەکەت و شادمانیو ڕۆشنایی.

ئاریامـهـر: نـاو و ناتورێک بـوو شـا لە خـۆی نا کـە گـوایە پشت و پەنای مـیللەتە ئاریاییەکانە بەپەیمانی "الجزائر ١٩٧١" ڕسوای لای خوا و خەڵک بوو.

هیرودوت: مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی بەناوبانگە بەباوکی مێژوو.

پاریس: پایتەختی وڵاتی فەرانسە.

خشـایارشـاه: یەکێک بوو لە شـاکانی زنجیرەی هەخـامنشی هێرشی بردە سـەر وڵاتی یۆنان.

یۆنان: وڵاتی ئەسکەندەر و فەلاسیفەی قوڵایی مێژوو.

لیدی: دەوڵەتێکی دەوڵەمەندبوو لە تورکیای ئێستادا.

ئوپیرا: شـانۆییەکی گۆرانی ئامێزە داستانەکەی وتووێژەکانی بەشێوەی گۆرانی دەکرێت.

گرنفون: مێژوونووسێکی کۆنی یۆنانی و ئەو کەسەیە کتاوی گەڕانەوەی دە هەزار کەسی نووسیووە کە بەکوردوستاندا گوزەروان.

ئیکونۆمیک: ئابووری.

سوگرات: فەیلەسوفی بەناوبانکی یۆنانییە.

پەرەدایس: بەهەشت.

ماد: دەسەڵاتی پێش هەخامنشی و باپیرە گەورەی میللەتی کورد.

کاریز: چاڵاوی لە ژێرەوە بەیەکەوە پەیوەنددراو.

سـاسـانی: زنجـیـرەیەکن بەنەژاد کـورد گـەورەترین دەسـەڵاتیـان پێک هـانی دوای تەفروتوناکردنی زنجیرەی دەسەڵاتی ئەشکانی نزیکەی چوارسـەد سالْ لە حوکمـڕانیدا بـەردەوام بوون تا لەلایەن هێز و هێرشی ئیـسـلامـەوە لەناو چوون.

ئەمـەوی: زنجـیـرەی دەسـەڵاتی ئەمـەویـان لەلایەن مـعـاویەی کـوڕی سـوفـیـانەوە دامەزراو لەلایەن عەباسییەکانیشەوە لەناوچوون.

ئەمیرچویان: دەسـەڵاتدارێکی سـەردەمی مـەغـول بووە لە نێو ئێراندا وا باوە یەک سێهەمی تەواوی زەوی و زاری ئێرانی داگیرکردووە.

عـەباسی: دەسـەڵاتی زنجـیـرەی عـەباسـییـەکان لە لایەن ئەبوعـەباسی سـەفاحـەوە دامەزرا دوای لە ناوبردنی ئەمەوییەکان.

یاقوتی حەمەوی: مێژوونووسێکی عەرەبە.

حمەدللەی مستوفی: مێژوونووسە.

یبهەق: شارێکی ئێرانییە.

جوین: ناوچەیەکە لە نێو ئێرانا.

نەیشاپوور: شارێکە لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانا هەوارگەی مەزاری خەیامی نەمرە.

کۆد: بۆ بەهێزکردنی کشتوکاڵ بەکاردەبرێت.

کومباین: ماشین ئالاتێکە گەنم و جۆی پێ درەودەکەن.

جەنگ: شەڕ.

پەڵاس: جلوبەرگ.

کوشیام: کوژرام.

شەنگ: فیشەک.

تیرئەندازی: تەقەکردن.

نەکردمە: نەمکردووە.

سیب تفەنگ: قەلەوری یەکەمی تفەنگ.

بخەرەی: بیخە.

بەردە تەرام: بەردی تێژ.

داڵک خیز: دایک حیز.

برونە ژیر پایانەوە: بیروڕایان بگۆڕن.

سیاکەن: ڕەشیکەن.

نقی برِم: هەناسەی دەچنم، بێ دەنگی دەکەم.

گیرم: هاتوو.

چریگ: ژاندارمی غەیر نیزامی "نیوە جاش".

شکارەوان: نێچیرەوان.

قاڵ: هەرا.

گەن: خراو.

یە دەم: بۆ گۆرانی دەوترێت.

بچرە: بڵێ.

بیەدارە: وەخەوەرە.
دای دایە: ڕهێڵەی باران.
نەشنەفتم: نەمبیستووە.
جفتێ: جووتێک.
نیەفەهمم: تێناگەم.
نازەنینە: جوانە.
قاتی: تێکەڵ.
نەیرت: نیەتی.
درنی داوە: پەخش و بڵاوبووەتەوە.
ئەرتش: سوپا، لەشکر.
وەت: وتی.
دەمت گەرم: دەم خۆش.
زانستم: زانیم.
قەران: پارەی سەردەمی قاجاری.
کونار: درختچەیەکی دڕک دارە.
غەوزیبەغا: عەبدولقادری گەیلانی.
تولەک: مێردمنداڵ.
بن هەنگڵ: بن دەست.
مولحەق بوون: پەیوەندبوون.
مەبادا: نەکا.
باج: خاوە.
تەلەکە: باج سەندن بەبەڵگەی درۆ و ساختەوە.
عەشامات: خەڵکی زۆر.
قاوەڵتی: نانی نیوەڕۆ.
تەمیزی: خاوێنی.
پەلام: پەلامار.
یەخسیر: ئەسیر.